



لەساڵیادی لەدایکبوونی سیمبولی نەتەوەییماندا

# هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی ئێستامان لەناو ڕێبازی بارزانی دا

((بەوشێوەیە ڕەفتار بکە، وەک ئەوەی مامەڵەی مرۆڤایەتی لەناو کەسێتی خۆتدایەو لەناو کەسێتی هەموو کەسێکدایە وەک تۆ، هەروەها وای دابنێ کە مامەڵەی مرۆڤایەتی هەمووکات لەخودی خۆیدا ئامانجە، هەرگیز بەو جۆرە مامەڵە مەکە کە تەنیا هۆکارێکە)).

کانت



ئەمریکیەکان پەروەردەی کۆماری ئازادی ئەمریکان و پاراستنی ئازادیش پێویستی بەگێڕانەوەی شکۆ بۆ ئەو ئالأیە هەیە کە جۆرج واشنتۆن و باوکانی دیکەی دامەزرێنەری ئەمریکا هەتا ئەمرۆ نەوە دوای نەوە رایانگرتووە بۆ ئەوەی شەکاوەبێت و نەکەوێتە سەر زەوی



کاتێک فەرەنسیەکان دەگەرێنەوە بۆ مێژووی دیگۆڵ، بۆ ئەوە ناگەرێنەوە بچنەوە کۆماری چوارەم و جارێکی دیکە کۆماری پێنجەم رابگەیێننەوە، بەڵکو هەوڵدەدەن بەهەمان رێبازی دیگۆل کۆماری شەشەم بونیاد بنێنەوە

یادکردنـــەوەی ســـاڵیادی لەدایکبوونـــی ســـیمبولەکانی نەتەوە، یـــان وەك ئەوەی ئەمریکیـــەکان پێـــی دەڵێـــن باوکانـــی دامەزرێنەر، یـــان وەك تورك و هیندیەکان پێـــی دەڵین باوکی نەتـــەوە، یادکردنەوەی لەدایکبوونـــی کەســـێك نییـــە، بەڵکـــو یادکردنەوەی قۆناخێکی مێژووی نەتەوەیە، کە ئەو کەسە یان ئەو سیمبولە خاوەنی دوو مێـــژووە، مێژوویەك کە خۆی وەك تاك یان کەســـێك تێیدا ژیاوە، مێژوویەکی دیکە کە ئەو کەســـە یان ئەو تاکە، رۆڵی سەرەکی لەدروستکردنی مێژوویەکی دیکە گێڕاوە، کە ئەو مێژووە نوێیە، بەقۆناخێکی تازەی مێـــژووی نەتەوە دەژمێردرێـــت، بۆیە لەم روانگەیەوە ساڵیادی لەدایکبوونی باوکی نەتـــەوە یان ســـیمبولی نەتـــەوە، هێندەی بەراوردکردنە لەنێوان دوو مێژووی جیاوازی نەتـــەوە و هێندەی قووڵبوونەوە و رۆچوونە لەسەر چۆنیەتی رەفتارکردن و بڕیاردان بۆ دروستبوونی ئەو مێژووە نوێیە و بەردەوامی ئەو مێژووە، هێندە راوەســـتان و هەڵوەستە کردن نییە لەسەر خودی تاکە کەسەکە یان ئەو کەســـەی کە نازناوی باوکی نەتەوەی پێدەبەخشرێت، هەربۆیە نەتەوەکانی جیهان کاتێك ساڵیادی ســـیمبولەکانیان دەکەنەوە، لەسەر ئەو چەمکانە رادەوەستن کە مێژووی نوێی بونیادناوە و ژیانێکی باشتریان لەسەر ئەو چەمکانە بونیاد ناوە کە سیمبولی نەتەوە بۆی پراکتیزە کردوون، کەواتە ئەم دێرانەی لەم باســـەدا و لەســـالرۆژی لەدایکبوونی سیمبولی نەتەوەییمان دەینووسین، هێندەی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەیەکە لەماوەی نزیکەی ١١٠ ســـاڵی رابردوودا، هێنـــدە هەڵدانـــەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ژیانـــی مســـتەفا بارزانی نییـــە، بەڵکو دووبارە خوێندنەوە و هەڵوەستەکردنە لەسەر ئەو مێژووە و بەردەوامی ئەو مێژووە، هەر ئەمەشە مانایەکی جیاواز دەداتە ساڵیادی لەدایکبوون، وەك مێژوویەکی بەردەوام، کە بەردەوام پێویســـتی بەخوێندنەوەی نوێ و بەردەوام پێویستمان پێیەتی بۆئەوەی هەنگاو لەناو ئەو مێـــژووەوە بۆ ئاییندە هەڵبگرین،

**کاتێك دەگەڕێـنەوە بۆ ناو ئەو مێژووەی پێی دەڵێن مێژووی لەدایکبوونی سیمبولی نەتەوە یان باوکی نەتەوە، دەگەڕێـنەوە بۆ ناو ئەو مێژووەی کە ئیرادەیەکی بەرهەمهێناوە هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە**

ئەمە فێرمـــان دەکات چـــۆن ئەڵقەکانی مێژوو پێکەوە گرێبدەینەوە و چۆن لەناو ئەم مێژووەوە ئەڵقەی دیکە وەك بەردەوامییەك بۆ ئەو مێژووە دروســـت بکەیـــن، کەواتە یادکردنەوەی ساڵیادی لەدایکبوونی نەتەوە بەدیوێکـــدا گەڕانەوەیە بـــۆ ناو مێژووی نەتەوە، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە بۆ ئەوە نییە وەك رابردوو ئەو مێژووە بخوێنینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە لەو مێژووەوە ئێستا بخوێنینەوە، بەمانایەکی دیکە ئەگەر بۆنەی ساڵیادی لەدایکبوونی بارزانی مســـتەفا، گەڕانەوە بێـــت بۆ ناو رێبازی بارزانی بەو مانایەی گەڕانـــەوە بێت بـــۆ ناو ئـــەو چوارچێوە فیکرییـــەی توانـــی ئیمکانیەتـــی ئەو سەردەمی کۆمەڵگە لەقۆناخی بیرکردنەوە لەشۆڕشـــی ناوچەگەرییەوە بگۆڕێت بۆ شۆڕشی سەرتاسەری هەر چوار پارچەی کوردستان و بەشداری کردەیی لەدامەزراندن و بەرگری کردن لەکۆماری کوردســـتان و هەروەهـــا پەلو پۆ هاویشـــتنی ئەم رێبازە لەچواچێوەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆ بەشـــەکانی دیکەی کوردســـتان، ئەمە مانای ئەوەیە ئـــەو چوارچێوە فیکرییەی پێی دەڵێن(رێبازی بارزانی ) سەرچاوەیەکی فیکـــری دەوڵەمەند و گەنجینەیەکی لەبن نەهاتـــووی فیکریکە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان و رێکخســـتنی ژیانـــی کۆمەڵگە



هیندییەکان کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ گاندی بۆ ئەوە ناگەڕێنەوە لەسفرەوە دەست پێبکەنەوە، بەڵکو لەگاندیەوە ئەوە فێربوونە چۆن پشت بەخۆبەستن و پەنابردن بۆ ئەقڵی خۆماڵی هیندستانیەکان دەتوانێت شەڕی ئەمرۆ مەعریفە لەگەڵ جیهاندا بکات



گەڕانەوەمان بۆ مێژووی بارزانی و ڕێبازی بارزانی، هەوڵدانێکی دیکەیە بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ، بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی فیکری نوێیە لەخوێندنەوەی تازەی ئەو مێژووە و هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لەو دروشمە بەرزەی کە دەڵێت (کوردستان یان نەمان)

و دووبارە پێناسەکردنەوەی ئێستا وەك بناخەیەك بۆ بونیادنانی داهاتوو. ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات هەڵوەستە لەسەر ئەو مێژووە بکەین کە مستەفا بارزانی تێیدا بووە ڕێبەری نەتەوەو و ئەمڕۆ وەك باوکی نەتەوە ساڵیادی لەدایکبوونی دەکەینەوە، کە خودی ئەو مێژووە بۆتە بەشێك لەمێژووی نەتەوەیەك کە دەیەوێت لەچوارچێوەی ئەو مێژووەدا ڕۆژە پرشنگدارەکانی ئاییندەی ببینێت.

**مستەفا بارزانی وەك سیمبولی ئەخلاق و عەدالەت**

ئەگەر مرۆڤ وەك هەستکردن و پاڵنەری ئارەزووەکانی خۆی بەئەندامی جیهانی سروشت بزانێت و، وەك پێویستی ملکەچی

> **گەڕانەوە بۆ ئەم مێژووە بۆ ئەوەنییە لەخاڵێکدا ڕابوەستین و پێمان وابێت ئەم ئیرادەیە لەخاڵێکدا کۆتایی دێت. نەخێر گەڕانەوە بۆ ئەو مێژووە بۆ بەردەوامیدانە بەو ئیرادەیەی مێژووی نوێی نەتەوەی دروستکردووە**

یاساکانی سروشت بێت، بەو سیفەتەی یاساکانی سروشت کۆنترۆڵی ئەو جیهانەیان ڕاگرتووە، ئەوا هەمان مرۆڤ بەهۆی ئەقڵیەوە ئەندامی جیهانێکی ترە کە ئەویش جیهانی ماقووڵە، جیهانی ماقووڵیش واتە ئێمە هاووڵاتیانی وڵاتێکین دەمانەوێت بەبیرکردنەوە و ئەقڵمان ئەم وڵاتە ڕۆشن بکەینەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا تاکەکانی ئەم وڵاتە دەبنە هاووڵاتی لەوڵاتی ئامانجە ڕۆشنەکاندا، بۆیە لێرەوە ئەگەر ڕایەڵێك لەنێوان جیهانی سروشت و جیهانی ماقووڵ دروست بکەین، هەست دەکەین مرۆڤ بەتەجرەبە گەیشتۆتە ئەوەی یاساکانی سروشت بدۆزێتەوە و لەوە تێبگات چۆن ئەم یاسا سادە و گەورانە ڕێکخستنی سروشتیان ڕاگرتووە، بەهەمان شێوە هەر تەجرەبە مرۆڤی فێرکردووە کە بەڕەخنەگرتن لەئەقڵی خۆی (ئەقڵی بەتەنیای تیۆری و ئەقڵی پراکتیکی) کۆمەڵێك یاسا بۆ ڕێکخستنی ژیانی خۆی بەرهەم بێنێت کە ئەویش یاساکانی ئەخلاقە یان ئەو بنەما ئەخلاقیانەیە کە لەئەقڵدا بوونیان هەیە، بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت چۆن یاساکانی سروشت بەو سادەییەی خۆیان ئەو ڕێکخستنە گەورەیەی سروشتیان ڕێکخستووە، ئەوا بنەما سادەکانی ئەخلاقیش کە سەرچاوەکەی ئەقڵە و دەبێتە

بەرهەمهێنەری ئیرادەی خێر دەبێتە ئەو هێزەی وەك کانت دەڵێت: (ناتوانین هیچ شتێك لەم جیهانە بەشێوەیەکی ڕەها وەك خێر هەژمار بکەین، تەنیا ئیرادەی خێر نەبێت)، کەواتە ئیرادەی خێر کە دەکرێت وەك هێزی میتافیزیکی ئەخلاقی پێناسەی بکەین بۆئەوەی بتوانین کۆنترۆڵی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگەی پێبکەین و کۆمەڵگەی بەرەو کۆمەڵگەیەکی کامەران و خۆشگوزەران پێ بەرین، بۆیە لێرەوە ئەگەر سەرنج زیاتر لەسەر کاریگەری ئیرادەی خێر بدەین، هەست دەکەین، ئەم ئیرادەیە بەو مانایە پێی ناگوترێت خێر کە ئاکامی ئەو ئیرادەیە کاریگەری بۆ چەند کەسێك هەبووە، یان سەرکەوتنی بۆ

> **ئیرادەی خێر کەس ناتوانێت خاوەندارێتی بکات. یان کەس ناتوانێت بانگێشە بۆ ئەوە بکات کە ئەو خاوەنی ئیرادەی خێرە و بیروبۆچوونە جیاوازەکانی دیکە خاوەنی نین**



گرووپێك یان حزبێك بەدەست هێناوە، بەڵكو بەو مانایە پێــی دەگوترێت ئیرادەی خێر و بەخێر هەژمـــار دەكرێت، كە چۆنیەتی هەڵســـوڕان یان كارپێكردنی ئەو ئیرادەیە، لەبەرژەوەنــدی هەمـــوو ئەو خواســـت و ئارەزووانەدا بێت كـــە هەموو ئومێدی بۆ دەخوازین، لەمـــەش فراوانتر ئیرادەی خێر دەگاتە ئەو پێگەیەی كە ئەو ئومێدە بێت كە سەرجەم مرۆڤایەتی ئومێدی بۆ دەخوازێت، ئەم خوێندنەوەیە بەدیوێكی دیكە بەرەو ئەو ئاڕاســـتەیەمان دەبات بڵێین، ئیرادەی خێر كەس ناتوانێـــت خاوەنداریەتی بكات، یان كەس ناتوانێت بانگێشـــە بۆ ئەوە بكات كە ئـــەو خاوەنی ئیرادەی خێرە و بیروبۆچوونە جیاوازەكانـــی دیكە خاوەنـــی نین، بەڵكو ئیرادەی خێر مانـــای ئاكامی ڕەفتارە كە بنەما ئەخلاقیەكان چوارچێوەكەی دیاری دەكەن، لێرەوە ئەگەر بشمانەوێت ئەم مێژووە بەدیدێكی تاك لایەنی حزبێكی دیاریكراو یان بیروبۆچوونـــی نەتەوەیەكی دیاریكراو یان ئایینێكی دیاریكراو بخوێنینەوە، ئەوا لەكاتـــی ئەم خوێندنەوەیـــەدا هەتا ئەگەر وشـــەكانمان زۆر ڕەونـــەق و بریقەداریش بـــن، دەبنە ئەو ئاوریشـــمەی كە ڕەونەقی گەوهەرێكـــی بریقەدار دەشـــارنەوە، خۆ ئەگەر بێ ویژدانانەش بەچاوێكی ناحەزانە بمانەوێت ئەو ئیرادە خێرە ناشـــرین بكەین، ئەوا وەك ئەوەیـــە گەوهەرێك فڕێ بدەینە ناو قوڕەوە، بەڵام وەك وتوشـــیانە گەوهەر لەنـــاو قوڕدا ون نابێت، بۆیـــە كاتێك لەم چوارچێوەیەدا باسی بنەماكانی ئەخلاق و عەدالەت لەنـــاو ڕێبازی بارزانی دەكەین، دەمانەوێت ئەوە بەخوێنەری خۆمان بڵێین، ئـــەم ڕێبازە نە پێویســـتی بەوەیـــە پێیدا هەڵبڵێین، لەبەر ئەوەی لەباشترین حاڵەتدا و چەند پێداهەڵدانەكەمان بڕازێنینەوە، لەو ئاوریشمە زیاتر نابێت كە گەوهەرێكی پێ دەشـــاردرێتەوە، ئەگەر ڕەخنەشی لێبگرین لەو قوڕە زیاتر نابێت كە ناتوانێت ڕەونەقی گەوهەرەكە بشـــارێتەوە، بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت بەهای ئـــەو گەوهەرە لەناو خودی گەوهەرەكەدایـــە نـــە هیـــچ پیاهەڵدانێك دەتوانێت بەهای ئەو گەوهەرە زیاد بكات و نەهیچ ڕەخنەیەكیـــش دەتوانێت بەهای ئەو گەوهەرە كەمبكاتەوە، بەڵام كاركردن بەو ئیرادە خێرە فێری ئەزموونێكمان دەكات چۆن بنەمـــا ئەخلاقیـــەكان لەنێو ئەقڵدا دەدۆزینـــەوە و چۆن بنەمـــا ئەخلاقیەكان دەكەینە ئـــەو میتۆدەی مانای كامەرانی كۆمەڵگـــەی خۆمانی پێبدۆزینەوە، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناو ڕێبازەكە و پرسیار لەمێژووی مســـتەفا بارزانی بكەین چۆن ڕەفتارەكانی بوونە پرشنگی ئەو گەوهەرەی ئێستا پێی دەڵێن (ڕێبازی بارزانی)؟ ئەوا لەوەڵامـــدا دەڵێین پابەندبوونی مســـتەفا بارزانی بووە بۆ ئـــەو بنەما ئەخلاقیانەی لەنـــاو تەریقەتـــی بارزانـــدا عەدالەتی لەداكۆكیكردن لەنەمانی زوڵم و زۆرداری لەناو گەلی ماف خـــورا و زوڵم لێكراوی كوردســـتاندا، بەجیاوازی نەتەوەو ئایینەوە ڕاگەیاندبوو، هەربۆیـــە كاتێك لەتەمەنی لاوێتیدا شێخ ئەحمەدی بارزانی، مستەفا بارزانی ڕادەســـپێرێت بەفریای شۆڕشـــی باكوور و دواتریش بەفریای شۆڕشـــەكانی شێخ مەحمودی حەفید لەسلێمانی بكەوێت، بارزانی مســـتەفا وەك سەربازێك لەسەری

**ڕێبازی بارزانی پێمان دەڵێت یەكەم وێستگەی مێژووی ئازادی خەڵكی كوردستان لەكۆماری ئازادی كوردستانەوە دەست پێدەكات. لەو ساتەی هاووڵاتیانی كوردستان هەست دەكەن ئەندامی ئەو كۆمارە ئازادەن و ئەو كۆمارە ئازادە ڕەنگدانەوەی خواست و ویستی هەموو لایەكە**



ئەو بنەما ئەخلاقیانەی لەســـەر پەروەردە بووە بۆ هاوکاری براکانی لەســـلێمانی و باکوور هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەمەیە پێمان دەڵێت پڕشـــنگەکانی گەوهەری ئیرادەی خێر چۆنیەتی کارکـــردن و ڕەفتار کردنە بـــەو ئیرادەیـــە و چۆنیەتی مانـــا دانانە بـــەو ئیرادەیـــە، ئەگەر لەســـەر ئەم خاڵە هەڵوەستەی زیاتر بکەین، دەبینین چوونی مســـتەفا بارزانی بۆ هاوکاری باکوور و شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید، نەبوونە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ڕەفتارەی مستەفا بارزانی لەگەڵ خواستی گشـــتی و بەرژەوەندی گشتی گەلی کوردستاندا یەکدەگرێتەوە، ئەوا لەئێســـتا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەد ساڵ بەســـەر ئەو ڕووداوەدا، دەبینین پڕشـــنگەکانی ئـــەو ئیرادەیە ئێســـتامان بۆ ڕوونـــاك دەکاتـــەوە و خوێندنەوەیەکی تازەمـــان فێر دەکاتەوە کـــە ئەویش ئەوەیە ئیرادەی خێـــر بۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە نەك لێکیان جیابکاتەوە، بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم ڕێبازە تەنیا گەڕانەوەیەك نییە بۆ ئیرادەی شۆڕشگێڕی بۆ هەڵگیرســـانی شۆڕشـــێك بۆ لابردنی زوڵم و ســـتەم لەسەر ئاســـتی سیاسیی و بەس، بەڵکو شۆڕشـــێکی هەمەلایەن بووە و هەموو شۆڕشـــەکانیش لەیـــەك کاتدا پێکەوە دەســـتیان پێکردووە، هۆکاری سادە بۆ ئەمەش ئەوەبووە، لەبەر ئەوەی ڕێبازی بارزان، گەیشتن بووە بەوەی نابێت چیدیکە زوڵم و زۆرداری قبوڵ بکرێت و پێویســـتە ئەو مرۆڤانـــەی دوای ئەو ڕێبازە دەکەون هەســـت بەماناکانی ئازادی بکەن، بۆیە پێش ئـــەوەی ڕووبەڕووبوونـــەوە بەرامبەر زوڵـــم و ســـتەمی داگیرکەران دەســـتی پێبکرێت و ببێتە بنەمایەکی ئەخلاقی بۆ هەســـتی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەریی، هەوڵدراوە ئەم هەســـتە پاکـــەی نەتەوەیی و نیشـــتمانپەروەرییە لەنـــاو ژینگەیەکی

**مستەفا بارزانی، پێش هەمووان لەسەر ئاستی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەستی کرد کە شۆڕش بۆ ئازادی و بونیادی دیموکراتی بەبێ بەشداری خانمان و ئافرەتانی کوردستان سەرکەتوو نابێت، بۆیە لەساڵی ١٩٥٩ دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کرد**

عەدالەتەوە بێتەدەرەوە، بێگومان عەدالەت تەنیا لەنێـــوان پیاوەکاندا نا، بەڵکو لەنێوان ژن و پیـــاودا، هەروەها عەدالەت لەســـەر بنەمای پاراســـتنی ژینگە و پاراســـتنی جوانی سروشـــتی کوردستان، بۆیە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ ناو ئەو مێژووەی پێی دەڵێن مێژووی لەدایکبوونی سیمبولی نەتەوە یان باوکـــی نەتەوە، دەگەڕێینـــەوە بۆ ناو ئەو مێـــژووەی کە ئیرادەیەکـــی بەرهەمهێناوە هەموو بوارەکانی ژیـــان دەگرێتەوە، بەڵام ســـەرنجدان یان گەڕانەوە بۆ ئەم ئیرادەیە بـــۆ ئەوەنییـــە تەنیا لەناو ئـــەو مێژووەدا ئەم ئیرادەیـــە ڕەنگدانەوەی هەبێت، بەڵکو گەڕانـــەوە بۆ ناو ئەو مێـــژووە بۆ هێنانە دەرەوەی ئەو ئیرادەیەیە بۆئەوەی بزانین بۆ ئێستا ڕەنگدانەوەی چۆن دەبێت، هەروەها گەڕانەوە بۆ ناو ئەم مێژووە بۆ ئەوەنییە ئەم ئیرادەیە وەك پەیکەرێك سەیر بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەیـــە چۆن ئەم ئیرادەیەی ڕابردووی بونیاد ناوە ئێســـتا و ئاییندەشی پێ بونیاد دەنرێتەوە، هەروەها گەڕانەوە بۆ ئەم مێژووە بۆ ئەوەنییە لەخاڵێکدا ڕابوەســـتین و پێمان وابێت ئـــەم ئیرادەیە لەخاڵێکـــدا کۆتایی دێت، نەخێر گەڕانـــەوە بۆ ئەو مێژووە بۆ بەردەوامیدانـــە بەو ئیرادەیـــەی مێژووی نوێی نەتەوەی دروســـتکردووە، بۆیە هەتا ئەو مێـــژووە بەردەوامی هەبێت و خەڵکی

کوردستان خۆیان هەڵسوڕێنەری ئەو بەردەوامیە بن، ئەوا دەبێت ئەو ئیرادەیەش بەردەوامی هەبێت و نەوە لەدوای نەوە بەپێی ئیمکانیەتی سەردەم و چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی ئەو ئیمکانیەتانە مانایەکی تازە بەو ئیرادەیە ببەخشێتەوەو وەك سەرچاوەیەکی خێر، پرشنگی بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە بدرەوشێتەوە.

**مێژووی لەدایکبوون**

**مێژووی نەوەکانی ئێستا و ئایینده**

جوانی مێژووی لەدایکبوون، جوانی خوێندنەوەی مێژووە نەك گێڕانەوەی مێژوو، گەڕانەوەیە بۆ مێژوو بۆ خوێندنەوەی ئێستا و هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئایینده، نەك گێڕانەوەی ئێستا بۆ ڕابردوو، ئەمەش واتە بۆنەی ساڵیادی لەدایکبوون بەردەوامی مێژووە و گرێدانەوەی ئێستا بەڕابردوو، بەڵام ئەم گرێدانەوەی هاوتاکانی ئەڵقەکانی نێو زنجیرەی مێژوو نییە بەیەکتری، بەڵکو پیشاندانی جیاوازی نێوان ئەڵقەکانی یەك زنجیرەی مێژووە، بۆیە لەم خاڵەوە کاتێك فەرەنسیەکان دەگەڕێنەوە بۆ مێژووی دیگۆڵ، بۆ ئەوە ناگەڕێنەوە بچنەوە کۆماری چوارەم و جارێکی دیکە کۆماری پێنجەم ڕابگەیننەوە، بەڵکو جارێکی دیکە بەگیانی دیگۆل خوێندنەوەی ئێستایان بۆ داهاتووی فەرەنسا سەرلەنوێ کۆماری پێنجەم تازە دەکەنەوە یان هەوڵدەدەن بەهەمان ڕێبازی دیگۆل کۆماری شەشەم بونیاد بنێنەوە کە لەگەڵ واقیعی ئێستا و پێگەی شکۆی فەرەنسا لەجیهاندا بگونجێت، هیندییەکان کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ گاندی بۆ ئەوە ناگەڕێنەوە بۆئەوەی لەسفرەوە دەست پێبکەنەوە و هەموو ئابووری هیندستان بە بەرهەمهێنانی خۆیەوە ببەستنەوە، بەڵکو لەگاندیەوە ئەوە فێربوونە چۆن پشت بەخۆبەستن و پەنابردن بۆ ئەقڵی خۆماڵی هیندستانیەکان دەتوانێت شەڕی ئەمڕۆی مەعریفە لەگەڵ جیهاندا بکات، گاندی بەئینگلیزەکانی وت گەلی من توانای ئەوەی هەیە بەئیمکانیەت و توانای خۆی پێشبکەوێت، بۆیە دەبێت هیندییەکان ئەوە لەگاندیەوە فێربن، کە گەلی هیندستان خاوەنی ئیرادەیە و دەتوانێت وێڕای هەژاریەکەشی ئیرادەی خۆی پیشانی جیهان بدات، ئێستای ئەمریکیەکان کە لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستیان بەگەڕانەوەیە بۆ باوکانی دامەزرێنەر، هنتگتۆن گوتەنی پێویستیان بەوەیە هەیە لەخۆیان بپرسن: (ئێمە کێین؟ Who are we?)، پرسیار کردن بەوەی ئێمە کێین، بەو مانایە نییە کە ئەمریکیەکان لەهەموو مرۆڤایەتی زیاترن و دەبێت سەروەریی هەموو مرۆڤایەتی بن، بەڵکو بەو مانایەی ئەمریکیەکان پەروەردەی کۆماری ئازادی ئەمریکان و پاراستنی ئازادیش پێویستی بەگێڕانەوەی شکۆ بۆ ئەو ئاڵایە هەیە کە جۆرج واشنتۆن و باوکانی دیکەی دامەزرێنەری ئەمریکا هەتا ئەمڕۆ نەوە دوای نەوە ڕایانگرتووە بۆ ئەوەی شەکاوەبێت و نەکەوێتە سەر زەوی، بۆیە هنتگتۆن لەو کتێبەدا داوا لەئەمرکیەکان دەکات بگەڕێنەوە بۆ ژێر ئەو

**دامەزراندنی پارتی قۆناخێکی پێگەیشتووترە لەفیکری بارزانیدا، بەوەی پاراستنی ئازادی بەدیموکراتیەوە گرێدەداتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕێبازی بارزانی لەگەڵ دامەزراندنی پارتی پێمان دەڵێت ئازادی بەدیموکراتی دەپارێزرێت**

ئاڵایە و هەمووتان ئەو ئاڵایە بەدەستەوە بگرن، بۆ ئەوەی بەیەکڕیزی دژی تیرۆر بوەستنەوە، بۆ ئێمەش گەڕانەوەمان بۆ مێژووی بارزانی و ڕێبازی بارزانی، هەوڵدانێکی دیکەیە بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ، بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی فیکری نوێیە لەخوێندنەوەی تازەی ئەو مێژووە و هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لەو دروشمە بەرزەی کە دەڵێت (کوردستان یان نەمان)، هەر ئەمەش بووە هەوێنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و هەموو کوردستانیەکانی لەژێر چەتری ئەم دروشمە کۆکردەوە، بۆیە گەڕانەوەمان بۆ ئەم دروشمە هەڵوەستە کردنە لەسەر مانای کوردستان لەڕێبازی بارزانیدا، کە ئەویش مانای ئازادییە، بۆیە دروشمی کوردستان یان نەمان، دەقاو دەق واتە (ئازادی یان نەمان)، کەواتە ئەو کوردستانەی بارزانی نەمر باسی دەکات، مانای ئازادییە، بۆیە ئەگەر لەناو کوردستاندا ئازادی نەبوو ئەوە ژیان هیچ مانایەکی نییە، بەڵام ئەگەر ئەم هاوتاکردنەی کوردستان بەئازادی لەڕێبازی بارزانیدا زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکەین و بۆ ئێستا دووبارە بیکینەوە بەسەرچاوەی بیرکردنەوە و بنەمایەکی ئەخلاقی بۆ هەنگاو هەڵگرتنمان بۆ ئایینده، دەبینین، ماناکانی ئازادی لەڕێبازی بارزانیدا بەمجۆرە بووە:

١. پرسی دروست بوونی دەوڵەتی کوردستان دوا ئامانجی ڕێبازی بارزان بووە، بۆیە لەسەردەمی شێخ عەبدولسەلامی بارزانیەوە، دروستکردن یان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان یەکێك لەئامانجە سەرەکیەکانی ئەم ڕێبازە بووە، وێڕای ئەوەی ئەم ئامانجە هەتا ئێستا نەهاتۆتەدی، بەڵام ئیرادەی دروست بوونی دەوڵەتی کوردستان ئیرادەیەکی زیندووە و وەك بەڕێز مسعود بارزانی لەچەندین بۆنەدا ئاماژەی پێکردووە و لەدیمانەیەکی تایبەتیشدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (پشتیوان بەخوا ئەو ڕۆژە هەر دێت کورد بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات)، بۆیە ڕێبازی بارزانی پێمان دەڵێت یەکەم وێستگەی مێژووی ئازادی خەڵکی کوردستان لەکۆماری ئازادی کوردستانەوە دەست پێدەکات، لەو ساتەی هاووڵاتیانی کوردستان هەست دەکەن ئەندامی ئەو کۆمارە ئازادەن و ئەو کۆمارە ئازادە ڕەنگدانەوەی خواست و ویستی هەموو لایەکە.

٢. ئەم کۆمارە ئازادە بەئیرادەی خێر دروست دەبێت کە ڕەنگدانەوەی خواستی کۆدەنگی و یەکڕیزی سەرجەم تاك و گرووپ و حزبە سیاسییەکانی کوردستان بێت، بۆیە هەر لەسەر ئەم بنەمایە بارزانی نەمر لەدەسپێکی شۆڕشی دووەمی بارزاندا لیژنەی ئازادی وەك ڕەشماڵێك بۆ کۆکردنەوەی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان دروستکرد، ئەمەش پێمان دەڵێت بارزانی مستەفا لەیەکەم هەنگاویدا شۆڕشی بەمانای ئازادی بەکارهێناوە و سەرکردایەتی شۆڕشەکەی بەلیژنەی ئازادی ناوبردووە و کاری ئەو لیژنەیەش سەرکردایەتی هەوڵەکان بووە بۆ ئەو ئازادییەی کە ئامانجی شۆڕشەکەبووە، هەربۆیە دوای شۆڕشی دووەمی (بارزان)، ئەم لیژنەیە کارەکانی تەواو نابێت، بەڵکو دەچێت بۆ هاریکاری کۆماری کوردستان و پاراستن و ڕێکخستنی ئازادی لەو

کۆماره ساوایەدا، هەر ئەمەش بنەمای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بۆیە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت دامەزراندنی پارتی قۆناخێکی پێگەیشتووترە لەفیکری بارزانیدا، بەوەی پاراستنی ئازادی بەدیموکراتیەوە گرێدەداتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕێبازی بارزانی لەگەڵ دامەزراندنی پارتی پێمان دەڵێت ئازادی بەدیموکراتی دەپارێزرێت، بۆیە لەشێوازی دامەزراندنی پارتیدا، پێناسەی دیموکراتیمان بۆ دەکات و پێمان دەڵێت، دیموکراتی واتە دروستکردنی زەمینەیەك بۆ کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و هەروەها هاریکاری و هەماهەنگی خەڵك و کۆی بیروبۆچوونە جیاوازەکاندا، هەربۆیە ئەگەر سەیری دامەزراندنی پارتی بکەین لەسەر دەستی مستەفا بارزانی، پارتی هێندەی بەرەیەك بووە بۆ کۆکردنەوەی خەڵك و بیروبۆچوونە سیاسیە جیاوازەکان لەناو یەك بازنەدا، هەر ئەم ڕێکخستنەوەی کۆی تواناکانیش بوو کە توانی شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بکات و لەناو شۆڕشی ئەیلوویشدا، ڕەشماڵی شۆڕش و ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش زیاتر فراوان بوو بەئاستێك کە مەرج نەبووە ئەوەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بێت ئەندام یان هەواداری پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، بەڵکو بێجگە لەوەی خەڵکانێکی زۆر بێلایەن پێشمەرگە بوون، لەهەمانکاندا حزبەکانی دیکەش وەك حزبی شیوعی عێراق و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و لایەنی دیکەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوون ئەندامی حزبی دیکە بوون، هەروەها بەشێك لەداستان و سەروەرییەکانی شۆڕشی ئەیلوول چۆن پارتی دیموکراتی کوردستان شانازی پێوە دەکات، بەهەمان شێوە حزبەکانی دیکەش شانازی پێوە دەکەن و بەسەربەرزییەوە بەمێژووی خۆیانی لەقەڵەمدەدەن، بۆیە بۆ ئێستاش کە لەقۆناخێکی دیکەداین پێویستە ئەم ئەزموونە وەك شۆڕشی ئەیلوول هی هەمووومان بێت و هەموومان شانازی پێوە بکەین و هەمووشمان قوربانی بدەین بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە زیاتر سەرکەتوو بێت.

**٣.** بارزانی مستەفا ئایینی بەکۆڵەگەی کۆمەڵگە دەزانی و بەسەرچاوەی خواناسی و ئەخلاق لەکۆمەڵگە دایدەنا، بۆیە هەموو کات ڕێزی هەموو ئایینە جیاوازەکانی دەگرت و جیاوازی لەنێوان پێڕەوانی ئایینە جیاوازەکانی کوردستان نەدەکرد، لەمەش

**باربارا کارۆڵ فۆرێست:**

# باوکانی دامەزرێنەر وەک مەرجەع سەیر دەکەین و دەمانەوێت لێیانەوە فێربین چۆن هەنگاو بۆ ئاییندە هەڵبگرین

**پرۆفیسۆر باربارا فۆرێست ئوستادی فەلسەفەیە لەزانکۆی لیوسیاناو پسپۆر و تایبەتمەندە لەمێژووی ڕۆشنگەری و شۆڕشی ئەمریکا، بۆ قسەکردن سەبارەت بەگرنگی شۆڕش و ڕۆڵی باوکانی دامەزرێنەر لەژیانی نەتەوەدا، بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

ئێمەی هاووڵاتیانی ئەمریکی بەردەوام ئاوڕێك لەمێژوو دەدەینەوە بۆئەوەی بزانین «باوکانی دامەزرێنەر»مان چیانکردووە، بەواتایەکی دیکە سەیردەکەین بزانین چۆن کێشە و گرفتەکانیان خستۆتەڕوو لەگەڵ چۆنیەتی سەیرکردنیان بۆ دەستوور، ئێمە هەمیشە ئەوان وەکو مەرجەعێك دادەنێین بۆئەوەی بزانین چۆن لەئێستادا بڕیاربدەین، بۆ نموونە سەیری مێژوو دەکەین بۆئەوەی بزانین «تۆماس جیفرسۆن» و «جۆرج واشنتن» و «جەیمس مادیسۆن» چییان وتووە، لەسەر جیاکردنەوەی نێوان «کڵێسە» و «دەوڵەت» ...و تاد. کەواتە گەڕانەوەی بەردەوامی ئێمە بۆ سەیرکردنەوەی مێژوو، بۆ ئەوەیە ئەو مێژووە بۆمان ببێتە ڕێگە پیشاندەرێك و لەباوکانی دامەزرێنەرەوە فێربین چیان وتووە و چیان کردووە و چۆن بیریان کردووەتەوە لەکاتی نووسینەوەی دەستوور. بەڕای من سەبارەت بەبونیادی کۆمەڵگە بەپێی مێژووی کەسایەتیە نیشتمانییەکان بۆنموونە وەکو



«تۆماس جیفرسۆن» و «جۆرج واشنتن» ئەوە پێویستە ئاوڕێك بدەنەوە بۆئەوەی بزانن کەسایەتییە نیشتمانییەکانتان چییان وتووە و چییان کردووە لەڕووی پرەنسیپەکانیان، خۆشبەختانە، باوکانی دامەزرێنەرمان دەستوورێکیان نووسی کە بووە بنەمایەك بۆ بەکۆتاهێنانی کۆیلایەتی و ڕێچکەیان بۆمان فەراهەمکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، باوکانی دامەزرێنەر بەپێی سەردەمی ڕۆشەنگەریی ئەوروپا ڕەفتاریان دەکرد و ڕۆشەنگەریی ئەورووپاش پەیوەست بوو بەئازادی تاك و ئازادی ڕادەربڕین و هەروەها لەگەڵ ئازادی بۆ هاووڵاتیان بۆ ڕەخنەگرتن لەحکومەتەکانیان، پیادەکردنی ئەو لایەنانە بناغەیەکی زۆر گرنگ بوون بۆ وڵاتمان، بەڵام ئەگەر بهاتایە و وڵاتمان وڵاتێکی دیکە بوایە و باوکانی دامەزرێنەرمان کەسانێکی دیکە بوایەن بۆنموونە ئەگەر دەستوورێکی دیکەیان بنووسیبایە ئەوە نەماندەتوانی ئازادییەکان بەرز ڕابگرین یان ئازادییەکانی تاکەکان فەراهەم بکەین یانیش ڕەخنەکانی هاووڵاتیان ئاڕاستەی حکومەت بکەین، دڵنیام ئەوکات وڵاتێکی دیکەمان لێ دەردەچوو، هەربۆیە ئەگەر دامەزرێنەرەکانتان بناغەیەکی دروست و پتەویان بۆتان جێهێشتبێت ئەوە ئەوکات دەتوانن لەسەری بونیاد بنێن، بەڵام ئەگەر بناغەکە نادروست بوو ئەوە ناتوانن لەسەر بنەماکەی وڵات بونیاد بنێن. بۆیە لای ئێمە ڕۆژی سەربەخۆیی کە ٤ی تەمموزە، وابزانم «جۆن ئادەمز» بوو، بەڵام بەتەواوەتی دڵنیانیم، ٤ی تەمموز دەستنیشانکرا وەك ڕۆژی سەربەخۆیی بۆ ئەمریکا لە ئینگلتەرا و بایەخی ئەم جەژنە لەوەدایە کە ئەمریکییەکان ئازادبوونمان لەبەرچاوبگرن لەبەرئەوەی ٤ی تەمموز سیمبوڵێکە بۆ ئەو ئازادییەی کە وەدەستمانهێنا پاش ڕاگەیاندنی سەربەخۆییمان لە بەریتانیای مەزن دوای ئەوەی لەگەڵی جەنگمان کرد لەپێناو وەدەستهێنانی ئازادی و خۆڕزگارکردن لەنفوزی ئینگلتەرا، بۆیە ٤ی تەمموز جەژنێکی زۆر گرنگە و ئەو ڕۆژەیە کە تیایدا وڵاتەکە زیاتر یەکگرتوو دەبێت، هەروەها ئەم ڕۆژە لە فەڕەنسایش چەژنێکی زۆر گرنگە، بەڕای من بایەخی ڕۆژی ٤ی تەمموز بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە سیمبوڵێکە بۆ سەرفرازبوونی هاووڵاتیانی ئاسایی لەحوکمی پادشایەتی و ئەو ڕۆژەیە کە تیایدا هاووڵاتیان دەستیانکرد بەخودحوکمڕانی، ئێمە پادشا-مان نییە بەڵام «جۆرج دەبلیو بۆش» خراپترین سەرۆکە لەمێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هۆکاری ڕەفتارە هەڵەکانی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە وەکو پادشایەك ڕەفتاری دەکرد و خۆی لەسەرووی یاسا-وە دەزانی، لەبەرئەوەی ئێمەی ئەمریکی دەستوورمان هەیە هەربۆیەیش توانیمان لەڕێگەی سەندووقەکانی دەنگدان دەریبکەین، توانیمان بەڕێگەچارەی ئاشتییانە دەریبکەین و پێموایە ئەوە ئەو شتەیە کە هاووڵاتییە ئەمریکییەکان لە٤ی تەممووزدا بیری لێ دەکەنەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئێمە خۆمان حوکم دەکەین – بەشێوەیەکی تەواو و ڕەها نا، بەڵام خۆمان حوکم دەکەین – ئێمەیش پادشامان نییە و ئەگەر هات و هەر سەرۆکێکمان وەکو پادشایەك ڕەفتاری کرد، ئەوکات لەڕێگەی دەنگدان دەریدەکەین.

گرنگتر لەبەر ئەوەی بەشی زۆری خەڵکی کوردستان موسوڵمانە و بۆئەوەی زانایانی ئایینی کوردستان بتوانن بەباشترین شێوە ڕۆڵی خۆیان لەبوارەکانی کۆمەڵگە بگێڕن، بارزانی مستەفا وەك دەستپێشخەریەك بۆ یەکەمین جار لەمێژووی کوردستاندا، یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانی دروستکرد، دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بۆ زانایانی ئایینی ئیسلام، ئاماژە بوو بۆ پێگەو مەقامی زانایانی ئایینی لەکۆمەڵگەی کوردستان و پیشاندانی ئەوەبوو کە پێگە و مەقامی زانایانی ئیسلامی بۆ دروستکردنی بنەمایەکی ئەخلاقی لەکوردستاندا هەنگاوێکی گرنگە بۆ هێشتنەوەی ئەو پێگە و مەقامە و تێکەڵنەکردنی بووە لەگەڵ سیاسەتدا.

٤. بارزانی مستەفا، پێش هەمووان لەسەر ئاستی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەستی کرد کە شۆڕش بۆ ئازادی و بونیادی دیموکراتی بەبێ بەشداری خانمان و ئافرەتانی کوردستان سەرکەتوو نابێت، بۆیە لەساڵی ١٩٥٩ و لەگەڵ گەڕانەوەی لەسۆڤیەتی پێشانەوە بۆ کوردستان دەستپێشخەری کرد بۆ دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە تەنیا بۆ ئەوە نەبوو پیشانبدرێت ئافرەت بایەخی پێدەدرێت، بەڵکو بۆ ئەوەبوو کە ئافرەت بچێتە سەرکردایەتی پارتی و بەشدار بێت لەدەرکردنی بڕیارەکاندا، بۆ ئێستامان لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی ئافرەت و خانمانی کوردستان لەسەرکردایەتی پارتی و پەرلەمان زیادی کردووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەحکومەتدا هێشتا کەمە و پێویستی بە چاوپێداخشانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی خانمان و ئافرەتانی کوردستان لەوە زیاترن بە وەزارەتێك یان دووان لەحکومەتدا بەشداری بکەن.

٥. بارزانی مستەفا لەگەڵ ئەوە نەبوو لاوان و قوتابیان ڕاستەوخۆ پێوەندی بەحزبەوە بکەن و وەك کادری حزب پەیڕەو و پرۆگرامی حزبێکی دیاریکراو (با ئەو حزبەش پارتی دیموکراتی کوردستان بێت) پەروەردە بن، بۆیە هەر زوو بیر لەوە کرایەوە یەکێتی قوتابیان و لاوان و لەتاراوگەش کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بونیان هەبێت، ئامانج لەم هەنگاوانە تەنیا بۆ ئەوەنەبوو لاوان و قوتابیان بەڕێگەی ناڕاستەوخۆ بکرێنە پارتی، بەڵکو ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان، وێستگەی پەروەردەی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بووە بۆ هەموو لاوەکان، بۆئەوەی فراوانتر لەکادرێکی حزب بیر بکەنەوە و بەردەوام ئەم خوێنە تازەیە بڕژێتە ناو پارتیەوە بۆ ئەوەی پارتی بەرەو حزبێکی ئایدیۆلۆژی داخراو هەنگاو هەڵنەگرێت، ئەمانەشی بەسەری ڕمی هەموو شۆڕش و ڕاپەرینێك دانابوو، بۆیە ئەگەر ئەم لایەنەش خوێندنەوەی بۆ بکەین، بارزانی مستەفا، دروست بوونی گیانی شۆڕش و ڕاپەرین بەجۆشدانی گیانی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری گرێداوەتەوە نەك بەگیانی جۆشدانی حزبایەتی و بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی، بۆ ئێستا لەهەموو کاتێك زیاتر لاوەکانمان پێویستیان

**مستەفا بارزانی**
**شەرعیەتی شۆڕشگێڕی**
**بەکارهێنا بۆ دامەزراندنی**
**دادگای باڵای شۆڕش**
**وەك بەرزترین دەسەڵات و**
**بەرزترین مەرجەع**
**لەناوچە ئازادکراوەکاندا**
**بۆئەوەی کاروباری**
**خەڵك بەیاسا**
**ڕێکبخرێت**

بەو بازنەیە هەیە کە دوور لەکاریگەری و ئایدلۆژیەتی حزبە سیاسییەکان بەچاوێکی گەش سەیری ئایینەدەی ئەو وڵاتە بکەن کە خۆیان سبەی سەرکردایەتی دەکەن.

٦. بارزانی مستەفا، یاسا و سەروەریی یاسای بەکۆڵەگەی هەموو پێشکەوتنێك و سەرکەوتنێك و سەقامگیری و ئاشتی کۆمەڵایەتی لەقەڵەمدەدا، ئەو بەوجۆرە سەیری یاسایی دەکرد، بۆیە وێڕای بایەخدانی بەهەموو چین و توێژەکان و هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی بنەمای ئەخلاقی و عەدالەت لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا، ئەمانەی گرێنەدابووەوە بەئیرادەی شۆڕشگێڕی یان دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی و شەرعیەتی شۆڕشگێڕییەوە، بەڵکو شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بەکار هێنا بۆ دامەزراندنی دادگای باڵای شۆڕش وەك بەرزترین دەسەڵات و بەرزترین مەرجەع لەناوچە ئازادکراوەکاندا بۆ ئەوەی کاروباری خەڵك بەیاسا ڕێکبخرێت، سەرۆکایەتی ئەم دادگایەشی بەپارێزەر و پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلول سپاردبوو کە برایەکی کریستیان بووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە لەناو شۆڕشدا مانای هاووڵاتیبوون بەمانای وشە جێبەجێ کراوە و جیاوازی لەگەڵ ئەوە نەکراوە ئەمە کوردە و ئەو کلد و ئاشورییە یان موسوڵمانە یان کریستیانە، هەروەها ئەمە مانای ئەوەیە کە بارزانی مستەفا مەبەستی بووە بەکردەیی یاسا سەروەر بێت بۆیە بەو برا کریستیانەی سپاردووە، بۆئەوەی هەمووان لەبەردەم یاسا یەکسان بن و بەسەر هەمووانیدا وەك یەك جێبەجێ بکرێت، ئایا چی لەم وانەیە بەسوودترە کە لەڕێبازی بارزانیەوە فێری دەبین، دەبێت هەموو ئیرادەیەك بۆ یاسا بگەڕێتەوە و هەموومان لەخوار سەروەریی یاساییەوە ڕەفتار بکەین و هەنگاو بۆ ئایندە هەڵبگرین.

### مەملەکەتی هیواو ئامانجەکان لەناو ڕێبازی بارزانیدا

ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول شتێکی ئەوتۆی لەو ناوچانە کەمتر نەبووە کە ئێستا بەناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوزەد دەکرێت، ڕاستە ئێستا ناوەندی سێ شارە گەورەکەی هەولێر و سلێمانی و دهۆك لەبەردەستی حکومەتی هەرێمن و لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا ناوەندی شارە گەورەکان لەبەر دەستی شۆڕش نەبوون، بەڵام ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش زۆر شوێنی دەگرتەوە کە ئێستا بەناوچەی دابڕێنراو لەحکومەتی هەرێمی کوردستان لەقەڵەم دەدرێن، بۆیە لێرەدا ئەگەر مەبەست لەم ئاماژەیە بەراوردکردنیش نەبێت، ئەوا مەبەست پیشاندانی فراوانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بوو لەزاخۆ تا خانەقین، لەم ناوچە بەرفراوانەدا، کە نەتەنیا گەمارۆی ئابووری لەسەر ئەو ناوچانە هەبووە، لەهەمانکاتدا ئاسمانی ئەو ناوچانەش هەموو کات ئاسمانێکی کراوە بوون بۆ هاتنی مەترسی لەپڕ و لەناکاو بەڕێگەی تۆپ و تەیارە، بەڵام ئەوەی لەناو ئەو مەملەکەتە لەسەر ئەرزی واقیع دەبینراو هەستی پێدەکرا، دوو مەسەلەبوو، یەکەمیان ئەو مەسەلانەی کە بوونە توخمی ناو مەملەکەتی شۆڕش، دووەم ئەو مەسەلانەی بوونە توخمی دەرەوەی ناوچەکانی ئەو

مەملەکەتە، ئەمەش واتە بەردەوام هێزێکی دەرەکی سەربازی و ئابووری لەهەوڵداندا بووە بۆئەوەی بارودۆخی ئەو ناوچانە تێکبدات و سەقامگیری کۆمەڵایەتی تێدا بشێوێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ئیرادەیەی ئیدارەی ئەو ناوچانەی هەڵدەسووڕان، نەك توانای هەبوو بەربەرچی ئەو توخمە نامۆ و دەرکیانە بداتەوە، بەڵکو جۆرێك لەسەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی لەو ناوچانە دروست کردبوو، کە خەڵك هەستی بەئارامی و ئاسوودەیی و دڵنیایی دەکرد، بێگومان ئەم ئارامی و دڵنیاییە هۆکارەکەی ئەوەنەبوو کە خەڵك هەمووی پارتی بووە و لەبەر ئەوەی بیروبۆچوونی جیاواز نەبووە بۆیە ئەم ئارامی و سەقامگیرییە بوونی هەبووە، نەخێر لەناو شۆڕشی ئەیلولدا نەك تەنیا بیروبۆچوونی جیاواز وەك گرووپ و حزبی سیاسیی بوونی هەبووە، بەڵکو بیرکردنەوەی جیاوازیش بوونی هەبووە، چەندین ڕێکخراوی سەربەخۆش وەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە بوونی هەبووە، بەڵام وەك ئەو خەڵکانەی لەو سەردەمەدا ژیاون بۆمان دەگێڕنەوە لەناو ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا بەئاستێك هەست بەدادپەروەری و سەقامگیری و ئاشتی کۆمەڵایەتی کراوە، وەك دەڵێن ئەگەر بارێك زێڕت لەزاخۆوە ببردیایە بۆ خانەقین ترسی ئەوە نەبووە کەس دەستدرێژیت بکاتە سەر، لەسەر ئاستی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیش بێجگە لەوەی دادگا و یاساکان کاری خۆیان کردووە، لەهەمانکاتدا لەبەر ئەوەشی بنەمایەکی ئەخلاقی پتەو لەناو کۆمەڵگە ڕەگی داکوتابوو، زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان بەئاسانی چارەسەر دەکران و یاسا یەکلایی دەکردنەوە.

کەواتە ئەو ناوچە ئازادکراوانەی شۆڕش کە ئێستاش خەڵك شاهیدی بۆ دەدات، بەڕێوەبردنی پێوەندی بەئیمکانیەتی ئەو سەردەمەی شۆڕشەوە نەبووە، لەبەر ئەوەی شۆڕش نەك هەر ئیمکانیەتی نەبوو خۆی بەڕێوەبەرێت، بەڵکو خەڵك بەزەکات پێشمەرگەی بەخێو دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیرادەیەکی خێر هەبوو هەمووخواست و ئاواتەکانی کۆکردبۆوە، ئەوا ئەم ئیرادە خێرە هیوایەکی لەناخی هەمووانداد دروست کردبوو، کە شایستەی ئەوەیە پێی بگوترێت مەملەکەتی هیوا و ئامانجەکان لەناو ڕێبازی بارزانیدا.

دەیڤد ئێن گیبز:


# یادکرنەوەی سیمبولی نەتەوە هەوڵێکە بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژوو و هەڵسەنگاندنی لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی

پرۆفیسۆر دەیڤد گیبز ئوستادی مێژووە لەزانکۆی ئەریزۆنا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر زانستی سیاسەت و پسپۆرە لەسیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆقسەکردن سەبارەت بەخوێندنەوەی مێژوو دووبارە سوود وەرگرتنەوە لەمێژوو ڕۆڵی سیمبۆلەکان لەدروستکردنی مێژوودا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:



یادکرنەوەی سیمبولی نەتەوە جۆرێکە لەدووبارە تێگەیشتن بۆ مێژوو و بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکان و دەستنیشانکردنی، بۆیە پێویستە ڕاستییە مێژووییەکان بڵاوبکرێنەوە، بۆنموونە لەکتێب بنووسرێتەوە و لەقوتابخانەکان بخوێندرێت، وڵاتەکان هەمیشە هەوڵیانداوە لەڕێگەی سیمبولەکان جیاوازییەکان پێکەوە کۆبکەنەوە، ئێمە توانیمان ئەم شتە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەدیبێنین، بەڵام یەکگرتنەکەمان بەو ئاستە نییە و تارادەیەك جیاوازی لەنێوانماندا هەیە، هەڵبەتە هیندستان جیاوازیی هەرێمی و ئایینی تێدا هەیە، وابزانم فەرەنسا لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە جیاوازیی هەیە لەنێوان باڵی ڕاست و باڵی چەپ بەهۆی پارتی کۆمەنیست کە پارتێکی بەرفراوانە و پاش جەنگی جیهانی دووەم درووستبوو، بۆیە وڵاتەکان هەوڵدەدەن ئەم جیاوازییانە ببەزێنن لەڕێگەی پیشاندانی کەسایەتییەکی دیاریکراو و دەرچوواندنی وەکو سیمبولێك لەپێناو بەیەکگەیاندنی وڵات، بۆ ئەوەی وڵاتێکی دابەشبوو بکەن بەوڵاتێکی یەکگرتوو، هەروەها پرۆسەی بونیادی نەتەوە لەزانستی سیاسی بۆ بونیادی ناسنامەی نەتەوەیی بووە لەو وڵاتانەی کە ناسنامەی نەتەوەییان تێدا لاوازە، ئەمەیش شتێکی باشە لەبەرئەوەی نیزام فەراهەم دەکات و ڕێگرە لەبەردەم سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی و پشێوی، لەلایەنێکی دیکەیشەوە وەدیهێنانی زەحمەتە لەبەرئەوەی بۆنموونە لەعێراق جیاوازیی فراوان لەنێوان پێکهاتەکانی وڵات هەیە بەتایبەتی لەسەر سەرچاوەکان و کێڵگە نەوتییەکان، ئەوەیش بوو بینیمان پاش ڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکەی سەددام حوسێن شەڕی ناوخۆیی سەریهەڵدا، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەمڕۆ ئاستی جیاوازیی لەنێوان پێکهاتەکان لەجاران زیاترە، بۆیە ئەمڕۆ پێویستە هەوڵ و کۆشش هەبێت بۆ دروستکردنی جۆرە ناسنامەیەکی نەتەوەیی، بەڵام باوەڕناکەم ئەو شتە جاری بێتەدی بەلایەنی کەمەوە بۆ حاڵی حازر، دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم ئەمە پرۆسەیەکی زەحمەتە و ئەنجامەکانی ڕوون نییە.

# (مستەفا بارزانی) لە دیدی مێژووەوە



د.کەیوان ئازاد ئەنوەر*

**بارزانی دژی بەکارهێنانی هەموو جۆرە تیرۆر و تۆقاندێك بوو بۆ لێدانی دوژمنەکانی کورد، لەکاتێکدا دەوڵەتە زلهێزەکان لە هەر کاتێك پێویستیان بووبێت پیادەیان کرد**

بە پێ زانستی مێژوو هەر نەتەو و گەل و کۆمەڵێك لە قۆناغێکی دیاریکراودا خاوەنی کەسایەتییەکی گەورەیی خۆیەتی. ئەو کەسایەتییەش لەلایەك سەردەمەکە و لە لایەکی دی بوون خۆی دروستی کردووە. ئەوەش بەو بوونی کۆمەڵێك خەسڵەت و کەسایەتییەکی وەها، کە ئەگەر بوونی نەبێت ئەستەمە دروست ببێت. لەو خەسڵەتانەش (ئازایەتی و بوێری و لێهاتوویی و خۆنەویستی و بەخشندەیی و لێبوردەیی)یە. بە هەموو ئەوانەش کەسایەتییەك دروست دەکات، کە دەکرێت نازناوی (کاریزما)ی بەسەردا ببرێت، چونکە خەسڵەتەکانی کاریزمابوونی تێدا کۆبۆتەوە و ئەو خەسڵەتانەش لە هەموو تاکێکدا کۆنابێتەوە، تەنیا لە چەند کەسانێکی زۆر کەمدا نەبێت. هەر وەك ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا (مەهاتما گاندی) بۆ هیندییەکان و (جنراڵ دیگۆل) بۆ فەرەنسییەکان و (ماوتسی یۆنگ) بۆ چینییەکان و (ڤلادیمیر ئیلیچ لینین) بۆ بەلشەویەکییەکانی ڕووسیا بووە کاریزمای سەدەی بیستەمی نەتەوە و گەل و وڵاتی خۆیان.

لە پەراوێزی وەها ڕاستییەکدا دەبێت بگەینە ئەوەی، کە (مستەفا بارزانی)ش وەك کاریزمای سەدەی بیستەمی کورد قبوڵ بکرێت. دیارە ئەوەش لەبەر ئەوە نا، کە لە (بنەماڵەی بارزانی)یە یان لانی کەم لە ڕۆژگاری ئیمڕۆماندا باوکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزانی) بووە. یان بەوەی بۆ ماوەی (٣٣) ساڵ واتە لە نێوان ساڵانی (١٩٤٦-١٩٧٩ز) سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، کە لە ساتە وەختی ئێستادا دامەزرێنەری ئەو پارتە و پارتێکی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستانە، بەڵکو بە چەندین پێوەری زانستی. دیارە خۆ ئەگەر کەسێك لێرە یان لەوێ پرسیار لەوە بکات، کە خۆ کەسانی وەك (شێخ مەحموودی نەمر) و (سمکۆی شوکاك) و (شێخ سەعیدی پیران) و (ئیحسان نوری پاشا) و (پێشەوا قازی موحەممەد) لە (مستەفا بارزانی) لە پێشتر و گەورەتر بوون، ئەوە بەو مانایە نییە، کە (کاریزمابوونی مستەفا بارزانی) لە گەورەیی ئەوان کەم بکاتەوە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕایانەشمان ئەم بەڵگانە دەکەینە پێوەر:

ژیان و خەباتی (مستەفا بارزانی):- ئەو لە (١٤ی ئازاری١٩٠٣ز) لە گوندی (بارزان) لەدایکبووە و لە (١ی ئازاری١٩٧٩ز) لە نەخۆشخانەی (جۆرج واشنتۆن) لە شاری (واشنتۆن)ی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە تاراوگە و دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد. لە نێوان ساڵانی (١٩٠٣-١٩٧٩ز) یەکێك بوو لە دیارترین سەرکردە و قارەمانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد. ئەو پێناسەیەش لە (٧٦) ساڵی تەمەنییەوە سەرچاوەی گرت. بەوەی لە نێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩٣٣ز) سەرکردەی شۆڕشی بارزانی یەکەمی کرد. لە نێوان ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٥ز)ش سەرکردایەتی شۆڕشی دووەمی بارزانی کرد. دواتر بۆ ماوەی (یانزە) مانگ بەشدارییەکی کاریگەری لە کۆماری دیموکراتی کوردستاندا کرد، بەوەی لەلایەك پلەی جنراڵی پێدرا و لەلایەکی دیکە کرایە سەرۆکی تەواوی هێزەکانی بارزانی لە کۆمار، کە بە (١٥٠٠) پێشمەرگە و فەرماندە مەزندە کرابوون. واتە فەرماندەیی گەورەترین هێزی چەکداری کۆمار بوو. کاتێکیش کۆمار لە (١٧ی کانوونی یەکەمی١٩٤٦ز) شکستی خوارد، سەرکردایەتی (٥٠٠) بارزانی بۆ وڵاتی یەکێتی سۆڤیەت کرد. لە کاتی بەجێهێشتنی کۆماری کوردستانیش و دەستپێکردنی ڕێڕەوە مێژووییەکە لە (٢٢ی مایسی١٩٤٧ز) تا ئەو کاتەی لە (١٨ی حوزەیرانی١٩٤٧ز) لە ڕووباری ئاراس بە خۆی و هاوڕێکانیەوە پەڕینەوە (پێنج) جار زۆر بە سەختی سوپای ئێرانی تێکشکاند. لە شەڕی یەکەمدا لە (نەڵوس) و لە (٥ی ئازاری١٩٤٧ز) و لە شەڕی دووەمدا لە (گۆجار) لە (١٣ی ئازاری١٩٤٧ز) و لە شەڕی سێیەمیشدا لە نێوان (نەغدە-شنۆ) لە (١٨ی ئازاری١٩٤٧ز) و لە شەڕی چوارەمیشدا لە (قارنە) لە (٢٤ی ئازاری١٩٤٧ز) و لە دوا شەڕیشدا لە (هەلەج) لە (٢٥ی ئازاری ١٩٤٧ز) زۆر بە سەختی سووپای دەوڵەتی شاهەنشاهی تێکشکاند[1]. بەوەش لەلایەك سەلماندی، کە ئەو بە خۆی و هێزەکەیەوە زۆر لە سووپای دەوڵەتی شاهەنشاهی بەهێزترن. لەلایەکی دیکەوە ئەوەشی سەلماند، کە لە نێو سەرپای سەرکردەکانی کۆماردا لە هەموویان بوێرتر و قارەمانترە. هەر ئەوەش دەرخەری بەهێزی کۆماری کوردستانیش بوو، بەوەی سەرۆك کۆمار و وەزیری جەنگەکەی

چوونە بەر پەتی سێدارەی دوژمن و ئەویش وەك سەرکردەیەکی کۆمار قارەمانانە ڕووبەڕووی سوپای دوژمنی کۆمار وەستا.

دوای شکستی کۆماریش بۆ ماوەی (١٤) ساڵ سەرکردایەتی شۆڕشی لە مێژووی هاوچەرخی کورد کرد، کە یەك سەرکردە و یەك پارتی سیاسی و یەك باوەڕی سیاسی کۆی بکاتەوە و بەڕێوەی ببات. بەمەش ئەو سەرکردەیە بۆ ماوەی (٢١) ساڵ و لە چوار قۆناغی ژیان و خەباتی سەرکردایەتی شۆڕشی باشووری کوردستان و هاوکاری کۆماری کوردستانی کرد. بەم پێوەرەش هیچ سەرکردەیەکی تر لەگەڵ مەزنی و گەورەیی خەبات و کەسایەتیان هێندەی (مستەفا بارزانی) لە شەڕ و ململانێ و شۆڕش و خەباتدا نەبوون.

کەسایەتی مستەفا بارزانی:- لە مێژووی نەتەوەکەماندا چەندین سەرکردەی گەورە و دیار هەڵکەوتوون، کە هەریەك لەوان نموونەیەکی جوامێری و قارەمانییەتی و هەڵوەستە لەسەر کردنە. لەم نێوەندەشدا (مستەفا بارزانی) بە یەکێك لە دیارترین سەرکردە و ئەو کەسایەتیانەی مێژووی نەتەوەکەمان بوو، کە لە چەند لایەنێکەوە کەم وێنە بوون. کەسایەتی ئەو سەرکردەیە وای لە ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی بە ناوی (دانا ئادەمز شمیت) کرد، تا سەبارەت بەم سەرکردەیە بگاتە ئەوەی، کە پێی وابێت"ئەگەر بارزانی لە شانۆ سیاسی کوردستان نەمێنێت، ئەستەمە بتوانین جوڵانەوەی نیشتمانی کورد بە یەکپارچەیی و بەهێز و پتەو ببینین. ئەو پیاوێکە کورد هەرگیز ناتوانێت دەستبەرداری ببێت"[٢]. ڕاستییەکەشی هەر وا دەرچوو، بەوەی دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول لە (ئازاری١٩٧٥ز) و نەمانی ئەو لە سەر شانۆی سیاسی، بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشی باشووری کوردستان دووچاری پەرتەوازەیی و شەڕێکی ناوخۆیی درێژخایەن بوو، کە نزیکەی (١٢) ساڵ واتە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٦-١٩٨٨ز) خایاند.

لەلایەکی دیکەوە کاتێك لە (١٦ی حوزیرانی١٩٧٢ز)دا لە لایەن سەرۆکی دەزگای موخابەراتی عێراق (نازم گوزار) چەند بۆمبێکی چێندراو و بەهۆی چەند مامۆستایەکی ئایینییەوە بە ڕووکارێکی ئاشتی نێردرایە بارەگای بارزانی لە (حاجی عۆمەران)، تا (مستەفا بارزانی) پێ تیرۆر بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بۆمبەکان تەقینەوە و هەموو مامۆستا ئایینییە نێردراوەکانیش کوژران، خۆشبەختانە بارزانی ڕزگاری بوو. ئەمەو کاتێکیش هەمان نەخشە و هەمان ڕووداو لە (٢٩ی ئەیلولی١٩٧٢ز)دا دووبارە کرایەوە و ئەمجارەشیان هەر ڕزگاری بوو، بەڵام بۆ هیچ یەك لەو ڕووداوانە کاردانەوەی نەنواند. واتە بە کردەیەکی تیرۆری تر وەڵامی دەسەڵاتدارانی عێراق و ڕژێمی بەعسی نەدایەوە. لەکاتێکدا زۆر باش دەیتوانی ئەو کارە بکات و تێدا سەرکەوتوو بێت. هەر ئەوەش وای لە ڕۆژنامەنووسێکی کوردی ڕووسیا بە ناوی (پاقێ نازێ) کرد، تا لەو بارەوە بگاتە ئەوەی، کە "بارزانی دژی بەکارهێنانی هەموو جۆرە تیرۆر و تۆقاندنێك بوو بۆ لێدانی دوژمنەکانی کورد، لەکاتێکدا دەوڵەتە زلهێزەکان لە هەر کاتێك پێویستیان بووبێت پیادەیان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی ئەو ڕاستییەی زۆر باش دەزانی، بەڵام هەرگیز لە ژیانیدا پیادەی نەکرد و بەکاری نەهێنا"[٣]. ئەمەو (لازاریف)یشی وەك کوردناسێك لە بارەی ئەو کەسایەتییەوە گەیاندە ئەوەی، کە "بارزانی کەسایەتییەکی نێوەند و دیاری سیاسی و سەربازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بوو نەك هەر لای کورد، بەڵکو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بێ وێنە بوو"[٤].

لە پەراوێزی ئەو ڕاستیانە و دوای (١٠٩) ساڵ لە هاتە دونیایی، ئەوە بە بیر هاونەتەوە و هاونیشتمانییەکانمان بهێنینەوە، کە بڵێین: ئەگەر ئێمەی کوردیش وەك دەیان نەتەوە و گەلی تر خاوەنی سەرکردەیەکی وەك (مستەفا بارزانی نەمر) بین، ئێدەی بۆ لە سەرکردەیەکی تر بگەڕێن، تا وەك سەرکردەی خۆمان پێناسەی بکەین؟ یان ئەگەر ئەو بە درێژایی (٧٦) ساڵ تەمەنی بۆ کورد و بۆ کوردستان ژیابێت، ئێدەی بۆ تەمەن و خەبات و ژیانی ئەو بە هی خۆمان نەزانین، بۆیە لام وایە هەڵەیەکی گەورەمان کردووە و هەڵەیەکی گەورە دەکەین، ئەو سەرکردەیە تەنیا بە سەرۆك و سەرکردەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بزانین، چونکە ئەو بۆ ئەوە خەباتی نەکرد، تا سەرکردایەتی پارتێکی وەها بکات. ئەمەو بۆ ئەوە خەباتی نەکرد، تا بنەماڵەکەی (بارزانی) بگەیەنێتە لوتکەی دەسەڵات، بەڵکو بۆ ئەوە خەباتی کرد، تا کوردستانێکی یەکگرتوو و بەهێز و گەورە بۆ داهاتووی نەتەوەکەی بەجێ بهێڵێت. ئەوەش ئەو (مستەفا بارزانی)یە ڕاستەقینە بوو، کە لە (١٤ ئازاری١٩٠٣ز) لەدایکبوو وە لە (١ی ئازاری١٩٧٩ز) کۆچی دوایی کرد.

**ئەگەر ئێمەی کوردیش وەك دەیان نەتەوە و گەلی تر خاوەنی سەرکردەیەکی وەك (مستەفا بارزانی نەمر) بین، ئێدەی بۆ لە سەرکردەیەکی تر بگەڕێن، تا وەك سەرکردەی خۆمان پێناسەی بکەین**

**هەڵەیەکی گەورەمان کردووە و هەڵەیەکی گەورە دەکەین، ئەو سەرکردەیە تەنیا بە سەرۆك و سەرکردەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بزانین**


**سەرچاوە:**

**١- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (مسعود البارزاني: البارزاني و الحركة التحررية الكردية-ثورة بارزان (١٩٤٥-١٩٥٨م)، الطبعة الاولى، كردستان، ١٩٨٧م)**

**٢- دانا ئادامز شمیدت: سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکانی کوردستان، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی- هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٨ز، ل٤٨٦.**

**٣- لازاريف، م.س و الاخرون: البارزاني شهادة و تاريخ، ترجمە: د.پاقێ نازی و د.عبدی حاجی، الطبعة الاولى، من منشورات مركز سپيريز الطبعة و للنشر-دهوك، اقليم كوردستان العراق- العراق، ٢٠٠٥م، ص١٣.**

**٤- لازاريف و الاخرون: س.پ، ل١١٣.**

## نەتەوەیەک بەگازی ژەهراوی ژینۆساید کرابێت

# مەحاڵە بتوانێت بێ دەوڵەت بەئارامی بژی



ژینۆساید بەمانا سادەکەی واتە کۆمەڵکوژی دڕندانــە لەپێناوی ســڕینەوەی ناســنامەی نەتەوەیەك لەســەر خاکی وڵاتی خۆی، بۆیە هەتا ئــەم نەتەوەیە بەدوای شوناســی خۆی لەســەر خاکی خۆیــدا وێڵ بێــت، زەحمەتە گەرەنتی ئەوە دروست بێت جارێکی دیکە ئەم کۆمەڵکوژییەی بەسەردا دووبارە نەبێتەوە، بۆیە کاتێك نەتەوەیەك ڕووبەڕووی ژینۆساید دەبێتەوە، زۆر زەحمەتە بتوانرێت لەوڵاتێکدا بەشــێوازی فیدراڵی یان وەك ئــەوەی خۆمان پێی دەڵێین پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە بژی، ئەم پێکەوە ژیانە ئارەزوومەندانەیە لەحاڵەتێکدا دێتەدی کە هێشتا زامەکان نەگەیشــتبنە ئاستی قرکردن و ژینۆســاید و کۆمەڵکوژی، هەربۆیە کاتێك لەکۆتایی ئەم هەفتەیە ســاڵیادی پڕ ناسۆری کیمابارانــی هەڵەبجــە دەکەینــەوە، هاوکات زامی پڕ سۆی هەموو جەستەی کیمابارانی کوردســتان لەزاخۆ تا هەڵەبجە ســەرلەنوێ دەکولێتەوە، هەتا ئێستاش کە ماوەی ٢٤ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە تێدەپەڕێت هێشتا زامەکانی ئەو ناســۆرە هەر قوڵن و هێشــتا حکومەتی عێراقی ئامادەنییە لەچوارچێوەی دەســتووری عێراقدا و بەپێی ماددەی ١٤٠ هەمان دەستوور کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان چارەسەربکات و ئەو ناوچانە بگێڕنەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەمــەش ترســناکتر بەردەوامی ئــەو هەوڵە شــۆڤێنیانەیە کە لــەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنیشــەوە بەردەوام لە شنگالەوە تا جەلەولاو مەندلی و ســەعدیە ئەم هەڕەشەیە هەر بوونی ماوە و لەســەر ناسنامە هاووڵاتی کوردســتان قەتلوعام دەکرێن، بۆیە لەکاتێکدا نزیك دەبینەوە لەتێپەڕبوونی چارەکە ســەدەیەك بەسەر کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران و هێشتا ئەم هەڕەشەیە وەك خۆی وابێت، ئەوا زەحمەتە جارێکــی دیکــە گەلی کوردســتان بتوانێت بەشــێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەنــاو عێراقدا بژی، هەروەك چۆن گەلی کۆسۆڤۆ نەیتوانی لەگەڵ گەلی سربیا بەشێوەیکی ئارەزوومەندانە بژی، ســەبارەت بەمیکانیزمــی پێکەوەژیان پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر خەلیل مارڕ ئوستادی زانسی سیاســەت لەزانکۆی دی پاول کرد و لەلێدوانێکــی تایبەتدا بۆ گــوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کردو وتی: (ئەمە پرســیارێکی ئەوەندە قورسە کە وەڵامدانەوەی ئازاربەخشــە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگاچارەیەك هەیە بۆ ئاشــتبوونەوە لەبواری لێکۆڵینەوەی مێژوودا، کە پێنج هەنگاو لەخۆدەگرێت.

١.ئیعتیرافکــردن: دەبێــت لایەنــی تاوانبار ئیعتیراف بەوە بکات کە تاوان ڕوویداوە.

٢.چڵی زیتون: دەبێت نەتەوەی دەســتڕێژکار ئامادە بێت دەســتی ئاشــتەوایی بــۆ نەتەوە قوربانیەکە درێژ بکات.

٣.پێشــوازیکردن: دەبێت ئەو نەتەوەیەی بۆتە قوربانی، ئامادەبێت پێوەنــدی لەگەڵ نەتەوە دەستڕێژکارەکەدا بکات.

٤. چوارچێوەی سیاســی: دەبێــت زەمینەی هاوبــەش هەبێــت کــە بەهۆیــەوە بتوانرێت گوزارشــت لەخەون و پێداویستیەکانی هەردوو نەتەوەکە بکرێت.

٥. ڕاســتی و ئاشتەوایی: دەبێت میکانیزمێك هەبێــت تاوەکو ئەو نەتەوەیــەی بۆتە قوربانی توانــای لێخۆشــبوونی هەبێــت و نەتــەوە تاوانبارەکەش توانای ئیعتیرافکردنی هەبێت.

ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە. ئەوا ئەمە مومکینە، بەڵام پێم وانییە ئەگەری ڕوودانی هەبێت)).

پرۆ فیســۆر خەلیل مــارڕ کۆمەڵێك مەرجی



خەلیل مارڕ بۆ گوڵان:

**دوای ژینۆساید لەڕووی تیۆرییەوە دەکرێت پێکەوە ژیان ڕووبدات، بەڵام پێم وانییە ئەگەری ڕوودانی هەبێت**

لــەڕووی تیۆرییەوە بــۆ پێکەوەژیانی دوای ژینۆســاید ڕیزکردووە، خۆشــی دەڵێت ئەگەر لەڕووی تیۆرییەوە ئەمــە دەکرێت، بەڵام ئەو خــۆی پێیوانییە ئەو پێکــەوە ژیانە ڕووبدات، بۆیــە لەدرێــژەی لێدوانەکەیدا بــۆ گوڵان، پرۆفیسۆر مارڕ هەڵوەستە لەسەر ئەوەدەکات: (کورد لەســەر دەســتی چەندیــن نەتەوەی دیکە قوربانی جینۆســایدکردن بوونە. پێموایە کوردەکان، بەچەشــنی جولەکە و ئەرمەنیەکان ڕووبــەڕووی جینۆســایدکردن بوونەتــەوە کە پێویســتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیعتیرافی پێبــکات. لەگــەڵ ئەوەشــدا، بەپێچەوانەی جولەکــە و ئەرمەنیەکانــەوە، تەنیا بەم دواییە کــوردەکان لــەڕووی سیاســییەوە بواریان بۆ هەڵکەوتووە لەســەر ئەم پرسە ڕەفتارێ دروست بکــەن. بەڵام جولەکــە و ئەرمەنیەکان توانیان کۆشــش بکەن بۆ ئەوەی لەڕووی سیاسییەوە ئیعتیراف بە مەرگەســاتەکەیان بکرێت، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکــی جۆرواجۆر کوردەکان تەنیا بەم دواییە ئاســتێك لەئازادی سیاسیان بەدەســتهێناوە کە ڕەنگــە بواریــان پێبدات بۆئــەوەی پتــر کاریگەربن لــەم ڕووەوە. کە دەبێت ڕەوەنــدی کوردیش لەوڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریــکادا بچنە پاڵ ئەم هەوڵ و کۆششە. بەهەمان ئەو شــێوەیەی کە جولەکە ئەمریکیــەکان و ئەرمەنــە فەرەنســیەکان کاریگەریەکی باشــیان هەیە بەسەر پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەدا، ئەوا پێویستە کوردەکانیش هەوڵەکانی خۆیان یەکبخەن بتوانن کارێك بکەن کە ئیعتیراف بەو پرس و مەســەلانە بکرێن کە گرنگن بۆ نەتەوەی کــورد.. بەڵام کوردەکان، بەچەشنی فەلەستینیەکان، بەدەست پێوەندیەکی نابەرامبەرەوە لەگەڵ دەوڵەتە دراوســێکانیاندا گرفتار بــووە. تاوەکو ئــەم پێوەندیەش درێژە بکێشێت، ئێمە ناتوانین ڕێگاچارەی جیابوونەوە پیادە بکەیــن، بەڵکو لەبری ئــەوە دۆخێکی هاوشــێوەی بانستوســتانتەکان لەئەفریقیای باشــووری ســەردەمی ئەپارتهایدا دروست دەبێت)).

هــەر ســەبارەت بــەم پرســە و دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ پێکەوە ژیان لەدوای ژینۆســاید، دیسان پرســیارمان لەپرۆ فیسۆر هانیبال ترافیس ئوســتادی یاســا لەزانکۆی فلۆریدا کرد ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (پێکەوەژیانی ئاشتیانە دوای جینۆساید پێویســتی بەگرتنبەری ڕێوشوێنێکەڵێك هەیە بــۆ بەرەودان بەبــوون و ژیانی ئــەو گرووپەی بۆتــە قوربانی و کۆتایی هێنان بەســزادانی تاوانکاران. لەئەورووپای دوای جەنگی جیهانی دووەمــدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەســتی کرد بەپرۆسەیەکی سیســتماتیکی بۆ پێدانی قەرەبــووی مــاددی و قەرەبووی پەیوەســت بەموڵك و ماڵــی قوربانیانی هۆلۆکۆســت، کە نــەك تەنیا جولەکەکانی گرتــەوە، بەڵکو ڕۆمانیــەکان و ســنتیەکان، ســلاڤیەکان و دانیشــتوانی وڵاتە داگیرکراوەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیشــی گرتەوە. هەروەها ئەندامان و ئەندامانی پێشــووی پارتی نازی بەشێوەیەکی بەربڵاو دادگایی کــران، لەنێویاندا ڕێکخراوە تاوانکاریەکانی وەك پارتە سیاسییەکان، ئەویش لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتی و نەتەوەیی، کە بەهەزاران کەس لەئەڵمانیەکان و ئەو کەسانەی گومانــی پشــتیوانیکردنی نازیەتیان لێدەکرا لەوڵاتە غەیــرە ئەڵمانیەکانی گرتەوە. لەوەش زیاتر، دەست کرا بەلێپێچنەوەی ئەو کەسانەی چەکیــان بۆ ئامێری جەنگــی ئەڵمانیا دابین دەکرد و ئەو کەســانەیان ئیستغلال دەکرد کە

تیـرۆری نازیەکان بوون و کاری بێبەرامبەریان پێدەکـردن. لەکۆتاییـدا، بەرنامەیەکی گەورە خرایەگەڕ بۆ بنیاتنانـی توانای بەرگریکردن ئەو وڵاتانەی قوربانی دەسـتی ئەڵمانیا بوون، لەنێویاندا ئیسرائیل، یۆنان، یوگسلافیا، پۆڵەندا، چیکسـلۆفاکیا، فەرەنسا، بەریتانیا، هۆڵەندا، بەلجیکا، نەرویج و...تاد، کە ئەم بەرنامەیەش پێدانـی پێشـکەوتووترین تەکنۆلۆجیـای دروسـتکردنی چەکی بۆ هەندێ لەم وڵاتانە لەخۆگرت. کەواتە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی دەزانێـت چـۆن خەڵکانێکی هەڕەشـەلێکراو ڕزگاربکات و کۆتایی بەو هەڕەشـەیە بهێنێت



**هانیپال ترافیس بۆ گوڵان:**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەزانێت چۆن خەڵکانێکی هەڕەشەلێکراو ڕزگاربکات و کۆتایی بەو هەڕەشەیە بهێنێت هەر کاتێک خواستێکی ڕاستەقینەی هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە**

هەر کاتێک خواستێکی ڕاستەقینەی هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. ئەوە نەبوونی ئیرادەیە کە هیچ کارێك نەکـراوە لەهەردوو حاڵەتی عێراق و تورکیادا.))

سەبارەت بەبێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەسـەر ژینۆسـایدی کورد لەکاتی خۆیدا، پرۆفیسـۆر هانیپـال پێیوایـە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەی وشەی ژینۆسایدی بـەرکار نەهێناوە، بـەڵام بێدەنگیـش نەبووە لەمبـارەوە و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی:(مـەرج نییە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی بێدەنگ بوبێت لەئاسـت جینۆسایدی کورد و ئاشـورییەکان لەباکووری عێراقدا و لەساڵانی هەشـتاکان و نەوەتەکانی سـەدەی ڕابردوودا. لەسـاڵی ١٩٩١، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بێ بەکارهێنانی دەسـتەواژەی «جینۆسـاید» ئیدانەی»سـەرکوتکردنی دانیشـتوانی مەدەنـی عێراقـی لەزۆرێـك لەناوچەکانی عێراقدا» کرد.» لەساڵی ١٩٩٢، کۆمسـیۆنی مافەکانی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاپۆرتێکی لەبارەی ڕەوشـی مافەکانی مرۆڤ لەعێراق پێشکەش کرد، کە لەلایەن نێردەی تایبەت بۆ عێراق ئامادەکرابوو، باسـی لە» کۆمەڵکـوژی و ئیعدامکردنی کـوردەکان و تێکدانـی گوند و شـارۆچکە کوردیـەکان، بەکارهێنانـی هێـزی زیادی لەپێویسـت، لەنێویانـدا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەدژی کوردەکان لەکاتی ناکۆکیدا.» دەکـرد. هەمان ڕاپۆرت ئاماژەی بەوە کرد کە عێراق» ژمارەیەکی گەورەی لەگوندەکان وێران کردووە» کە گوندی ئاشوریەکان بوون و زۆرێك لەدانیشتوانەکەی کوشـتون و ئەوانی دیکەی ناچارکـردووە ناوچەکانی خۆیـان جێبهێڵن» ئەویش لەچوارچێوەی هەڵمەتی ڕاگواسـتنی ناوخۆیی بۆئەوەی ئاشووریەکان لەسنوورەکانی باکـوور دووربخەنەوە، ئەویـش بەپەنابردن بۆ کۆمەڵکوژکردنیان و تێکدانی زۆرێك لەکڵێسا و شوێنی نیشتەجێبوونی پیاوانی ئایینی (کە مێژووی هەندێکیان بۆ هەزار سـاڵ پێشـتر دەگەڕایەوە). ڕاپۆرتەکە شـایەتی (قەشـە زیا بابۆ دوباتـۆ ) لەخۆدەگرێت کە باس لەوە دەکات چەکـی کیمیایی دژی ئاشـووریەکان لەناوچەکانی بەرواری، ئەفرا و ئەلد- شـێخان بەکارهاتووە، تێیـدا هەزاران کەس کوژراون یان بوونەتە قوربانـی و ١٥٠،٠٠٠ کەس ئاوارەی تورکیا یان ئێران بوونە، تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی شـەڕی عێراق-ئێران سـوپای عێراق بەدرێژایـی ٥٠ کلم ناوچە سـنوورییەکانی لەدانیشـتوانەکە چۆڵکـرد و گوندەکانی ئەو ناوچەیـەی خاپورکرد. لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەدا باس لە»ڕاگواسـتنی دانیشـتوانی بەرواری بـاڵا، نەهلە(عقرە)، زاخـۆ، دهۆك و نیرۆی ڕێـکان لەماوەی نێـوان ١٩٦٩ و ١٩٨٧دا» دەکات. ئەنجومەنـی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە ئاراسـتەی سـکرتێری گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرابوو تێیدا هاتبوو کە»هەڵمەتە بەدناوەکانی پاکتاوی ئیتنی و ڕاگواستنی خەڵك و نیشتەجێکردنیان لەشوێنی دیکە، بەفەرمانی سـەرۆکی پێشوی یوگسلافیا و عێراق ئەنجام دران، ئێمە لێرەدا ئاماژە بەدانیشتوانی بۆسنیا و هێرزۆگۆڤینیا و باس لەئاشـووری و کورد و تورکمان و شـیعە «ناعێراقیەکان» دەکەین. هەروەهـا لـە١٩٩٢دا، لیژنەی نەهێشـتنی جیاکاری ڕەگەزی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان داوای لەعێـراق کرد ڕوونکردنـەوە بدات کە بۆچی «بەچـڕی بۆردومانی دانیشـتوانی مەدەنـی» دەکرێـت و بۆچی دەسـتکراوە بە» سـەدان هەزار کورد، شـیعە و خەڵکانی دیکە ئاوارەبـوون و هەوڵدەدرێت بەزەبری هێز بگەڕێندرێنەوە» و ئایا « کەمینەکانی دیکە (شیعە و ئاشوری و تورکمانەکان) نوێنەرایەتیان (هەبـووە) لەپەرلەمانـدا.» لـە١٩٩٣دا، ڕێکخراوی چاودێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت چەند بەشـێکی بەڵگەنامەکانـی بڵاوکردەوە کە ئاماژە بەوە دەکەن نووسـینگەی باکووری حزبی بەعس، بەڕێوەبەری گشـتی ئاسایش، ئیسـتیخباراتی خارجـی و ئیسـتخباراتی عەسـکەری فەرمانیان بەهێزە چەکدارەکانی کـردووە بەکوشـتنی «هـەر ئینسـانێك و هـەر ئاژەڵێـك لەناوچە (قەدەغەکـراوەکان)



**لیاقەت عەلی خان بۆ گوڵان:**

**کوردەکان مافی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییان هەیە، دەوڵەتێک لەسایەیدا زمان و کەلتور و مێژووی داهاتوویان پارێزراو بێت و بتوانن گوزراشت لەو زمان و کەلتوری خۆیان بکەن**

لە(باکـووری عێراقدا).» هەروەها لەسـاڵی ١٩٩٣دا، پاکس کریسـتی، کە ڕێکخراوێکی ناحکومیە ڕاوێژکاری نەتـەوە یەکگرتووەکانە سەرنجی ئەوەی دا کە «ڕێگە بەدرێژەکێشانی پێشێلکردنی ئاشـکرا و بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ دراوە لەکاتێکدا کـە بێدەنگی نەتەوە یەکگرتـووەکان بێدەنگیەکـی زەق و دیارە.»، هەروەها «ڕەوشی ناهەموار دانشیتوانی ئەسڵی زۆرێك لەوڵاتانی» لەنێویاندا «ئاشـوریەکان لەعێراق» بە «دەگمەن ئاماژەیان پێدەکرێت.» لەسـاڵی ٢٠٠٧دا، دادگای باڵای عێراق، کە ڕاوێـژکارە ئەمریکیەکان پشـتیوانیان دەکرد، بـەو دەرئەنجامە گەیشـتن کـە لەمیانەی هەڵمەتەکانـی ئەنفالدا، ژمـارەی کوژراوانی «قوربانیەکانـی کورد گەیشـتە دەیان هەزار لـە نێویان شـەهیدبوون بەهـۆی هەڵمەت و پەلامارەکانەوە(ئەویش بە بەکارهێنانی چەکی تەقلیـدی یاخـود کیمیایی) یاخود بێسـەر

و شـــوێنبوونەوە کە لەگـــۆڕە بەکۆمەڵەکاندا نێژراون، جا ئەو گۆڕانـــە دۆزرابێتنەوە یاخود هێشتا شوێنیان نادیار بێت.» سەبارەت بەعێراق زۆرێك لەچاودێران دروستکردنی عێراقیان وەك وڵاتێکی گەورە بەهەڵە ناوبردووە کە ســـەری کێشـــاوە بـــۆ ناهەمـــواری و نەهامەتیەك کە لەباســـکردن نایەت. هەمان هەڵـــە لەوڵاتانی دیکـــە دووبارە کرایەوە، وەك کۆنگۆ، نەیجیریا، سودان و یوگسلافیا. دروستکردنی ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی یاخود ســـەربەخۆ لەدەشتی نەینەوا بۆ ئاشـــووریەکان، ناوچەی دەوروبەری شێخان و لالـــش بۆ یەزیدیـــەکان، کارێکـــی ڕەوایە، ئەویش بەپێی قەبارەی دانیشـــتوان و پێوەندیە مێژوییەکانیـــان بـــەو ناوچەیـــەوە، کە ئەمە هاوشـــێوەی دابەشکردنی یوگسلافیا دەبێت بۆ ســـلۆڤینیا، کرواتیا، بۆسنیا، لەگەڵ کۆماری سربە بۆسنیەکان، مەقدۆنیا، سربیا، کۆسۆڤۆی باکـــوور و کۆســـۆڤۆی باشـــوور لەســـاڵی ١٩٩٩ـەوە))

## ژینۆساید وەك گەورەترین تاوانی دژە مرۆڤایەتی

ژینۆساید گەورەترین تاوانە کە دژ بەمرۆڤایەتی ئەنجامدەدرێـــت، هـــۆکاری ســـەرەکی ئـــەم کارەســـاتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئـــەو دەوڵەتانەی لەئاکامـــی پـــرۆژەی کۆلۆنیالـــی ڕۆژئاوا دروســـتکراون، بۆیە ئێستا ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیە لەئەستۆی ئەواندایە، سەبارەت بەئاستی دڕندەیی ژێنۆساید، پرســـیارمان لەپرۆفیسۆر لیاقەت عەلی خان ئوستادی یاسا لەزانکۆی واشـــبۆرن کرد، ســـەبارەت بەم پرسە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (بەپێی یاســـای نێودەوڵەتـــی جینۆســـاید گەورەترین تاوانە کە ناتوانرێت پاســـاوی بۆ بهێنرێتەوە و بەرگـــری لێبکرێت. تاوانای جینۆســـاید ئەو کاتـــە ڕوودەدات کاتێـــك گروپێکـــی ئیتنی، ڕەگەزی، نەتەوەیی یان ئایینی بەئەنقەســـت دەکوژرێن. پێویســـت ناکات تەواوی گروپەکە لەناو ببردرێن بۆ ئەوەی بڵێین تاوانی جینۆساید ڕوویداوە. لەوەش زیاتر، ســـەرەڕای لەناوبردنی جەســـتەیی، تەنانەت جینۆســـایدی هزریش دەکەوێتـــە چوارچێوەی تاوانەکەوە. کاتێك هێزە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان بەچەشنێك پێکدەهێنرێت بۆئەوەی ژیانی گرووپێك بەئاست و ئەندازەیەکی گـــەورە ناهەموار بکرێت، ئەوا تاوانەکە ڕوویداوە. چەکـــە کۆمەڵکوژەکانیش نەفرەتێکن و ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بوونەتەوە. ئـــەم چەکانە هەڕەشـــەیەکی ئیفتیرازی نین، بەڵکو مایەی مەترسیەکی ڕاستەقینەن لەسەر ئـــەو کەمینانەنـــەی لەدۆخێکـــی لاوازدان و لەچوارچێـــوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا گرفتار بوونە. هێرشـــکردن بەچەکـــی کیمیایی دژی

کوردەکان بەڵگەن لەســـەر ئەوەی ئەم چەکانە هۆکارێکن بۆ جینۆسایدکردن لەدژی کەمینە ڕەگەزی، ئیتنی، نەتـــەوەی و ئایینیەکان کە لەسایەی حکومڕانێتی سەرکوتکاری زۆرینەدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەرکێکی تایبەت دەکەوێتە ئەســـتۆی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتـــی تاوەکو زەمانەتـــی ئـــەوە بکەن کە گروپـــە لاوازەکان بەچەشنی کورد پارێزراوبن لەچەکە کۆمەڵکوژە بایەلۆجی و کیمیاییەکان، کوردەکان لەناوچەکەدا گروپێکی نەتەوەیـــی و ئیتنی پێکدەهێنن کە پارچە پارچە کراون و بەسەر چەند دەوڵەتێکی نەتەوەییـــدا دابەشـــکراون. لەمـــاوەی چەند دەیەی ڕابردودا کوردەکان ڕووبەڕووی ئاستی جۆراوجۆری فشـــاری جەســـتەیی و هزری بوونەتـــەوە. برینەکان قووڵـــن و ئەو دڵڕەقیەی بەرامبـــەر کورد کـــراوە لـــەڕووی مێژووییەوە تەوسیقکراوە. بەدگومانیەکی قووڵ لەنێوان کورد و ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە باڵادەســـتانەدا دروست بووە کـــە کەرامەتی مرۆیـــی و ئازادیەکانی ژیانیان لێ زەوت کردوون. کوردەکان ڕووبەڕووی کاولکاری تراژیدی بوونەوە لەســـایەی ڕژێمە سەرکوتکارەکەی ســـەددام حوسێندا. بەهۆی بەکارهێنانـــی چەکی کیمیایی لەدژیان، ژن و پیاو و منداڵی کورد ڕووبـــەڕووی توندوتیژی و دڵڕەقی بوونەوە. ئـــەم بێویژدانیەی دەرهەق بەخەڵکانێکی ژێردەســـتەکراو کـــرا بەڵگە و شـــایەتە لەسەر ئەوەی کە ئەو دەوڵەت-نەتەوەییـــە ناعەقڵانیـــەی لەلایـــەن هێزە کۆلۆنیاڵیەکانەوە دروســـتکران، پرۆژەیەکی شکستخواردو بووە. کۆمەڵکـــوژی و زەلیلکـــردن بوونەتە ســـێبەرێك بەســـەر ژیانـــی کوردەکانـــەوە کـــە ڕوودانیان لەئان و ســـاتدایە. خواســـت و داواکاری کوردەکان بـــۆ ئۆتۆنۆمیەکی ڕاســـتەقینە و جددی لەغەریزەی سروشـــتی پاراســـتنی بوون و ژیانیانەوە ســـەرچاوەی گرتووە. ئەوە کورد نییە کە دراوســـێکانی خۆشـــناوێت، ئەوە دەوڵەتە دراوســـێکانن کـــە بەردەوام مامەڵـــەی خراپیان لەگـــەڵ کورددا کردووە. هەربۆیە ئەرکێکی ئەخلاقی لەئەستۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە تاوەکو ئیعتیراف بەکۆمەڵکوژی مێژوویی کـــوردەکان بکات. ئامانج لەم ئیعتیرا فکردنەش ڕێگرتنـــە لـــەوەی حکومەتەکانـــی داهاتـــو و توندوتیژ و



دڵڕەقی دژی کـــوردەکان ئەنجام نەدەن. دەبێت کۆمەڵـــەی گشـــتی نەتـــەوە یەکگرتوەکان بڕیارێکی ڕوون لەبەرژەوەندی پێدانی پاراستن بەکـــوردەکان دەربـــکات و وەك نەتەوەیەك کە ڕووبەڕووی مەترســـی بوونەتەوە ئیتعیترافیان پێبکات، من لەکتێبەکەمدا تیۆری دیموکراسی جیهانی (٢٠٠٦)، باســـم لەوە کـــردووە کە ئەو خەڵکانەی خەســـڵەتی جیاواز و جیاکەرەوەی خۆیان هەیە وەکو کوردەکان پێویســـتە دەوڵەتی ئازادیـــی خۆیان هەبێت، نابێت لێرەدا چەمکی دەوڵەتـــی ئـــازاد تێکـــەڵ بکرێـــت لەگەڵ چەمکی دەوڵەتـــی نەتەوەییدا. دەوڵەتی ئازاد پێچەوانـــەی دەوڵەتی نەتەوەیـــی مۆدێرنە کە ســـەلمێنرا دەوڵەتێکە بونیادێکی ناعەقڵانی و سەرکوتکاری هەیە و لەئەنجامدا سەری کێشا بۆ ژێردەســـتەبوون، ســـەرکوتکردن و تەنانەت تێکشـــکاندنی کەمینەگەلێك لەسەردەســـتی نەتەوەگەلێکی باڵادەســـت. کـــوردەکان مافی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییان هەیە، دەوڵەتێك لەســـایەیدا زمان و کەلتـــور و مێـــژوی و داهاتوویـــان پارێزراو بێت و بتوانن گوزراشت لەو زمـــان و کەلتوری خۆیان بکەن.

# سەرەتای ڕووخانی "ئەفسانە"ی تەلارسازی لە گوندی ئیتاڵییەوە:

## (وتارێک لەبارەی گرنگیی متمانە و مەترسیی بێمتمانەیی لە هەرێمی کوردستاندا)

ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیوێتی


پێشەکی:

هەفتەکانی ڕابردوو، هەندێك لە ماڵەکانی گوندی ئیتاڵی لە هەولێر، بڕدران و دزییان لێکرا. گوندی ئیتاڵی و ئینگلیزی و ئەمەریکی و ئەڵمانی، ئەو ناوانەن کە لەساڵانی ڕابردوودا لەلایەن کۆمپانیاکانی خانووبەرەی خۆماڵی و بیانییەوە، هاوشان بە ئەفسانەیەك کە ژیان لەناو ئەم گوندانەی نزیکدەخستەوە لە ژیان لە بەهەشتدا، بە نرخێکی گران بە هاوڵاتیان فرۆشراون. ئەمێستا ئەو ئەفسانەیە خەریکە درزی تێدەبێت و دەڕووخێت. پێویستە وەك ئەفسانە بشڕوخێت، چونکە بەشێکی زۆر لە حەقیەقەتی ئەم گوندە بەهەشتیانە، دروستکراوی ریکلام و پرۆسەی بەبازاڕکردن و بەرەنجامی ئەو درزە یاساییانەی هەرێمی کوردستانن، کە وایانکردووە هەر شتێ بە مژدەی گەورەوە، خۆی وەك مژدەیەکی ڕاستەقینە بەیان بکات و هاووڵاتیان ئیغرابکرێن، نەك بەرەنجامی مونافەسە بن لەسەر نەوعییەت و تەلارسازیی مرۆییانە و ئیستاتیکیانە. ئێستا کە دەرکەوت ئەم گوندانەش، شیاوی بڕینن و دیوارەکان و ئاساییشیان ئەوەندەش بەهێز نییە کە ڕیکلامەکانیان مژدەیان پێدابووین، پێویستە قسە لەسەر متمانە و پشتبەستن بەو جۆرە پرۆژانە بکەین و حەقیقەتیان لە درۆ جیا بکەینەوە. بێگومان هەر شتێکیش متمانەی کەم بۆوە، یان نەما، کاریگەریی دەکاتە سەر نرخ و ڕەواجەکەی و هەر شتێك لە سەرمایە ڕەمزییەکەی هاتە خوارەوە، سەرمایە مادییەکەشی زەرەر دەکات. ئەمەش زیانێکی گەورە بۆ ناوی کۆمپانیا و خاوەنەکانیان و بگرە ئەو متمانەیەش کە حکومەت بەم کۆمپانیانەی کردووە دەگەیەنێ و، گوێچکەمان تیژ تر دەکات و چاوەڕوانیمان زیاتر و وزەی ڕەخنەگرانەشمان بەهێزتر. ئەم وتارە قسە لەسەر گرنگی متمانە و مەترسیی بێمتمانەیی لە داهاتووی کۆمەڵگادا دەکات.

### گرنگیی متمانە:

جیاوازە لە کۆمەڵگایەکدا بژیت خەڵك لە خۆیان دڵنیا نەبن و بە ماسکێکەوە بژین، کە لەو دیویەوە ترس و بێبڕوایی خۆی ماتدابێت، لەگەڵا ژیان لە کۆمەڵگایەکدا، کە بە پێچەوانەوە بێت و خەڵکەکەی متمانەیان بەخۆیان و ژیانیان هەبێت و بیر لە داهاتوویان بکەنەوە. هەریەکە لەم دووجۆرەی ژیان، مانا و کاریگەریی خۆی هەیە بۆ کۆمەڵگا و ئابووریی و شوێنی کار و داهاتوو..

ئەو وڵاتانەی کە خەڵکەکەی تیایدا پشت



بەیەکتر دەبەستن ئەوەندە زۆر نین، لانیکەم لە وڵاتانی دراوسێماندا ئاستی متمانە نزم و لە سەرووی ئەوروپا و وڵاتانی ئەسکەندناڤی زۆر بەرز. بەڵام ئەوە تەندروستیی کۆمەڵگایەك پیشاندەدات، کە تیایدا زۆرینەی هاووڵاتیان بڕوایان بەیەکتر هەیە و پشت بەیەکتر دەبەستن و دەشتوانن پێکەوە کار بکەن و مامەڵە لەگەڵا یەکتر بکەن. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، خەڵك گیانی پێکەوەیی و هاوکاریی بەرز ڕادەگرێ و بەشدارن لە زیادکردن و بەهێزکردنیدا، چونکە چاوەڕوانیان وایە، کە هەمووان و ئەوانیتریش بەهەمان شێوە بیر بکەنەوە و هەڵسوکەوت بکەن، بەدەر لەوەی هەرکەسەی ئاستی دەرامەت و ڕێژەی مەسرەفی چەندەیە.

یەکێك لە ڕەنگدانەوەکانی ئەم شێوە ژیانە کۆمەڵایەتیە، بریتیە لە پشتبەستن و بڕوابوون بە کارگوزارانی حکومەت و کۆمپانیاکانی خۆراك و خانووبەرە، لە هێزە جێبەجێکەرەکانەوە تا ئاسایش و پۆلیسی هاتوچۆ و کارمەندانی

**ئەوەی سیستەمی وڵاتێک لە دیموکراسییەتی ڕاستەقینە نزیکدەخاتەوە و حکومەتێک دەکاتە خزمەتگوزار و هاووڵاتیش دەکاتە کائینێکی مەدەنی، ئەو متمانە و بڕوا و پشتبەستنەیە بەیەکتر و بە هێڵی شاراوەی نێوانیان**

پۆست و فرۆکەخانەکان و پاسەوانەکان. ئەگەر ئەم بارودۆخەش بەمجۆرە بوو، ئەوە هیچکام لە هێزە جۆربەجۆرەکانی حکومەت پێویستییان بەوە نابێت، بەهۆی زمانی هەڕەشە، یان توندوتیژی و بەکارهێنانی جۆرەکانی چەك، هاووڵاتیان ناچار بکەن ڕێز لە فەرمانەکانیان بگرن، یان لە پەناوە کاریی نایاسایی بکەن و سەرپێچیی بکەن. ئەوەی سیستەمی وڵاتێك لە دیموکراسییەتی ڕاستەقینە نزیکدەخاتەوە و حکومەتێك دەکاتە خزمەتگوزار و هاووڵاتیش دەکاتە کائینێکی مەدەنی، ئەو متمانە و بڕوا و پشتبەستنەیە بەیەکتر و بە هێڵی شاراوەی نێوانیان. هێڵی شاراوەی نێوان حکومەت و خەڵك و نێوان هاووڵاتیان خۆیان، دابینکردنی هەر سەرکەوتن و پێشکەوتنێکی ئابووریی و کولتووری و ئەمنیە. بەمجۆرەش بڕوابوون و پشتبەستن و متمانە، دەکرێ وەك سامانێکی هاوبەشی خاو، سامانێکی مرۆکرد، تەماشای بکرێ، کە هەر کۆمەڵگایەك لە پرۆسەی گەشەکردنیدا بەرەو دیموکراسییەت پێویستە بیپارێزێ و بەرهەمی بهێنێت.

### متمانە بەرهەمدێت؟!

ئایا دەبێت متمانە بەرهەم بهێنرێت؟! بەڵێ قوربان!، چونکە متمانە و پشتبەیەکتر بەستن، سرووشت بەخشراو نین، هەروەك چۆن بێمتمانەیی و بەدگومانیش سرووشتی نین و پێویستە بەرهەم بهێنرێن. هەر لەبەر ئەوەشە گرنگە بیر لەوە بکەینەوە کە کولتووری پشتبەستن و متمانە لە پاشەڕۆژی وڵاتەکەماندا چی بەسەر دێت.

ئێمە خەریکین پێدەخەینە ناو جیهانێکی گەورەترەوە لەوەی تا ئێستا پێی ڕاهاتبووین و واماندەزانی ئەمە کۆی گەردوون و جیهانە. ئێمە پێدەخەینە ناو جیهانگەراییەوە، کە تیایدا ئاڵوێری بازرگانی و پەیوەندیی بەهۆی ئینتەرنێت و شێوازەکانی دیکەی پەیوەندیکردنەوە، هەڵگری مەترسیگەلێکی جیاوازن لەوەی تا ئێستا لەبەرامبەر مەترسیی هێزە سرووشتی و ئاسمانییەکاندا هەستمان پێدەکرد.

ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم جۆرەکانی ڤایرۆسی کۆمپیوتەری، سپام و هاککردنی کۆدە نهێنییەکانماندایین. ئەمڕۆ جۆرەکانی کریمیناڵیتی و تاوانکاری سنووری جوگرافیای وڵاتان دەبەزێنن و دز پابەندیی ئەوە نییە لە ناخافڵا دەرگا و پەنجەرەکانمان بشکێنێ، بەڵکو ئەو دەتوانێ کۆدی تایبەت و ڕەمزە ئەلیکترۆنییەکانمان هاك بکات و لەسەر ئاستی مادیی و مەعنەوی دزیمان لێبکات. تێرۆریزمی نێونەتەوەیی خۆی لە فۆرمی بۆمبێکی یەکلاقدا بەرجەستە دەکات و لەبەردەم هەر شوێنێکدا بیەوێت، خۆی دەتەقێنێتەوە. لە سوید کچێك بە بێ تاوان دەکوژرێ و تاوانبار نادۆزرێتەوە، لە نەرویج، ئەو وڵاتەی هەرگیز دەساڵا یان پانزەساڵا لەمەوبەر خەیاڵیشمان بۆی نەدەچوو، بۆمب دەتەقێنرێتەوە و بە پۆلیسێك ئاشنا دەبین، کە پۆلیس نییە و دووژمن بۆخۆیەتی. دەرمانی بەسەرچوو، خۆراکی بەسەر چوو، ناردنیان بۆ وڵاتە بێکۆنترۆڵا و بەناو سیستەمە سیاسیە گەندەڵەکاندا ئاسانترە وەك لە ناردنی کاروانی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی شاری وان و وڵاتانی باشووری ئاسیا!. قوتابخانە تایبەتیەکان بە ئاشکرا بازرگانیی بە گیرفانی دایکان و باوکانەوە دەکەن و نەوەیەك پێدەگەیەنن کە تەنانەت ناتوانن لەناو ئەو پاسەشدا یەکتری قەبوولبکەن کە هاتوچۆیان پێدەکات و ئەم وڵاتە بە کەلاوە دەزانن، لەکاتێکدا هەر ئەم نەوەیە لە دواڕۆژدا دەبنە بەڕێوەبەرانی وڵات. لەناو هەموو ئەمانەدا، متمانە چیی بەسەر دێت و خەڵك چۆن بڕوایان بەیەکتر دەمێنێت؟

بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندییە بانسنوورییەکان، پەیوەندیە کۆنترۆڵنەکراوەکان، نرخ و قوربانیی خۆی گەرەکە و بۆی هەیە بە دەست بەرئەژنۆنان و پەشیمانبوونەوەش کۆتایی بێت، ئەو کاتەی قوربانییەکان لە دەستکەوتەکان زۆرتر دەبن. بێگومان لە داهاتوودا، خەڵك هووشیارتر دەبن، بەڵام بایی ئەوەش بەدگومانیی و متمانەسەندنەوەشیان لە سیستەمەکان زۆرتر دەبێت.

سیستەمی تەندروستی و خۆراك و گەشتوگوزار، پاکوخاوێنی و سیستەمی بانکەکان و ئیدارەکان و سیستەمی پەروەردە و کارگە و کۆمپانیاکانی خانووبەرە، هەموویان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی پاشەڕۆژیدان، ئەگەر نەڵێم لەبەردەم مەترسیی گەورە و باربوونەکراوەدان.

### لێپێچینەوە و متمانە:

لەماوەی ساڵی ڕابردوودا بینیمان لە هەولێر و سلێمانی، لیژنەکانی کۆنترۆڵی دەرمان و خواردن، چەندین چالاکیی گرنگیان ئەنجامدا و زۆرێك لەو دەرمانفرۆش و چێشتخانەو فرۆشگانەیان داخستن کە مەرجەکانی تەندروستی و خاوێنی نەیدەگرتنەوە. بۆی هەیە لە داهاتوودا هەمان هەڵوێست لە قوتابخانە سەرنەکەوتووەکان، لە زانکۆ قەتیسماوەکان و لە بانکەکانیش وەربگیرێ. دەبێت لە کۆمپانیاکانی خۆراك و سۆپەرمارکێت و کۆمپانیاکانی پەیوەندیی و مۆبایل و خانووبەرە دروستکردنیش وەربگیرێ، چونکە هەموویان سەرپێچی لەو پەیمان و مژدانە دەکەن، کە خۆیان

**قوتابخانە تایبەتیەکان بە ئاشکرا بازرگانیی بە گیرفانی دایکان و باوکانەوە دەکەن و نەوەیەک پێدەگەیەنن کە تەنانەت ناتوانن لەناو ئەو پاسەشدا یەکتری قەبووڵبکەن کە هاتوچۆیان پێدەکات و ئەم وڵاتە بە کەلاوە دەزانن**

بە خەڵکیان داوە و نایکەن. ئەوە هەڵوێست و کارێکی دروست و یاساییە و یارمەتیی خەڵك دەدات بۆ متمانە بەخشینەوەی بە حکومەت. پێویستە هەمان هەڵوێستیش لە سیستەمی خێزان وەربگیرێ و ڕەگوڕیشەی جۆرەکانی چەوساندنەوە، توندوتیژی و ترساندن لە ناو یەکەی خێزاندا ڕیشەکێش بکرێت و یارمەتییەکی زیاتری تیمەکانی تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی توندوتیژیی خێزانی بدرێت و لە هەڕەشەی چەکداریی بپارێزرێن، چونکە ئەوان ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکەن. ئەمە هەمان هەڵوێستە کە دەبێت حکومەت و جیهازەکانی پرسینەوەی لە سیستەمی هاتوچۆ و کۆنترۆڵکردنی شەقامەڕێکان و خێرایی گەلابە و ڕازاندنەوەی لۆری و سەیارە تایبەتیەکان بە جۆرەها فسفۆڕ و لایتی نایاسایی، وەریبگرێت. ئەمەش هەر تەنیا ئەرکی حکومەت نییە، هێندەی ئەوەی پێویستە ئۆپۆزیسیۆن هاوکارێکی باشی ئەمجۆرە ئەرکانەی حکومەت بێت. ئەمە

خاڵی هاوبەشی نێوان حکومەت و ئۆپۆزیسۆنە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پتر داهاتوویی و مرۆڤانە و دڵنیا و بیناکراو لەسەر متمانەی هاوبەش و دوولایەنە..

**متمانە و دۆخی پێشبینی نەکراو:**

فەیلەسووفی نەرویجی، لارس سڤینسن، لە کتێبێکی تازەیدا لەسەر «ترس» باس لەوە دەکات کە چۆن لە کۆمەڵگای هەنووکەدا ترس، نەك هەر لە کۆمەڵگا پێشمۆدێرنەکاندا، بەڵکو لە کۆمەڵگا پاشمۆدێرنەکانیشدا، کە چ لە ڕووی واقیعیی و چ لە ڕووی مێژوویییەوە، زۆر لەخۆیان دڵنیابوون، بە ئاسانی هێلانە دەکات. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی جیهان وەك جاران خۆی نادات بەدەست پێشبینیکردنەوە. تێگەیشتنی پێشوەختانە، پێشبینیکراو نییە. ئەم بیرۆکانە توێژەرێکی دیکەیان بیرخستمەوە: ساڵانێك لەمەوبەر کۆمەڵناسی ئەڵمانیی، (ئۆلریش بێك)، فێریکردین، کە ئێمە لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی مەترسیدار، یان کۆمەڵگای مەترسیداردا دەژین، کە تیایدا مەترسیی، پێشبینیکراو نییە. ئەو کاتەی کۆمەڵگا لە دۆخێکدا بوو، کە مەترسیی پێشبینی دەکرا، پێشوەخت و لە کاتێکی باشدا ئامادەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی، یان خۆپارێزی وەردەگیرا و بەوهۆیەشەوە لە ژمارەی قوربانییەکان و زەرەروزیانەکان کەمدەکرایەوە.

لە جیهانێکی گەردوونی و لەژێر دەسەڵاتی تەکنەلۆژیایەکی باڵادەست، بۆ تاکەکەس زەحمەت بووە خۆی بە ئاسانیی و بێکێشە ئاراستە بکات. هەمووان لەبەردەم کارەساتە سرووشتییەکان، ژینگەییەکان و تەنانەت بێکاربوونیشدا، دەبنە ئامانج. کاتێ لەپڕ بڕیارەکان سەبارەت بە نوێکردنەوە و گۆڕینی هەلومەرجەکانی کار لەلایەن سەرمایەگوزاران و سپۆنسەرەکانەوە دەدرێت و ئەوانیش مەرج نیە لەو شوێنە بن کە کارگە و کۆمپانیاکانیانی لێن، بەڵکو لە جێیەکی زۆر دوورتری جیهان بن، ئەوە متمانەی تاك بە کار و کۆمپانیاکان درزی تێدەکەوێت. ئەندازیارە تورکەکە نمونەیەکی باشە بۆ ئەم قسەیە کاتێ لە هەفتەکانی ڕابردوودا پارەی سەدان کرێکاری بردەوە و پەساپۆرتەکەی بەجێهێشت و کەس نەیزانی بۆ کوێ چووە. گوزارەی «چاوەڕێم نەدەکرد ئەم ڕۆژە بێت!»، یان گلەو بڕوایەدا نەبووم ئەمە ڕووبدات»، کورتکراوەی نیشانەکانی کۆمەڵگایەکی پڕ مەترسییە، کە هیچ شتێك بۆ هەمیشە دڵنیایی بە تاکەکەس نادات. ئەمەیە ڕۆحی کۆمەڵگای مەترسی کە ئێمە هەنگاومان بۆ ناوە.

**ئەوە مەترسیدارە کە هیچ متمانەی نەمێنێت. چونکە لە کاتێکدا متمانە و پشتبەیەکتر بەستن، پەیوەندییە مرۆییەکان بەهێز دەکات و کۆمەڵگای پێدەوڵەمەند دەبێت، ئەوە بێمتمانەیی خەرجییەکانی کۆمەڵگا دەباتە سەرێ و پەیوەندییەکان دەئاڵۆزکێنێ**

لەم بارودۆخەدایە، کە فەیلەسووفەکان پێماندەڵێن، لە کەمکردنەوەی شەڕانییەتدا بەکارهێنانی باروت کەمبکەینەوە و لە جیاتی ئەوە پشتبەیەکتر بەستن و متمانە وەك ستراتیژ هەڵبژێرین. چەندە بارودۆخێك، ڕێکخراوێك یان کۆمەڵگایەك و حکومەتێك، پەیوەندییەکانی ئاڵۆز بێت، ئەوەندەش زیاتر متمانە و بڕوابوون و پشتبەیەکتر بەستن گرنگیی خۆیان وەردەگرن. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین پێشبینی مەترسییەکان بکەین و ڕووداو هەمیشە خۆی دەسەپێنێ بەبێ ئەوەی فریای خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی بکەوین. ئەوکاتەی شتێکیش پێشبینی ناکرێت، نیشانەکانی بەدیار ناکەون و وەك فیلمە ترسناکەکان هەناسەمان لەبەر دەبڕێت ئاخۆ کەی بکوژ یان خوێنمژەکە لە تاریکاییەوە دەردەکەوێتەوە.

**ئێمە لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی مەترسیدار یان کۆمەڵگای مەترسیداردا دەژین، کە تیایدا مەترسیی پێشبینیکراو نییە**

ئەمە ئەو ساتەوەختەیە کە پێویستە لە نێوان متمانە و بێمتمانەیی لە نێوان پشتبەیەکتربەستن و پشتکردنە یەکتردا یەکێکیان هەڵبژێرین، کە ئەمەش بۆخۆی بڕیاردانمان تووشی گۆجبوون دەکات. چ گۆجبوون لە بڕیاردان و چ متمانە نەکردنیش بەیەکتر، نرخەکەیان قوورس و گرانە. بێگومان دەبێت، وەك (لارس سڤینسن)ی فەیلەسووف دەڵێت، «پێویستە جیاوازیی بکەین لە نێوان متمانەی ژیرانە و متمانەی گەمژانە»: مندالأ هەموو تەمەنی بەهەمان شێوەی منداڵی، متمانەی بە قسەکانی دایك و باوکی و گەورەساڵان نامێنێت و لە گەورەبوونیدا بە ژیریی و ئەزموونەکانی خۆیەوە بڕیار دەدات. بەڵام ئەوە مەترسیدارە کە هیچ متمانەی نەمێنێت. چونکە لە کاتێکدا متمانە و پشتبەیەکتر بەستن، پەیوەندییە مرۆییەکان بەهێز دەکات و کۆمەڵگای پێدەوڵەمەند دەبێت، ئەوە بێمتمانەیی خەرجییەکانی کۆمەڵگا دەباتە سەرێ و پەیوەندییەکان دەئاڵۆزکێنێ.

**متمانە و داهاتوو:**

کەواتە ئەو بەڵگانەی پێویستیمان بە متمانە و گەشەپێدانی متمانە بۆ دەسەلمێنن، زۆرن و ئەمەش فێرمان دەکات لە دوارۆژدا بە ڕۆحێکی

**بڕیاری ژیرانە ئەوەیە کە بڕوامان بەیەکتر لەق نەبێت و متمانە لەیەکتر نەستێنینەوە تا بتوانین بیرو وئایدیاکان بگۆڕینەوە، هاوکاری یەکتر بین و ڕەخنە لەیەکتر بگرین و تەنانەت ململانێش بکەین، بەبێ ئەوەی پێویستیمان بە بەوە هەبێت کە بیر لە هەڵگرتنی دەمانچە بکەینەوە**

وەرزشکارانەوە بژین، سەرمان ئاسوودە و لە ژیانی تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتیشماندا، دڵمان تەندووربێت. ئەمە هەمان ڕێنماییشە بۆ کۆمپانیا و شوێنەکانی کار لە هەردوو کەرتی تایبەتی و گشتیدا. ئەوانیش پێویستیەکی زۆریان بە چاندن و گەشەپێدان بە متمانە هەیە، چونکە لەم ڕێگەیەوە پاشەکەوتێکی زۆر دەکەن و ئەندام و کارگوزارانیان لەڕووی ڕۆحیی و جەستەیی و یاساییەوە لە «چاوەڕواننەکراو» دەپارێزن.

متمانە گرنگیشە بۆ خۆئامادەکردنمان بۆ داهاتوو و لە گەشەپێدانی توانا شەخسییەکانماندا، ئەگەر بمانەوێ پێکەوە بژین و کار بکەین. بیرۆکە و ئایدیاکانمان ئاڵوێر بکەین لەسەر خالأ و بەرژەوەندیی هاوبەش و بەرچەرچدانەوەی ئەو مەترسییانەی دەمانخەنە بۆسەوە بەبێ جیاوازیی بیرورا و ئایین، بەبێ جیاوازیی لە بۆچوونی سیاسی و بەبێ جیاوازیی لە پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا و بەبێ جیاکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات. گرنگە دڵنیابینەوە لەوەی کە ئێمە پێکەوە لە هەمان کۆمەڵگادا، بیرۆکەکان لەیەکتر نادزین و مشەخۆری بەسەر هەوڵەکانی یەکترەوە ناکەین. داهاتوو پیشانیدەدات، کە ئەو ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵاتە، ئەو کارگە و کۆمپانیا و ئەو هاووڵاتیی و دەسەڵاتەی متمانەیان بەیەکتر هەیە، سەرکەوتووتر بوون لەوانەی بێمتمانەبوون بەیەکتر.

هەرچەندە جیهان لە ئێستادا وەك جیهانێکی بێبەزەیی و نادڵنیا دیارە و ئێمە ناوبەناو لە ئاستی تاکەکەسی و نەتەوەیی و ڕەگەزییدا بە ئەزموونی تاڵدا تێپەڕ دەبین و وا دەزانین ژیان دەمانخەڵەتێنێ، بەڵام بڕیاری ژیرانە لە پەرچەکرداری کاتیی گرنگترە. بڕیاری ژیرانە ئەوەیە کە بڕوامان بەیەکتر لەق نەبێت و متمانە لەیەکتر نەستێنینەوە تا بتوانین بیرو وئایدیاکان بگۆڕینەوە، هاوکاری یەکتر بین و ڕەخنە لەیەکتر بگرین و تەنانەت ململانێش بکەین، بەبێ ئەوەی پێویستیمان بە بەوە هەبێت کە بیر لە هەڵگرتنی دەمانچە بکەینەوە کاتێ لە هەمان کۆمەڵگادا پێکەوە دەژین، بەبێ ئەوەی بیر لە دروستکردنی پڕوپاگەندە و ئەفسانە دروستکردن بکەینەوە، لەسەر بەرنامە و پڕۆژەکانمان و لە کاتی فەشەلدا لە وڵات ڕابکەین و باری بەرپرسیاریەتی لەشانی خۆمان دابگرین..

# زیادکردنی رووبەری سەوز لەشارەکاندا



بەپێی پێوەرەکانی نیشتەجێکردن، پێویستە لە دیزاینی شاردا چەند مەرجێکی ژینگەیی لەبەرچاو بگیرێن، لەوانە:-

* دەبێت هەر کەسێك (٢) دووەمەتر دووجای لە گۆڕەپانی یاریی بەربکەوێت لە سنووری گەڕەکەکەی خۆیدا.

* دەبێت هەر کەسێك لە نێوان (١,٥ – ٢,٥) مەتر دووجای لە باخچەو رووبەری سەوزایی بەربکەوێت لە گەڕەکەکەی خۆیدا.

* بەپێی پێوەری جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، دەبێت هەرکەسێك لە شارەکەی خۆیدا لە نێوان (١٥ – ٢٠) مەتر دووجای لە باخچەو رووبەری سەوزایی بەربکەوێت.

ئەم مەرجە ژینگەییانە کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر چاکترکردنی ژینگەو ژیانی مرۆڤەکان لە شاردا، لەوانە :

١- رووبەری سەوزایی رۆڵی بەرچاوی هەیە لە هەڵمژینی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و، بەرهەمهێنانی ئۆکسجین.

٢- رۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی تینی تیشکی رۆژ بە رێژەی لە (٨٦٪).

٣- رۆڵی هەیە لە بەرگرتن لە رەشەباو گەردەلوول.

٤- رۆڵی هەیە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە رێگەی کۆبوونەوەو دانیشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە پارکێکدا یان لە سەیرانگایەکدا.

٥- رۆڵی هەیە لە ئارامکردنەوەو چاکترکردنی باری دەروونی مرۆڤ، کە رەنگی سەوز کاریگەریی پۆزەتیڤی هەیە لەسەر کەمکردنەوەی هۆرمۆنی بەرپرس لە گرژبوونی باری دەروونیی، هەر لە بەر ئەمەشە کە دەوڵەتانی جیهان هەوڵ دەدەن زیاتر لەو پێوەرە نێو دەوڵەتیانەش، رووبەری سەوزایی لە شارەکاندا زیاد بکەن، بۆ نموونە لە شاری (پەکین)ی پایتەختی (چین)، هەر تاکێك رووبەری (٤٥) مەتر دووجای لە سەوزایی بەردەکەوێت و، لە (تاران)ی پایتەختی (ئێران)یش هەر تاکێك زیاتر لە (٢٠)مەتر دووجای بەردەکەوێت!

کەچی لای ئێمە لە شارەکانی خۆماندا کە پێش دەیان ساڵ باخچەی گشتییان تێدا کراوەتەوە ئێستا بە بەراورد لە نێوان رووبەری خانووبەرەو رووبەری باخچەو سەوزایی، نزیکەی لە (٧٪)ی رووبەری شار سەوزاییییە.

بۆیە گرنگە کە شارەوانیی چەند هەنگاوێك بگرێتە بەر لەوانە :-

١-لەکاتی پێدانی مۆڵەتی بیناکردندا بە مەرجی بگرێت کە رووبەرێکی دیاریکراوی خانووەکان بکرێنە باخچە ئەگەر کەمیش بێت، چونکە دەرکەوتووە کە تەنها (یەك) درەخت لە رۆژێکدا بەشی (٣) کەس ئۆکسجین بەرهەم دەهێنێت!

٢- زیادکردنی باخچەو پارکی گشتی لە نێو شارەکانداو، رێگەگرتن لە بەخانووکردن و کارگەکردنی ئەو زەوییانەی کە لە دیزاینی بنەڕەتی شاردا بۆ باخچە دانراون.

٣- لەبەر کەم ئاویی، ئەو درەخت و دارانە بچێنرێت کە ئاوی کەمیان دەوێت و، ئاودانی بەدڵۆپەش پەیرەو بکرێت و، درەختەکانیش لە جۆری هەمیشە سەوز بن لە هەر چوار وەرزەکاندا.

٤- بەردەوام ئاگای لە پێوەری جیهانیی بێت بۆ رووبەری سەوزایی چونکە رۆژ لە دوای رۆژ دانیشتوانی شارەکان لە زیادبووندان و رووبەری سەوزاییش لە کەم بووندایە، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی مەرجە ژینگەییەکانە لە دیزاین کردنی شاردا.

**لە شارەکانی خۆماندا کە پێش دەیان ساڵ باخچەی گشتییان تێدا کراوەتەوە ئێستا بە بەراورد لە نێوان رووبەری خانووبەرەو رووبەری باخچەو سەوزایی، نزیکەی لە (٧٪)ی رووبەری شار سەوزاییییە**

# لە چیدا کابینەکەی نێچیرڤان بارزانی، دەکرێ جیا بێ؟



ئاسۆ کەریم

لە ٢/١٥وە، نێچیرڤان بارزانی لە پەرلەماندا بۆ سەرۆکی حکوومەت و عیماد ئەحمەد بۆ جێگری ئەو، ناوزەد کران. دواتر لە ٣/٨ دا، سەرۆك بارزانی بە رەسمی بۆ پێکهێنانی کابینەی حەفتەم، هەردووکیانی راسپارد. ئیدی تا ٤/٨ دەرفەت لەبەردەمیاندا کراوەیە کە بە خۆیان و لیستی ئەندامانی کابینەی نوێوە بێنە بەردەم پەرلەمان بۆ متمانە وەرگرتن و سوێندخواردن و پاشان دەست بەکاربوون. بەگشتی لە هەر ولاتێکدا کە چاوەڕێی کابینەیەکی تازە دەکرێ، خەڵك سایەدیی سێ خاڵ دەکەن:

یەکەمیان، سەرۆکی راسپێردراوی حکوومەت، خۆی کێیەو چ تواناو ئەزموونێکی بەڕێوەبردن و سازان و حکوومەتداری هەیە و چ زۆرینەیەکی پەرلەمانیی لەپشتە.

دووەمیان، ئەندامانی کابینەکەی و ئەو ستافەی لەگەڵ ئەودا کاردەکەن کێن و چ کارەن.

سێیەمیان، کارنامەی حکوومەت چییە و «ئەولەویات»ەکانی چۆن ریز دەکات.

بەلای منەوە، لە هەرێمی کوردستاندا، خاڵێکی تریش لەپاڵ ئەماندا بەهەند وەردەگیرێ: ئەویش ماوەی کابینەکەیە کە تەنیا ساڵ و نیوێکی لەبەردەمدا ماوە، چونکە ئەم دەورەیەی پەرلەمان لە هاوینی ساڵی ئایندەدا بەکۆتا دێت و هەڵبژاردنی گشتی دەکرێتەوە. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو ماوە کورتە، کاریگەریی لەسەر کارنامەی کابینەکە دادەنێ.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، واتە بوونی نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی حکوومەت. هەڵبەت خەڵك دەیناسن و حکوومەتداریی ئەو و جێگرەکەی، عیماد ئەحمەدیان لە کابینەی پێنجەم تاقی کردۆتەوە. تا رادەیەك خەڵك، توانای هەڵکردن و سازانی نێچیرڤان بارزانی-یان لەبەرچاوە لە کاری پێکەوەیی و هەڵسوڕان لە کابینەیەکی ئیئتلافی، وەك سەرەتای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی. واتە بەیەکەوە کارکردنی پارتی و یەکێتی لە حکوومەتێکدا بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی دوای ١٠ ساڵ شەڕو گرژی و لێکدابڕان.

بە تەجرەبە دەرکەوتووە، حکوومەت ئەو دەمە کاراو راپەڕە، کە حزبێکی سیاسی لەناو پەرلەماندا خۆی بە تەنیا زۆرینەی هەبێت، پشتیوانی لێ بکات. ئەو دەم ئەندامانی کابینە وەکو یەك تیمی رێکوپێك و بەیەکەوە گونجاو هەڵدەسوڕێن و پاش چوار ساڵ ئەو حزبە دێتەوە بەر دەم خەڵك. خەڵکیش لە هەڵبژاردنی گشتیدا، دەتوانێ سوك و سانا هەق و حیسابی لەگەڵدا بکات کە تا چەند ئەو حزبە کابینەکەی سەرکەوتوو بووە یان نا. هەرچی کابینەی ئیئتلافیە، ئەوا ئەگەر پێویست و لەناچاریش بێت، کۆمەڵێ گرفت و ئاریشەی خۆی هەیە. بەر لە هەموو شتێ، سیاسەت و بەرنامەی حکوومەتە، کە دەبێت پشکی هەمووانی تێدا بێ و هەمیشە حکوومەت دەبێ هاوسەنگی رابگرێ و ئەمەش بەندە بە وردەکارییەکانی ئیئتلاف و گۆڕانکاری و هاوکێشەکانی ترەوە. راستە پارتی و یەکێتی، وەکو دوو حزبی هاوپەیمان، فراکسیۆنێکی زۆرینەیان هەیە لەناو پەرلەماندا. بەڵام پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی کوردستان و تەنانەت هەلومەرجی سیاسیی «ناوخۆیی و عێراقی و ناوچەیی»، وا دەخوازن کابینەکە بنکە فرەوانتر بێت.

**راستە پارتی و یەکێتی، وەکو دوو حزبی هاوپەیمان، فراکسیۆنێکی زۆرینەیان هەیە لەناو پەرلەماندا. بەڵام پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی کوردستان و تەنانەت هەلومەرجی سیاسیی «ناوخۆیی و عێراقی و ناوچەیی»، وا دەخوازن کابینەکە بنکە فرەوانتر بێت**

ئەوەی پەیوەندیی بە خاڵی دووەمیشەوە هەیە، ئەندامانی کابینە کێن؟ چەندیان لە کابینەکانی پێشتردا وەزیر بوون و چەندیان بۆ یەکەمین جارە پۆستی وەزاری وەردەگرن. ئەوانەی پێشتر وەزیر بوون، داخوا کاراو چالاك و لە ئاستی رەزامەندیی خەڵکدا بوون و تا چەند بۆ قۆناخی ئێستا دەست دەدەن و دەبنە خاڵی بەهێزی کابینە یان

بەپێچەوانەوە. راستە پۆستی وەزاری، پۆستێکی سیادی و سیاسییە پێش هەر ئیعتوبارێکی تر، لێ ئاستی خوێندن و شارەزایی و کردەیی بوون بۆ ئەم کابینەیە هەقە لەبەرچاو بگیرێ. ئەوە تا چەند لە کابینەیەکی ئیئتلافیی بنکە فرەواندا دێتەدی، لە هەقیقەتدا ئاسان نییە، بەڵام دیسان پێویست بەوە دەکات، ئەندامانی کابینە پێش هەموو شتێ، کەسانی لێزان و راپەڕ و بەکار بن...

بۆ خاڵی سێیەمیش، بەڕای من، کارنامەی حکوومەت دەوەستێتە سەر ئەوەی کە داخوا، بێ لە پارتی و یەکێتی، چ حزب و لایەنێکی تر بەشداریی لە کابینەدا دەکات. داخوا هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن، یەك یان دووانیان دێنە ناو حکوومەت یان نا، یان درێژە بە ئۆپۆزیسیۆنبوونی خۆیان دەدەن. هەر چۆن بکەوێتەوە، پێویستە کارنامەی حکوومەت روون و پوخت و کورت و کردەیی بێ و مایەی جێبەجێکردن بێت لەم ساڵ و نیوەی لەپێشە. بێشك، ئەوە دەوەستێتە سەر چوار هۆکار: ١- حکوومەت چ تواناو سەرچاوەیەکی دارایی و مرۆیی لەبەردەستە، ٢- ئەو داهات و توانایە بە گوێرەی چ پلانێکی دیراسەت بۆ کراو لە سێکتەرەکاندا خەرج دەکرێ و ئەولەویاتەکان چۆن ریز دەکرێنەوە: تەندروستی، پەروەردە، کشتوکاڵ، ئاوەدانکردنەوە، کارەبا. ٣- میکانیزمەکانی جێبەجێکردن و ئەدای کار راپەڕاندن کە لەوەیاندا پەرلەمان پشکێکی هەیە. ٤- حکوومەت، چۆن دەکارێ سەرچاوەی داهاتەکانی زۆرتر بکات و چۆن خەرجییەکانی کارپێکردن کەم دەکاتەوە..

بەهەرحاڵ حکوومەت ناتوانێ، بە باشی هەڵبسوڕێ و کارنامەکەی چەند پوخت و رەختیش بێت، جێبەجێ بکات، ئەگەر بە جیدی پێش لە خۆرەو مۆرانەی گەندەڵی نەگرێ. بۆ ئەمەش ریفۆرم و شەفافیەت و بەرپرسیارەتی و لێپێچینەوە و دیالۆگ و هاوکاری بەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی گەرەك و پێویستە...

حکوومەت بۆ ئەوەی حکوومەتێکی باش و دڵخوازی خەڵك بێت، دەکارێ لە ناوخۆیدا، وردبوونەوەی حیسابی و دارایی لە داهات و خەرجییەکانی خۆیدا بکات. لە دەرەوەی خۆیشدا، حکوومەت رێخۆشکەر بێت بۆ ئەوەی دیوانی چاودێریی دارایی، لەکاتی خۆیدا، شەفافانە ئەرکەکانی رابپەڕێنێ کە بە داخەوە هەستە بە بوونی ئەو دیوانە لە چاودێریی موڵك و ماڵی گشتی ناکرێ و، دەستەی داواکاریی گشتی-یش بگوازرێتەوە سەر دەسەڵاتی دادوەری و بە قانوون رێکبخرێتەوە، هەرچی دەستەی نەزاهەشە، کە تا ئێستا تەنیا قانوونەکەی بۆ دەرچووە، پێکبهێنرێ.

دیارە بەر لە راپەرین، کوردو بزووتنەوە سیاسییەکەی هەردەم لە رِکە و لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دابووە و لە ١٩٩١-ەوە تا ٢٠٠٩، لایەنە سیاسییەکان بە گوێرەی قەبارەو سەنگی خۆیان، خراپ یان چاك، بەیەکەوە حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانیان کردووە. ئەوەش سێ دەرهاویشتەی هەبووە: ١- مانەوەو بوونی کولتوورێکی کەڵەکەبووی ئۆپۆزیسیۆنبوون بە مانای رووخاندنی سیستەمی ئارا لە زیهنییەتی هەمووان‌دا، ٢- نەبوون یان جێ نەگرتوویی کلتووری حوکمەتداری و بەرێوەبردنی مۆدێرنی «دابراو لە ئیدارەو هەڵسوڕانی شاخ»، ٣- نەبوونی کلتوورێکی دیموکراتی لە بەیەکەوە هەڵکردن و سازان و کێبرکێ و ململانەی سیاسیدا کە ئاستەنگە لە بەردەم ئەمدەست و ئەودەستپێکردنی بەئاشتییانەی دەسەڵات «یان بەرەو پێکەوەبوون یان سەنگەر لێکدی گرتن و دوژمنکاری».

ئایا ٢٠٠٩/٧/٢٥ قۆناخێکی نوێ بوو بە مانای هەوڵدان بۆ دابڕان لەو کلتووره باوانە؟ هەر یەك لە بەرەی دەسەڵات و لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن وەڵامی خۆیان هەیە. بێ لەوە هەردوو بەرە زادەی ئەو هەلومەرج و کلتوورەن و کاریگەریی ئەو کلتوورەیان بەسەرەوەیە. بۆ دابڕان و جێهێشتنی ئەو کلتوورە، زەوینەیەکی سیاسی پێویستە کە دیالۆگ لە نێوان هەردوو بەرەدا بکاتە بنەڕەت و تیشك بخاتە سەر هەم خاڵە جیاوازەکان و هەم خاڵە ناوکۆییەکان کە لە کوێدا بەرژەوەندەکان یەکتر دەبڕن و لە کوێدا تێکدەکەنەوە...

کابینەی حەفتەم بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، هەڵبەت بە بڕوای من، لەباری دا هەیە بەلایەنی کەمەوە ئەو زەمینەیە بڕەخسێنێ کە لەو کلتوورەی سەرێ، هەنگاو بە هەنگاو، دوور بکەوینەوە. نیشانەی ئەو ئامادەگییە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئامادەیە دەستپێشکەری بکات و لە دەرگای لایەنەکان بدات و گوێ بگرێت. واتە دردۆنگیی سیاسی برەوێنێتەوەو جۆرێ لە متمانەی سیاسی لەنێوان نوخبەی سیاسیدا بێنێتە کایەوە کە دواتر لە رێگەی دیالۆکەوە، زەوینەی بۆ خۆش بکات بۆ سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی کۆی سیستەمەکە کە جێ پێ بەو کولتوورە خۆگرتووانەی ناو کوردەواری لێژ بکات. ئەگەر ئەوەی پێکرا، هەڵبەت بە هاوکاریی هەمووان، لە کابینەکانی پێش خۆی جیا دەکرێتەوە!

**پێویستە کارنامەی حکوومەت روون و پوخت و کورت و کردەیی بێ و مایەی جێبەجێکردن بێت لەم ساڵ و نیوەی لەپێشە**

**کابینەی حەفتەم بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، لەباری دا هەیە دردۆنگیی سیاسی برەوێنێتەوەو جۆرێ لە متمانەی سیاسی لەنێوان نوخبەی سیاسیدا بێنێتە کایەوە**

**حکوومەت ناتوانێ، بە باشی هەڵبسوڕێ و کارنامەکەی جێبەجێ بکات، ئەگەر بە جیدی پێش لە خۆرەو مۆرانەی گەندەڵی نەگرێ. بۆ ئەمەش ریفۆرم و شەفافیەت و بەرپرسیارەتی و لێپێچینەوە و دیالۆگ و هاوکاری بەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی گەرەك و پێویستە**



# عێراق لەدەوڵەتی فاشیلەوە

ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە عێراق وەك دەوڵەتێکی فاشیل پێناسە بکەین، کە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخی فیدرالی و دیموکراتی خۆی بونیاد بنێتەوە و زام و نەهامەتیەکانی گەلانی عێراق سارێژ بکات، ئەوا لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەکۆتایی ساڵی ڕابردووەوە لەعێراق و دروستبوونی ئاستەنگ و ئاڵۆزی لەنێوان هەردوو قەوارەی سەرەکی لیستی ئەلعراقیە و لیستی دەوڵەتی یاسا و پەکخستنی تەواوی کارە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت و هەڵکشانی ڕێژەی توندوتیژی لەناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بەگشتی و بەغدا بەتایبەتی، ئەمە مانای ئەوەیە حکومەتی عێراقیش وەك حکومەتی فیدرالی شکستی هێناوە و ئێستا بەکردەیی وەك حکومەتێکی سەنترالی ڕەفتار دەکات و دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر پارێزگاکانی عێراقدا (بێجگە لەهەرێمی کوردستان) بسەپێنێت، هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە پابەندنەبوون بەڕێککەوتن و پێکهاتنەکانی نێوان قەوارە سیاسییەکان، هەربۆیە هەموو چاودێران مەزندەی ئەوە دەکەن ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق نەتوانێت لەئاستی داخوازی هاووڵاتیانی عێراقدا بێت، لەم لایەنەوە پرسیارمان لەپەرلەمانتاری عێراق سەفیە سوهیل کرد، ئەویش سەبارەت بەباری ئێستای پرۆسەی سیاسی و هەروەها ئاستی کارەکانی حکومەتی عێراق لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (ئاشکرایە قەوارە سیاسییەکانی ئێمە کێشەیان هەیە لەتێگەیشتنی ڕاستەقینە بۆ «هاوبەشی» لەبەڕێوەبردنی حکومەتی عێراق و هەروەها تێگەیشتنی جیاواز لەنێو هێزە سیاسییەکاندا هەیە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی هاوبەش هەر لەساڵی ٢٠٠٣ـەوە و پاش حکومەتە یەك بەدوای یەکەکان و گۆڕینی «حکومەتی نیشتمانی یەکگرتوو» بۆ «حکومەتی هاوبەش» هەتا دەگاتە ڕێککەوتنەکەی «هەولێر» و پێکهێنانی حکومەتی ئێستا، بەڵام ئاشکرایە کە وێڕای هەموو وتووێژ و دانوستانەکان هێشتا هیچ ئارەزوویەکی ڕاستەقینە لەئارادا نییە بۆ گەیشتن بەتێگەیشتنێکی هاوبەش کە مایەی پتەوکردنی هاوبەشبوون



# بۆ حکومەتی فاشیل

بێت لەبەڕێوەبردنی حکومەتدا لەلایەن پێکهاتەکانەوە، بەڵام تاکو ئەمڕۆیش کێشەی نامتمانەیی هەیە لەڕووی کاری هاوبەش بۆ بونیادنانی ئایینده و فەراهەمکردنی مافەکانی هەموو پێکهاتەکان. بۆیە ئەگەر لەم بارودۆخە ڕزگارمان بێت، من تەنیا ڕیگە بەگەڕانەوە بۆ دەستوور دەبینم، بەڕای من ئێستا کاتی ئەوە هاتووە جەخت بکەینەوە لەسەر جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی ژمارەیەك لەماددەکانی دەستووری عێراق، لەبەرئەوەی دەستوور هەندێك ماددەی تێدایە پێویستیی بەهەموارکردن هەیە، دڵنیام ئێوەیش ئاگادارن کە ئەم مەسەلەیە چەند گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ بیینمان کام لیست هەڵبژاردنەکانی بردەوە و کام هاوپەیمانێتی پاش بردنەوەی هەڵبژاردنەکان پێکهێنرا بۆ پێکهێنانی قەوارەی گەورەتر لەناو پەرلەماندا، بۆیە پێویستە لەم مەسەلانەدا بگەڕێینەوە بۆ دەستوور و ئەو تەمومژییە لەسەر هەندێك لەماددەکانی دەستوور هەڵگرین لەڕێگەی ئەنجامدانی هەموارەکان و جەختکردنەوە لەسەر پرۆسەیەکی دیموکراسیی ڕاستەقینە و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکان و دووركەوتنەوە لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکانی پارت و لایەنە سیاسییەکان لەپێناو بونیادنانی حکومەتێك کە لەتوانایدا هەبێت خزمەت بەگەل بگەیەنێت، نەك قەیرانی یەك بەدوای یەکی بۆ بخولقێنێت. ئاشکرایە ناکۆکییەکان پەیوەستە بەهەوڵی لایەنەکان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات لەسەر حسابی لایەنەکانی بەرامبەر. هەربۆیە کە دێنە سەر باسی دەستوور و پابەند بوون بەدەستوورەوە، سیاسەتوانەکان ئەو بڕگانە لەدەستوور وەردەگرن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان دەگونجێت، بەڵام ئەگەر هات و مەسەلەیەك هاتەپێشەوە و هەستیان بەوەکرد کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان ناگونجێت، ئەوکات زیاتر هەوڵدەدەن بۆ دۆزینەوەی شیکارێکی تەمومژ نەك شیکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ماددەکانی دەستوور)).

خاتوو سەفیە هۆکاری فەشەلی حکومەت بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە هێشتا سیاسەتمەدارانی عێراق لەچەمکی بەشدار و هاوبەشی ڕاستەقینە لەحکومەت تێنەگەیشتوون،



سەفیە سوهیل بۆ گوڵان:

# کاتی ئەوە هاتووە جەخت بکەینەوە لەسەر جێبەجێکردنی راستەقینەی ژمارەیەک لەماددەکانی دەستووری عێراق

لەم حاڵەتەشدا ناگەڕێنەوە بۆ دەستوور، هەتا ئەگەر بشگەڕێنەوە، بەپێی بۆچوونی خاتوو سەفیە هەندێك لەبڕگەکانی دەستوور تەفسیری جۆرا و جۆری بۆ دەکرێت، هەروەك چۆن لەپێکهێنانی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان ئەم ئاستەنگە دروستکرا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەتوانرا ئەم کێشەیە یەکلا بکرێتەوە، بۆیە سەبارەت بەچۆنیەتی خۆ قوتار کردن لەم پرسە و گێڕانەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق بۆسەر سکەی خۆی و دووبارە پێکەوە کارکردنی قەوارە جیاوازەکان، پرسیارمان لەپەلەمانتار جەمال بەتیخ کرد، ئەویش لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کردو وتی: (هەر لەساڵی ٢٠٠٣ـەوە تاکو ئەمڕۆ بەقۆناغی گواستنەوە تێپەڕیوین، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە بارودۆخێکی ئەتۆ قەیران و ناکۆکیەکانمان کۆتاییان بێت، هۆکاری قەیرانەکانیش لەسەرکردە سیاسییەکانەوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە، ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردە سیاسییەکان کاریگەریی لەسەر ڕەوشی سیاسی هەیە، هەندێك لەلایەنە ناکۆکییەکان بریتین لەلایەنی تایفەگەری و لایەنی مەزهەبی و لایەنی قەومی بەوشێوەیەی کە دەبینین ڕکابەری و ململانێ لەئارادا هەیە لەپێناو وەدەستهێنانی بەرزترین ڕێژە لەدەسەڵاتەکان لەڕووی ماددی و مەعنەوی، هەروەها زۆربەی سیاسەتوانەکانمان خۆیان لەپشت ڕێککەوتنی سیاسی حەشارداوە کە زۆرجار ئەو ڕێککەوتنە سیاسییانە وەکو کارتی فشار بەکاردەهێنرێت لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان، لەبارودۆخی لەم جۆرەدا بێگومان هەموو شت دەبێتە ڕێککەوتن و سەفقەی سیاسی، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی دەستوور پشتگوێ بخرێت، کە دەستووریش پشتگوێ خرا، ئەوا دەوڵەت و حکومەت لاواز دەبێت و ئاکامەکەشی دەبێتە هۆکاری

**حکومەتی عێراق وەك حکومەتی فیدراڵی شکستی هێناوە و ئێستا بەکردەیی وەك حکومەتێکی سەنتراڵی ڕەفتار دەکات و دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر پارێزگاکانی عێراقدا (بێجگە لەهەرێمی کوردستان) بسەپێنێت**

سەهەڵدانی کێشە و ناکۆکی، لەم بارودۆخەدا من پێموانییە بارودۆخەکە بەئاسانی هێور بێتەوە، بەڵکو وای دەبینم چارەسەری ئەم بارودۆخە پێویستی بەوە هەیە ئەو بۆمبە سیاسییەی ئێستا لەناو پرۆسە سیاسییەکەدا بوونی هەیە پوچەڵبکرێتەوە، من تێناگەم ئەوە نزیکەی ٩ ساڵ تێپەڕیووە، بەڵام نە پڕۆژەی پەرەپێدان ئەنجامدراوە و نە ڕەوشێکی ئەمنیی سەقامگیر دابینکراوە، لەڕاستیدا تێکهەڵکێشییەکی زۆر هەیە لەنێوان قەیرانە سیاسی و ئەمنییەکان، ئێمە هیوای ئەوە دەخوازین «عێراق» هەنگاو هەڵگرێت بەرەو ئاڕاستەی ئارامی و ڕێککەوتنی سیاسی و ڕەفتاری ئەقڵانە و دوورکەوتنە لەقۆناغی «هەرزەکاریی سیاسی» کە ئەمڕۆ هاووڵاتیانی ئاسایی ڕۆژانە لەمیدیاکان و کەناڵە ئاسمانییەکاندا بەدواداچوونی دەکەن و باسی دەکەن، هەربۆیە وێڕای کێشە و ناکۆکییەکان، پێویستە سەرکردە سیاسییەکان هەڵستن بەپێداچوونەوەی بارودۆخەکان بەتایبەتی هەڵوێستەکانی خۆیان لەسەر ئاستەکانی حزبی و قەوارەکان، ئەگەر نا ئەم «تۆنێلە» دەروازەی دەرچوونی نییە، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرنگ دەکەم، هەربۆ نموونە: هۆکاری سەرەکیی ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەنامتمانەیی و ڕقوکینە لەنێوان سەرکردەی قەوارە سیاسییەکان،

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایفەگەری و ناوچەگەری، بەڵام وێڕای ئەمانە هۆکاری دیکەیش لەپشت ململانێی نێوان تایفە و گرووپەکان هەیە بۆنموونە ناکۆکیی (شیعە – شیعە) لەگەڵ ناکۆکیی (سوننە – سوننە)، هەروەها ناکۆکیی (شیعە – سوننە) لەگەڵ ناکۆکیی (عەرەب – کورد)، ڕاستە هەموو سەرکردەکان پێکەوە دادەنیشن، بەڵام لەواقیعدا ئەو هەموو ناکۆکییانە لەنێوانیاندا هەیە، تێکهەڵکێشییەکی زۆر هەیە لەنێو سەرکردە باڵادەستەکانی وڵات و ئەمەیش بۆتەهۆی نالەباربوونی سیاسەتی وڵات و ڕێگرە لەبەردەم «عێراق» و ناهێڵێت جێگەی خۆی بکاتەوە، لایەنی کەمەوە لەنێو وڵاتانی هەرێمی و وڵاتانی جیهان، پێویستە ئەم کێشەیە بەکۆتابێت لەڕێگەی سەرهەڵدانی سەرکردەی دڵسۆز کە گەلەکەیان خۆشبوێت و گەلیش ئەو سەرکردانەیان خۆشبووێت ئەویش پاش ئەوەی بەرەوپێشەوەچوون لەبارودۆخەکان ببینن لەڕووی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ و کێشەی بێکاری و باشترکردنی سیستەمی پەروەردەیی و ڕەخساندنی هەلی کار و ناردنی گەنجەکانمان بۆ وڵاتانی دەرەوە بەمەبەستی مەشق و ڕاهێنان، ئەگەر هات و هاووڵاتی هەستی بە بەرەوپێشەوەچوون کرد لەم بوارانە، ئەوکات خۆشەویستیی لەلا دروست دەبێت بەرامبەر سەرکردەکانی و لەبەرامبەریشدا سەرکردەکانیش هاووڵاتییان خۆشدەوێت و ئەو هەستە دەبێت بەهەستێکی دوولایەنە و دەبێتە مایەی خولقاندنی ژینگەیەکی پڕ لەخۆشی و ئاسوودەیی)).

کەواتە هەردوو پەرلەمانتار سەفیە سوهیل و جەمال بەتیخ دان بەو ڕاستیەدا دەنێن ئەگەر هەوڵێکی جددی لەئارادانەبێت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە ئەوا هەرگیز ڕووناکی لەکۆتایی تونێلی قەیرانەکانەوە دەرناکەوێت، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی دیکە

**زۆربەی سیاسەتوانەکانمان خۆیان لەپشت ڕێککەوتنی سیاسی حەشارداوە کە زۆرجار ئەو ڕێککەوتنە سیاسییانە وەکو کارتی فشار بەکاردەهێنرێت لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان**



## جەمال بەتیخ بۆ گولان:

# هیچ ئیرادەیەکی ڕاستەقینە لەئارادا نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گەندەڵیەی ئێستا لەحکومەتی عێراقدا هەیە

بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی عێراق باجەکەی بدەن، سەبارەت بەکەموکورتی خزمەتگوزارییەکان و خەمساردی حکومەتی عێراق بۆ بەدەنگەوە چوونی خزمەتگوزارییە پێویستەکان، سەفیە سوهیل لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گولان وتی:(حکومەتی عێراق نەیتوانیووە لەئاستی دابینکردنی لانی کەمی خزمەتگوزراییەکانی هاووڵاتیان بێت، لەبەر ئەوەی هەموو قەوارە سیاسییەکان لەسەر بنەمای خزم خزمێنە و نزیکی لەسەرکردە سیاسییەکانەوە، کەسەکانیان بۆ پۆستەکانی حکومەت هەڵبژاردووە، هەربۆیە ئەگەر وەزیر و کاربەدەستەکان بیانتوانیایە خزمەتگوزاری و کاروبارەکان بەشێوەیەکی دروست و گونجاو و دوور لەگەندەڵی بەڕێوەبەرن، ئەوە بارودۆخەکە نەدەگەیشتە ئەمڕۆ، کە من پێموایە ئەمڕۆ هیچ ئیرادەیەکی ڕاستەقینە لەئارادا نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گەندەڵیەی ئێستا لەحکومەتی عێراقدا هەیە، ئەگەر هەوڵێکیش بدرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئەوە تەنیا لەسەر گەندەڵکارە بچووکەکان پیادە دەکرێت نەك لەسەر گەندەڵکارە گەورەکان، کەواتە چۆن حکومەت دەتوانێت خزمەتگوزارییەکان بۆ گەل دابین بکات لەکاتێکدا وەزارەتەکان ڕێگەیان لەبەردەم گیراوە و ناتوانن پڕۆژە و بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن؟ بەڕای من زۆربەی هۆکارەکانی بۆ گەندەڵی دەگەڕێتەوە، بۆنموونە ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ کارەبا تەرخانکراوە، بەپێی ئەو هەموو ڕاپۆرتانەی کە بەدەستمان دەگات، بۆمان دەرکەوتووە کە یان ئەوەیە دەسەڵاتی جێبەجێکاری و سەرپەرشتیارانی پڕۆژەکان ناشیاون و ناتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، یانیش ئەوەیە گەندەڵیی دارایی و بەفیڕۆدانی پارەکان ڕوویداوە، تەنانەت گەر بەمەبەست بێت یان بەبێ مەبەست، لەئاکامیشدا دەبینین سێ چارەگ لەپارەی تەرخانکراو بۆ هەر پڕۆژەیەك بەفیڕۆ دەڕوات، بەفێرۆدەدرێت، یان دەدزرێت،

لەئاکامیشدا دۆسیەی خزمەتگوزارییەکان هەر هیچ بەرەوپێشەوەچوونێك بەخۆیەوە نابینێت، ئەگەر بۆ مەسەلەی کارەبا سەیری هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین هەرێم توانیوویەتی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات تەنانەت ئەگەر بەڕێگەی کەرتی تایبەتیش بێت، هەربۆیە نەتوانینی چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا لەناوەڕاست و باشوور، ئەمە بەڕای من پەیوەستە بەگەندەڵیی حزبی و هەروەها پەیوەستە بەهەندێك هاوکێشە کە بەڕێوەبەری وەزارەت و دامەزراوەکان و لایەنە پێوەندارەکان بەهەلی وەردەگرن لەڕووی بڕیاردان لەسەر هەندێك لەمەسەلەکان بۆئەوەی تەنیا خۆیان یان پارتەکەیان یانیش گرووپەکەیان سوودمەند بن و هەوڵدەدەن بەتەواوەتی سوودمەندبن لەهەموو جموجۆڵ و جووڵانەوە و هەروەها لەسەر ئاستی هەموو پڕۆژە و کاروبارەکان، هەروەها هەلی یەکسان بۆ هەموو عێراقییەکان نییە و جیاوازی و ناعەدالەتیی تێداکەوتووە، من تێناگەم و نازانم بۆ ئەم لایەنەیان لەبەرچاو نەگرتووە، زۆرجار لەلێدوان و وتارەکانیاندا دەیبیستین ئاماژە بەئەزموونی «کوردستانی عێراق» دەکەن و بانگەشەدەکەن بۆ پیادەکردنی لەڕووی بەڕێوەبردنی حکومەت، هەرچەندە لەناو کوردستانیشدا ڕێژەیەك لەگەندەڵی بوونی هەیە، بەڵام بەلایەنی کەمەوە لەهەرێم دەسکەوت بەدەست

هاتوون و هەر کەسێك سەردانی «هەولێر» و «سلێمانی» و «دهۆك» بکات دەبینێت چی وەدەستهێنراوە و هەست بەجموجۆڵ دەکات لەڕووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ کۆمەڵگە و هەروەها لەگەڵ ئەنجامدانی چاکسازییەکانیش لەلایەن حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێم، هەربۆیە خۆی لەخۆیدا بەڕای من گرنگە سەیری ئەزموونەکەی کوردستان بکەین لەگەڵ ئەزموونی هەندێك لەوڵاتەکان کە وەکو «عێراق» بەبارودۆخی سەخت تێپەڕیون لەڕووی مێژووییەوە و کە لەقۆناغی گواستنەوەدان و لەکارکردندان بۆ بونیادنانی دامەزراوەکان و بونیادنانی دیموکراسییەتێکی کارا لەپێناو خزمەتگەیاندن بە هاووڵاتیان، نموونەی زۆر هەیە کە دەتوانن پیادەی بکەن و پشتی پێ ببەستن لەڕووی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی پەرەپێدان و جەختکردنەوە لەسەر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی ژێرخانەکان و لەهەندێك مەسەلەی پێوەندار بەپێداویستییەکانی هاووڵاتیان و بودجەی گشتیی «عێراق» — نەك تەنیا بۆ ئەمساڵ، بەڵکو بۆ هەموو ساڵەکانی دیکە — کە بودجەی یەکجار فراوان و زۆر بوو و پێی دەگوترا بودجەی «تەقینەوە و دەسپێك» و کە هەمووان پشتیان پێی ئەستوور بوو بارودۆخەکان بەرەو باشتر بەرێت، بەڵام زۆر بەداخەوە شەقام و هاووڵاتیی عێراقی دەبینێت هەموو ساڵێك دەرفەتێکە بۆ دەوڵەمەندبوونی هەندێك لەکەسایەتییەکان لەسەر حسابی هاووڵاتی، بۆیە بەڕای من ئەم مەسەلەیە پێویستیی بەئیرادەی سیاسی هەیە بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، هەروەها هەبوونی ئیرادەی سیاسی پێویستە بۆ گەیشتن بەڕێککەوتن و گونجاندن لەنێوان لایەن و قەوارە سیاسییەکان، پێویستە خەڵکی شیاو و لێهاتوو و شارەزا کاندید بکەن بۆ حکومەت و وەزارەتەکان کە بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ کاروبارەکانی وەزارەتەکان بکەن.

**ناکۆکییەکان پەیوەستە بەهەوڵی لایەنەکان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات لەسەر حسابی لایەنەکانی بەرامبەر. هەربۆیە کە دێنە سەر باسی دەستوور و پابەند بوون بەدەستوور. سیاسەتوانەکان ئەو بڕگانە لەدەستوور وەردەگرن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان دەگونجێت**

**قەوارە سیاسییەکانی ئێمە کێشەیان هەیە لەتێگەیشتنی ڕاستەقینە بۆ «هاوبەشی» لەبەڕێوەبردنی حکومەتی عێراق و هەروەها تێگەیشتنی جیاواز لەنێو هێزە سیاسییەکاندا هەیە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی هاوبەش**



## دکتۆر عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح

### پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی کۆماری میسر لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵان:

# پرۆژەم بۆ میسرییەکان ئەوەیە دانەبڕێین لە ئەمەریکا و بەرانبەر ئیسرائیلیش نەجەنگێین

## پێویستە سەرلەنوێ پێوەندییەکانمان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ڕێک بخەینەوە

**دکتۆر عەبدولمونعیم عەبدولفتوح یەکێکە لە پاڵێوراوەکانی کە بۆ سەرۆکایەتی کۆماری میسر بەرنامەی داناوە، پیشەی پزیشکە و یەکێکە لە ئەندامانی پێشووی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیخوان موسلمین، ساڵانێکی دوورو درێژ ئەمینداری گشتی یەکێتی پزیشکانی عارەبی بووە، لیژنەکانی فریاگوزاریی ئیسلامی دامەزراندووە کە لە ناوچەکانی قەیران و کارەساتە سروشتیەکاندا کاری کردووە.**
**وێڕای کرانەوەو لێبوردەیی کە هەر لە سەرەتاوە ئەبولفتوحی پێ ناسراوەو وای کردووە کە پێوەندییەکانی بە هەموو ڕەمزو توێژەکانی میسرەوە دانەبڕێت، چاودێران لە ڕێی وتاردانەکەی پاش خۆپاڵاوتنیەوە بۆ سەرۆکایەتی وەرچەرخانێك بەدی دەکەن لە سەرکردەیەکی سنووورداری ئیخوانییەوە بۆ زەعیمێك کە خۆی بۆ هەموو بیرو ئاڕاستەکانی میسر نمایش دەکات، لەمیانەی ئەم دیمانە ڕاستەوخۆیەمان لەگەڵیدا وا دیارە ئەبولفتوح مکوڕو سوورە لەسەر بردنەوەی هەڵبژاردنەکە. ئەمەی خوارەوە دەقی دیمانەکەیە.**

**سازدانی دیمانە: ئەسما حوسێنی- قاهیرە**

**گوڵان:** ساڵێك بەسەر شۆڕشەکەدا تێپەڕیوە، لەو ساتانەی رابورد تۆ چۆن ئەوانە هەڵدەسەنگێنیت کە بەرهەمت هانیون و ئەوانەشی کەتێیدا شکستخواردوو بوویت، ئایا بە ڕای تۆ ئەمڕۆ میسر لە مەترسیدایە؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ململانێ لەسەر ئیرادەو ویستەکان تا ئەم چرکەساتەش بەردەوامە، بە تایبەت لە لایەن دوژمنانی شۆڕشەکەوە، کە بریتین لە پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو، ئەوانەیان کە سوودمەندبوون لێی یان لە پاڵیدا گەندەڵخۆربوون، بەشێکیان لە ڕێکخراوەکانی بەڵتەجەن، کە بەدەست ڕژێمی پێشووەوە ئامرازێکی چەوسێنەرەوە بوون، تا ئێستاش پاشماوەکانی ئەو ڕژێمە وەك داردەستێك بەکار دەهێنرێن، بەڵام ئەوەی سەلمێنراوە ئەوەیە کە ویستی میللیانەی شۆڕش دواجار سەردەکەوێت و شۆڕشیش بەردەوامە بەو شێوەیەی گەلی میسر دەیویست و ناشوەستێت تا هەموو ئامانجەکانی وەدینەیەت.

**گوڵان:** وەك ئەوانی تر سڵ ناکەیتەوە لەوەی شۆڕشەکە لەبارببرێت یان بڕفێندرێت؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ئەمە روونادات، گەلی میسر بێدەنگ نابێت، بەڵگەشم بۆی کاتێك دەسەڵات بەدەستانی ئێستا دواکەوتن لەوەی سەرانی ڕژێمی پێشوو بەرنە بەردەم دادگا، گەلی میسر بە تووڕەیی هاتەوە سەر شەقام تا بیانخەنە بەر دەمی دادگا، کاتێك لە وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی دواکەوتن دیسانەوە ڕژانەوە سەرشەقام بۆ دانانی وادەی دیاریکراوی هەڵبژاردن.

**گوڵان:** بەڵام لە ناو گەل دابەشبوون دروست بووە، هەندێك لە پاڵ سوپادایەو هەندێکیش لەگەڵ شۆڕشدایە، ئەوانەی گەیشتنە پەرلەمان و ئەوانەی لە دەرەوەیدان؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ناوی لێ نانێم دابەشبوون، هەموو گەل لەگەڵ سوپادایە، گەل و سوپا وەك شۆڕشەکە ڕایگەیاندووە یەك دەست و مەچەکن، ئەدای خراپ و خاووخلیچکی

ئەنجوومەنی سەربازی مانای وا نییە گەل لەوان دابڕابێت یان بە پێچەوانەوە، گەلی میسر قبوڵی دابەشکردن ناکات چونکە نە ململانێی ئیتنی نە ئاینی نە تایەفەگەری بوونی نییە لە میسردا هەموویان یەکپارچەن و ناکۆکی لەسەر بیرو ڕای جیاواز بەروبوومی سروشتەو لە حاڵەتی ئازادی دەربڕین و دیموکراتیەتدا بوونی ئاساییە.

**گوڵان:** ئەی کەی ئەم ململانێیەی ئیرادەو ویستەکان بە کۆتا دێت؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ئەو کاتەی کۆماری دووەم دادەمەزرێت و سەرۆك هەڵدەبژێردرێت و دەستوور دادەنرێتەوە، ئەو کات سەرەتای کۆتایی ململانێی ویستەکان دەستپێدەکات، ئەو کاتە دەسەڵاتێکی جێبەجێکار دادەمەزرێت و سەرۆکی دەوڵەت دیاری دەکرێت و ئامرازەکانی دەوڵەت پەرتوبڵاو نابنەوە.

**گوڵان:** وتت هەڵەکانی ئەنجومەنی سەربازی، بەلای چ ئیرادەو ویستێکدا داکشاوەتەوە؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** لە ڕاستیدا ویستی زۆر پاڵنەرین، من لەوانە نیم کە گومان بخەمە سەر ئەنجومەنەکە یان بەخیانەتکاری تۆمەتباریان بکەم بەڵام بە کەمتەرخەم و خاووخلیچك و خراپی لە جێبەجێ کردندا ناوزەدم کردون، نەمخستونەتە بەرەی دژە شۆڕشەوە و بە تەکفیرو تەخوین تۆمەتباریان ناکەم، گەر هەڵەیان هەبێت نابێت بەهۆیەوە بخرێنە قاڵبی کافران و خیانەتکارانەوە.

**گوڵان:** هەندێك پێیان وایە کە سەرکردەکانی دەزگای سەربازی لە کۆسووڕی موبارەکین، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت گەر بچیتە سەر کورسی دەسەڵات؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ئەو سەرکردانە هەرکاتێك ڕۆڵی سیاسییان تەواو بێت دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆڵگێڕانی سەربازییانەی خۆیان وەك ئەفسەرانێك لە سوپادا ئەو ڕۆڵەیان سەرکەوتووە، ئەگینا کارەسات دەقەومێت گەر ڕۆڵیان لە پرۆسەی سیاسیدا پێ بدرێت، ئێمە خۆمان ڕامانسپاردون بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، ئەوانیش بە دەنگ داواکاریمانەوە هاتن، بەڵام بە توانای خۆیان هێندەیان دەزانی کە کردیان، جارێ کات گونجاو نییە تا داوایان لێ بکەین واز بێنن، دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی خۆیان دەڕۆن.

**گوڵان:** قسە لەسەر دەرچوونێکی ئاشتیانەی ئەنجومەنی سەربازی دەکرێت، قسەی تریش هەیە لەسەر دەسەڵاتپێدانی زیاتری سوپا بۆ قۆناغی داهاتوو، چۆن دەڕوانیتە ئەمە؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** سوپا نابێت دەسەڵاتەکانی بگۆڕدرێت هەروەك چۆن لە دەستووری پێشیدا بۆی

**کارەسات دەقەومێت گەر سەرکردە سەربازییەکان ڕۆڵیان لە پرۆسەی سیاسیدا پێ بدرێت**

**گەلی میسر قبوڵی دابەشکردن ناکات چونکە نە ململانێی ئیتنی نە ئاینی نە تایەفەگەری بوونی نییە لە میسردا هەموویان یەکپارچەن**

دیاریکراوە کە تەنیا ڕۆڵی سوپا پارێزگاری کردنە لە سنوورەکانی وڵات و ئەوەش جێی شانازییە بۆ سوپا، بەڵام مەسەلەی دوورکەوتنەوەی ئاشتیانە یان دادگایی کردن بۆ هەر جەمسەرێك کە ئێستا لە دەسەڵاتدایە چ بۆ حکومەتی شەرەف یان جەنزووری یان ئەنجومەنی سەربازی، من لەگەڵ زاراوەی دوورکەوتنەوەی دادپەروەرانەم، ئەوەی هەڵەی کردووە موحاسەبە بکرێت.

**گوڵان:** ئێستا وادەی هەڵبژاردن نزیك دەبێتەوە چۆن دەڕوانیتە لیستی زەمەنی و میکانیزمەکانی کە ڕاگەیاندراوە، تۆ ڕەزامەندی لێی یان بەربەست هەن لەبەردەم پاڵێوراوان؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** لە ماوەی ٦٠ ساڵێکدا ئەمە یەکەمین هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد دەبێت، من لەوەدا هۆشیاریم پێداون کە نابێت پلان لە دژی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی داڕێژرێت، میسر سەقامگیر نابێت تا گەل ڕاستەوخۆ سەرۆکەکەی هەڵنەبژێرێت، ئەوانەی دەیانەوێت گەمە بکەن بەم هەڵبژاردنەی سەرۆکایەتی ناسەقامگیریان بۆ میسر دەوێت..

**گوڵان:** ژێدەرو سەرچاوەکانت بۆ تەمویلی هەڵمەتی هەڵبژاردنت چین؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** تا ئێستا تەنیا پشت بەستوم بە لایەنگرانم و ناتوانم پارە سەرف بکەم لە بەرنامەو پلانی ریکلامی بەهێزدا، چونکە هێندە پارەم نییە.

**گوڵان:** قسە لەسەر دانانی سەرۆکێك دەکرێت بە تەوافوقی، تۆ وتت مەگەر تەرمەکەم بکەوێت ئەگینا لەم هەڵبژاردنەدا ناکشێمەوە، لەملاوەش پارەو ئەجیندای دەرەکی هەن، ئایا فشار یان هێزانێك هەن لە هەوڵی دامەزراندنی سەرۆکی داهاتووی میسردا لەکاردابن؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ئەوە ململانێی ئیرادەو ویستەکانە، بە پێی هەڵوێستەکان، مەترسیدارترین کاتی قۆناغی داهاتوو هەڵبژاردنی سەرۆکە، تێیدا ململانێیەکانی ویستە جیاوازەکان بەرجەستە دەبنەوە لە نێوان هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا، هەوڵی وەرسوڕاندەوە بە دەوری ئەم هەڵبژاردنەدا تا سەرۆکێکی تری وەك موبارەك بە پۆلیس بهێننەوە بۆ حوکمکردنی گەلی میسری، ئێمە بە توندی ڕووبەڕووی ئەمە دەبینەوەو تا دوا هەناسە ڕەتی دەکەینەوە، نەدەکشێینەوە نە دوودڵ دەبین لێی.

**گوڵان:** ترسی ئەوەت هەیە گەمە بە ئیرادەی گەلەوە بکرێت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا یان پلانێکی لە دژ دابڕێژرێت؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** پێویستە لەسەر گەلی میسر لە ڕووی هەموو پیلانگێڕییەکان بوەستێنەوە بە تایبەت ئەو پیلانانەی کە نیازمەندبن بە پشتەوەی هەڵبژاردنەوە بسوڕێنەوە، تەنیا سندوقەکانی هەڵبژاردن دەتوانێت سەرۆك بهێنێت نەك ڕێکەوتننامەو چرپە چرپی دانیشتنە داخراوەکان..

**گوڵان:** چۆن پارسەنگی وتارەکەت دەدەیتەوە لە نێوان ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی ناو ئیخوان موسلمین کە ڕێزی تۆیان لایەو ئەو جەماوەرە بەرینەش کە لە هەموو تەوژم و ئاراستەکانەوەیە چۆن ئەو هاوسەنگییەت پێ ڕادەگیرێت ئەمە زەحمەت نییە بۆ کارەکانت؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** پرۆژەکەم کە پرۆژەیەکی نیشتمانییە نەك شەخسی بۆ هەموو گەلی میسرە بە جیاوازی بیرو ڕایانەوە، لە دوای خواوە میسرییەکان پشت و پەنامن، بە تایبەتی وەچەکانی بزاڤە ئیسلامیەکان چ ئیخوانیەکان بن یان کەسانی تر، ئێمە دەمانەوێت ئەم نیشتمانە بونیاد بنێین، شۆڕش بۆیە هەڵگیرسا تا داهاتوو بونیاد بنرێتەوە، ڕووبەڕووی هەژاری و نەزانین و نەخۆشی بێتەوە بۆیە پێویستە هەموومان دەست لە ناو دەستی یەکتر بنێین.

**گوڵان:** جیاوازی هەیە لە نێوان هەردوو جەمسەردا؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** کامە دوو جەمسەر؟

**گوڵان:** نەوەکانی بزاڤە ئیسلامیەکان و نەوەکانی میسر؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** وای نابینم، نەوە دڵسۆزو ڕاستگۆ و نیشتمانپەروەرەکەی ناو بزاڤە ئیسلامیەکە لە هەر کوێ بووبێتن خزمەتکاری نیشتمانەکەیان بوون.

**گوڵان:** چۆن کار دەکەیت بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرۆکایەتی لە کاتێکدا هێشتا دەستوور دانەنراوەتەوە، دەسەڵاتەکانی سەرۆك ڕوون نین، حاڵەتێکی سیوولە هەیە لە پرۆسەی سیاسیدا؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** نە سیوولە و نە بۆشایی دەستووری بوونی هەیە، هەندێك وا دەڵێن کە بۆشایی دەستووری هەیەو چۆن سەرۆکێك بێ دەستور دەهێنن، کارو تایبەتمەندییەکانی سەرۆك چین وەك لە پەرلەماندا بە پێی دەستووری کاتی دیاریکراوە، سەرۆك لەسەر ئەو بناغەیە دانراوە، تا دەستورێکی نوێ دادەنرێت، لەگەڵ دانانی دەستوورەکەشدا دەسەڵاتەکانی سەرۆك و حکومەتیش ڕێك دەخرێتەوەو چاو دەخشێنرێتەوە بە هەموو شتەکاندا بەڵام سەرۆك بە پێی ئەم دەستوورە کاتییە دێت کە دەڵێت سیستمی میسری سیستمێکی سەرۆکایەتییە کەواتە سەرۆکە کە دەسەڵاتی پێبدرێت بۆ دروست کردنی حکومەت

**ترسم نییە لەبەرامبەر هیچ پاڵێوراوێك چونکە بەرژەوەندی شەخسیم نەختستۆتە پێشەوەو لەکەسیش سڵ ناکەمەوە**

تا دەستوورێکی نوێ دادەنرێت..

**گــوڵان:** چۆن مەســەلەی پارەبەخشــینی بیانی دەخوێنیتەوە، هەندێك دەڵێن دەستێوەردانی ئەمریکی بۆ کاروبــاری ناوخۆی میســر بەردەوامی هەیەو وڵاتەکە لەو ڕووەوە ئیختیراق کراوە؟

**د.عەبدولمونعیــم ئەبولفەتوح:** حوســنی موبارەك کلیلەکانی نیشــتمانی دابوو بە ئەمریکیەکان، ئێمە کار بۆ وەرگرتنەوەی ئەو کلیلانە دەکەین تا بدرێتەوە بە خاوەنی خــۆی کە گەلی میســرین یەکێك لە ئامانجەکانمان چاوخشانەوەیە بە پێوەندییەکانی نێوان میسرو ئەمریکا بەشێوەیەك ڕێکبخرێتەوە بەرژەوەندی هاوبەشی گەلانی هەردوولای تێدا پارێزراو بێت، نەك لەسەر حیسابی گەلی میســری بەرژەوەندییەکانی ئەمەریــکا ســەربخرێت، بنەماکانــی پێوەندییــە نێودەوڵەتیــەکان چۆنن ئاوها پێوەنیــد نێودەوڵەتی میسرو ئەوانی تر ڕێکبخرێتەوە دیارە کە پێوەنییەکان کۆمەڵــەی خێرخــوازی نین تــا وڵات بەوانی تر ببەخشــین و ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکان دیار نەبن، حوســنی موبارەك تواناکانی میســری بەوانی تر فرۆشــتووە بێ ئەوەی نرخەکەی بۆ گەلی میسری بگەڕێتەوە تەنیا لە پێناوی مانەوەی خۆی بەســەر

**دۆزینــەوەی چارەسەر بۆ هەموو گرفتەکانی ئێستاو پێشووی میسر دروستکردنی سیستمێکی سیاسی هەڵبژێردراوە تا کار لەسەر سەقامگیربوونی دەوڵەت و سەرخستنی نیشتمان بکات**

کورســیەکەوە ئەمەی کردووە، بۆیە ئەو سەرۆکەی کە هەڵدەبژێردرێت پێویستە بەو پێوەندییانەدا بچێتەوە کە میســر لەگەڵ دنیادا هەیەتی، خۆمان لەکەس دانەبڕێنین، میســر لەوە گەورەترە ترسی هەبێت لە پێوەندی بەستن بە دەوڵەتانێکەوە، مەرج ئەوەیە لەهەر پێوەندییەکدا بەرژەوەندی و ســەربەخۆیی نیشتمانی بپارێزرێت.

**گوڵان:** چۆن ئەو وتەزایە دەنرخێنیت کە دەڵێت «هەر سەرۆکێکی میسری پێویستە شانسی ڕەزامەندبوونی ئەمەریکاو ئیسرائیلی بەر بکەوێت»؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ئەم وتەزایە لە بەرانبەر ڕژێمێك دەوترا کە خۆی تەخت کربوو بۆ ئەمریکاو ئیســرائیل، ســوکانی وڵاتەکەی دابووە دەستیان، لە جێی خۆی بێ پرســی ئــەوان نەدەجووڵایەوە، بەڵام ئەگەر سیستمێکی سیاسی لە لایەن گەلەوە ئازادانــە هەڵبژێردرابێــت و بووبێتــە خزمەتکار بەرگریــکاری بەرژەوەندییەکانی گەل ئەم وتەزایە هیچ شرۆڤەیەکی بۆ نامێنێتەوە.

**گوڵان:** ئەگەر بە پێوەندییەکانمان لەگەڵ ئیسرائیلدا بچینەوە کە خۆتان لە بەرانبەر ڕێکەوتننامەی کامب دیڤید هەڵوێستان هەبووە بەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە زاڵمانە بووە، چۆن چاوی پیا دەخشێننەوە لەم کاتەدا کە میسر کێشەی ناوخۆیی زۆری هەیە،؟

**د.عەبدولمونعیــم ئەبولفەتــوح:** زیاتــر خــۆم بە بونیادنانــی داهاتــوو ســەرقاڵ دەکــەم نەك بە ڕابردووەوە، ئەوەش فەرامۆش ناکەم بەڵام جیاوازی هەیــە لە نێــوان ئــەوەی هەمــوو تواناکانت بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو سەرف بکەیت یان بە دیوی بونیادنانی داهاتوو ئاڕاســتەی بکەیت، چاوخشانەوە بە هەر پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بە پێی بەندەکانی پەیماننامەکە کۆمەڵێك مەســەلەی یاسایی دێنێتە پێشــەوە، ئایا لە پاش مانگێك یان ساڵێك یان ئێستا چاوبخشــێنینەوە بەمانەدا، ئەمە پێوەندیدارە بە ئاستی ڕێزگرتنی ئەوانی تر لە دەق و بەندەکانی ئەو پەیماننامەیەوە..

**گوڵان:** هەندێــك لە تەواوبوونی ماوەی ئاشــتی لەگەڵ ئیسرائیل دەترسن، نەوەك بکەوینە جەنگێکی تازەوە؟

**د.عەبدولمونعیــم ئەبولفەتــوح:** خۆم پێشــکەش دەکەم بۆ ســەرۆکایەتی نەك بــۆ جەنگان لەدژی هیــچ لایەنێــك، گەر تەعداشــمان لــێ بکرێت دەستەودامێن ناوەستین،هیچ پێوەنیدییەك نابینمەوە لە نێوان چاوخشــانەوە بە پەیماننامەیەك و لە نێوان ڕاگەیاندنی جەنگێکدا.

**گوڵان:** کشانەوی ڕۆڵی دەرەکیانەی میسر یەکێك بوو لە هۆکارەکانی شۆڕشی ٢٥ی یەناییر؟

**د.عەبدولمونعیــم ئەبولفەتوح:** ئەمــە پێوەندی بە کەرامەتەوەیە کێشەی ڕووباری نیل کە شادەماری ژیانە لە میسر ون نەکرێت پێوەندیمان بەو وڵاتانەی کــە نیلی لێوە ســەرچاوە دەگرێت تێــك نەچێت، ئەوەی پێشــتر میســری حوکم دەکــرد ئاگاداری بەرژەوەندییەکانی میسر نەبوو، بەرنامەی ڕووباری نیل لــە بەرنامەمدایەو بە ئەمنی نەتەوەیی دەزانم، ئاوەدانکردنەوەی ســینا ئەمنی نەتەوەییە، پارێزگا ســنوورییەکان و بایەخی پەرەپێدان و دامەزراندنی پرۆژەی گەورە ئەمنی نەتەوەییە، صەعید ئەمنی نەتەوەییــە هەروەها توێژینەوەی زانســتی بابەتی ئەمنی نەتەوەییە چونکە ڕێنیسانســێکە بۆ میسر، کەواتــە ئەمنی نەتەوەیی تەنیــا پارێزگاری کردن نییە لەســنوورەکان لــە ڕێی ســەربازییەوە، ئەمە بەشــێکی کارەکەیە، چەمکی ئەمنی قەومی لەوە بەرفراوانترەو گشتگیرتریشە..

**گوڵان:** پێوەندییە عەرەبیەکانیش گرفتی گەورەی تێکەوتووە چ پێش یان لە پاش شۆڕشەکەوە؟

**گەلی میسر چەکی سپی ناداتە دەست کەس تا بە کەیفی خۆی بڕیاری چارەنووسازی لەسەر بڕیکاتەوەو لە دیمەنی سیاسی دووری بخاتەوە وەك چۆن بە درێژایی ٦٠ ساڵێك ئەمە کراوە**

**ئەنجومەنی سەربازی میسر وەك چۆن بە هەڵبژاردنی دەزگای پەرلەمان، ڕۆڵی یاساییان تەواو بووە، هاوکات دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەتیش، ڕۆڵ بینینی جێبەجێکاریشیان تەواو دەبێت**

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** کەس تەسەوری ئەوە ناکات کە میســر بە بێ برایانــی خۆی دوور لە وڵاتانی عارەبی بژی، عارەبیش هەروا بێ میســر ناژین، گرنگە سەرلەنوێ پێوەندییەکانی عارەبیمان ڕێکبخەینــەوە لە ڕووی ئابــووری و کەلتووریی و مێژوویی و ئەمنییەوە.

**گوڵان:** ئەی پێوەندییەکانتان لە بەرانبەر ئێران چۆن ڕێکدەخەنەوە؟

**د.عەبدولمونعیــم ئەبولفەتــوح:** دوودڵ نیم لە هەر پێوەندییەکی نێودەوڵەتــی چونکە ئەوە پێوەندییەکە لەسەر پرۆسەی بەرژەوەندی هاوبەشە و کۆمەڵەی هەرەوەزی خێرخوازیی نییە بۆ کەس، دوا قسەش بۆ بەرژەوەندی میسر دەبێت بکرێت نەك بۆ حیساباتی سیاسی و شەخسی.

**گوڵان:** چۆن لە پەرەسەندنەکانی دیمەنی سووریایی دەڕوانیت؟

**د.عەبدولمونعیــم ئەبولفەتوح:** ڕژێمێکی خوێنڕێژە، ســڵ لە کوشتنی گەلی سیڤیلی سووریا ناکاتەوە، پێویســتە باربــکات و بــڕوات، پێویســتە بڕیارە لاوازەکانی کۆمکاری عارەبی ئەکتیڤ بکرێنەوە.

**گوڵان:** چوار دۆسیەی بە مینرێژکراو لەبەردەمتایە، ئاســایش و ئابووری و خوێندن و پاکتاوکردن، چۆن مامەڵەیان لە تەکدا دەکەیت؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** هەردوو مەســەلەی ئاســایش و پاکتاوکردن لە پێشــترن ئێمە ناتوانین هەنگاو بهاوێژین بۆ دروستکردنی ئابووری و خوێندن و فێربوون و تەندروستی میسری تا ئەو دوو گرفتە چارەســەر نەکەین، دوای ئەوە گرفت لەبەردەمیان نامێنێتەوە، میســر کەتوانی سەرلەنوێ سوپاکەی لــە دوای ١٩٦٧ دامەزرێنێتەوە بە شــەش مانگ کارگێڕی و ڕێکخستنەکانی داڕێژێتەوە دەسەوەسان نابێت لە بەرانبەر چــارە دۆزینەوە بۆ گرفتەکانی ئەو بۆشــاییە ئەمنیەی ئێستا هەیەو دروستکراوە، لە ٣ تا٦ مانگی تر بەم شێوەیە نامێنێتەوە، ئەمنی ناوخۆ دەچێتەوە باری ئاســاییەوە، پاکتاوکردن بە زەرورەتێك دەزانم بــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، ناتوانین ڕێنیسانس بکەین لە کاتێکدا بەلوعەکانی گەندەڵی کرابێتنەوەو بەردرابێتنەو.

**گوڵان:** ئەی بارودۆخی ناهەمواری ئابووری چۆن چارەسەر دەکەن؟

**د.عەبدولمونعیــم ئەبولفەتــوح:** میســر ولاتێکی دەوڵەمەنــدە گەر بێت و بە ڕێك وپێکی ســامانی

ببرێت بەڕێوە، گەر بەلوعەکانی گەندەڵیمان گرتەوە، تۆ لەو بڕوایەداییت کە راوێژکارانی حکومی ساڵانە١٨ ملیار جنێیان دەسکەوتە، خراپی بەرێوەبردن ساڵانە ڕێژەی گەیشتۆتە ١٧٠ ملیار جنێ ئەگەر بەرێوەبردن ڕێك بخرێتەوە ٥٠ ملیار جنێمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ئێستا دەچێتە لای دەوڵەمەندەکان، بۆیە پێویستە پەیکەربەندی سیستمی باج بە شێوەیەك دارێژینەوە تا ببێتە سامانێکی نیشتمانی، وێڕای ئەوەی بە گەڕانەوەی سەقامگیری وەبەرهێنان دەگەڕێتەوە بۆ میسر، چ وەبەرهێنانی نیشتمانی، یان بیانی تا رووبەرووی بێکاری پێ ببینەوەو بودجەیەکی وا دابین بکەین هەستانەوەی ئابووری وەدیبێنێت، گەر بە تەنیا تەماشای پرۆژەی نۆکەندی سوێس بکەینەوە، یان ئەگەر سیناو ئاودێرییەکەی بۆ کشتوکاڵ وەگەڕ بخەینەوە سەدان هەزار دۆنم زەویمان دێتە بەردەست، بیابانی خۆرئاوا ٤ ملیۆن دۆنمی بۆ کشتوکاڵ و زەوی بەراو تێدایە، مەسەلەکە ئەوەیە چۆن چۆنی بخەینە گەڕ، چۆن دەروازەکان بە ڕووی جووتیارانی میسریدا بکەینەوە تا ئەو زەوییانە ببنە موڵکی ئەوەی دەیچێنێت تا سەقامگیری و بەردەوامێتی مسۆگەر بکەین و پابەند بین بە خولی کشتوکاڵی و بەرنامەکانیەوە کە دەوڵەت دایدەنێت تا هاووڵاتی بەروبووم بچێنێت و بە پاڵپشتی بووژانەوی کشتوکاڵیی داهاتوویەکی گەش بونیاد بنرێتەوە..

**گوڵان:** ئەی خوێندن و تەندروستی؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ئەمانە بەشێکی گرنگی ترن کە لە بەرنامەمدایەو بە مافێکی دەزانم کە پێویستە بە خۆڕایی پێشکەشی هاووڵاتیان بکرێت، بودجەی خوێندن٪٥ی بۆ تەرخانکراوەو تەندروستیش ڕێژەیەکی نزیك بەوە لە بودجەی گشتیدا پێویستە بۆ ٪٢٠ تا ٪٢٥ هەریەکەیان بەرزبکرێنەوە.

**گوڵان:** چۆن کاری ئەو ئیسلامیانەی کە گەیشتنە دەسەڵات لەمیسردا هەڵدەسەنگێنیت ئایا دەبنە مۆدێرێکی تاڵیبانی یان سودانی یا سعودیە یا ئێرانی یا تورکیایی؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ئیسلامیەکان لە میسر هیچ کام لەوانە نین، بەڵکو میسرین، نموونەی ئیسلامی لە میسر نموونەیەکی ساف میسرییە، بەچاوپۆشین لەوەی نوێنەرایەتی کێ دەکەن بەڕای من نوێنەرایەتی سەرجەم گەلی میسر دەکەن، لەناوەندیاندا ئیخوان و سەلەفیەکان وەك نموونەیەکی میسری هەن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئێمە ناکۆکین لەگەڵ ئەزموونی ئەوانی تردا بەڵکو سوود وەردەگرین لە ئەزموونی تورکیاو کۆریاو چین و هەر ئەزموونێکی تری جیهان، بەڵام لە چوارچێوەی مۆدێرێکی سەربەخۆدا.

**گوڵان:** چۆن ئەدای ئیسلامیەکان لە پەرلەماندا هەڵدەسەنگێنیت؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ئەداکەیان پێویستی بەچاوخشاندنەوەیە بەڵام لە کۆتاییدا ئەم پەرلەمانە وەکو گەلی میسر ئێمە هێناومانەو پێویستە پشتگیری بکەین و لە پاڵیدا ڕابوەستین و دەرفەتێکی بدەینێ، ئەوە دادپەروەری نییە لە ئێستاوە بکەوینە هەڵسەنگاندنیان، پێویستە ئامۆژگارییان بکەین بە ڕەخنەو پێشنیاز کەسیان نەخەینە دەرەوەی بازنەکانی ڕەخنەوە، ئەگەر ساتمەیەکیان کرد پێویستە بەئامۆژگارییەوە بەرچاویان ڕوون بکەینەوە، ئەمانیش وەك دەسەڵاتی جێبەجێکردن وەهان، کەس لەدوای شۆڕشەوە لەسەرووی ڕەخنەوە بوونی نییە، سەرۆکی دەوڵەت ئەگەر کەموکورتی لە شتێکدا بنوێنێت بەرپەرچی دەدرێتەوە، هەروەها پەرلەمان و هەر دەسەڵاتێکی تر لێپێچینەوەیان بەرامبەر دەکرێت گەربێتوو لە بەرژەوەندی میسردا کار نەکەن.

**گوڵان:** لەلایەن چەند گروپێکی ڕۆشنبیرانەوە چەند دەستاوێشێکی تەوافوقی پێشکەشکراوە بۆ دانانی سەرۆك و جێگرەکەی؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** هەر شتێك لەلایەن توێژێکی میللیەوە پێشکەش بکرێت پێویستە لە ڕووناکایداو بەڕوونی بخرێتەڕوو، هەموو لایەکیش پێی رازی بن، ئەگەر بێتوو تەوافوقیەت بەو مانایە بێت کە لایەنێکی نێودەسەڵاتی جێبەجێکردن دەست وەربدات لەمەسەلەیەکی گرنگەوە ئەمە بەتوندی ڕەت دەکرێتەوە.

**گوڵان:** ئێستا ترسێك هەیە لە ئیسلامیەکان کە بەدەسەڵاتەوە خۆیان بنووسێن و حزبێکی نیشتمانی تازە دابمەزرێنن؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ئەگەر میللەت هەر لایەنێکی ئیسلامی یان چەپ یا لیبرالی هەڵبژێرێت پێویستە ڕێز لە هەڵبژاردنەکەی بگرین ئیتر ئەمە چ کاریگەربوونێکە یا چ چڵەوگرتنە دەستێکە مادام بەهەڵبژاردن هەموو شتێك ساخ بووەوە هەرکەسێکیش حەزی لە کێبرکێ بێت پێویستە ئامرازەکانی دیموکراتیەت بۆ ئەو گەمەیە بەکاربهێنێت بۆئەوەی هەوڵبدات بگاتە ئەو پایەیەی کە دەتوانێت گۆڕانی تێدا بکات نەك بەهات و هاوارو سکاڵا دنیا بووروژێنێت.

**گوڵان:** ئایا چ بەرژەوەندییەك لەوەدایە بەتەنیا لایەنێك لەژێر سایەی قورسایی ئەرکی نیشتمانیدا حوکم بکات؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** میسر بە پراکتیکی پێویستی بەکاراکردنی دەوڵەتی یاسایە، نەك تەنیا بەنووسین لەسەر لیستە یاساییەکانی دەوڵەتیدا، وەك چۆن ڕژێمی پێشوو ئەوەی ئەنجام دەدا، پێویستە ڕژێمێکی سیاسی و مەدەنی بەهێز بونیات بنرێت، هەموومان هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی میسر ببێتە دەوڵەتێکی یاسا، دادوەرییەکی سەربەخۆی جیا لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پاڵپشتی بێت، هەروەها

**مەترسیدارترین کاتی قۆناغی داهاتوو هەڵبژاردنی سەرۆکە، تێیدا ململانێیەکانی ویستە جیاوازەکان لە نێوان هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا بەرجەستە دەبنەوە**

لە سەروو دەزگای سەرۆکایەتی بۆ دابنرێت، هەروەها دادوەرییەکی مافخوازی وای هەبێت کە مافەکان بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانی، ئازادییەکان و دیموکراتی هاوبەشایەتی تیدا قووڵبێتەوە، لەپێناوی بونیاتنانی نیشتمانیدا بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی نیشتمانی وا سەربگرێت پێویستە هەموو تەوژمە فیکریی و هێزە سیاسیەکان لەدەوری یەکتر کۆببنەوەو وەچەیەکی وا دروست بکەن، لەسەروو هەر فروفێڵی یاساییەوە فێرکرابن کە خزمەتی هاووڵاتی و نیشتمان بکەن.

**گوڵان:** تا ئێستا نیگەرانییەك هەیە سەبارەت بەبارودۆخی ئافرەت و ئەقباتەکان و ئازادییە گشتیەکان و ئازادی داهێنان و هونەر، ئایا چۆن تەماشای ئەم ئازادییانە دەکەیت؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** نە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و نە دەسەڵاتی یاسادانان بە هیچ شێوەیەك بۆیان نییە دەست وەربدەن لە ئازادییەکانی تاك و هی خەڵکی بە گشتی، چونکە لە کۆتاییدا ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی ئایینیانەی موسڵمان و مەسیحیدا دەژین و کەس چاوەڕێی ئەوە ناکات

**یەکێك لە ئامانجەکانمان چاوخشانەوەیە بە پێوەندییەکانی نێوان میسرو ئەمریکا بەشێوەیەك ڕێکبخرێتەوە بەرژەوەندی هاوبەشی گەلانی هەردوولای تێدا پارێزراو بێت**

تا کەسانێك بێن و فێری داب و ڕەوشتی ئایینیمان بکەن و بەخەڵك بڵێن چی ڕاستەو چی هەڵەیە.

**گوڵان:** ئەو وروژان جووڵانەوەی کە لە ناو میسردا پێی هەڵسای چ بەرهەمێکی بۆت هەبوو، هەندێك دەڵێن تۆ لەسەرکردەیەکی ئیخوانەکانەوە بازت دا بۆ ئەوەی ببێتە زەعیمێك کە هەموو توێژەکانی گەلی میسر دەدوێنێت؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** بەڵکو من بۆ خزمەتکاری نیشتمان گۆڕدرام، دوای ئەوەی خزمەتی توێژێکی دیاریکراوم دەکرد، ئێستا من بەم خزمەتە نیشتمانیەوە دڵشادم کە بۆ هەموو خەڵکی میسرە.

**گوڵان:** گەیشتنت بەم گۆڕانکارییە زەحمەت نەبووە؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** نەخێر زەحمەت نەبوو.

**گوڵان:** چی پاڵێوراوێك لەبەرامبەرتدا هاوسەنگە یان سڵی لێدەکەیتەوە، چی دەکەیت ئەگەر بەخت یاوەرت نەبێت لە هەڵبژاردندا؟

**د.عەبدولمونعیم ئەبولفەتوح:** ترسم نییە لەبەرامبەر هیچ پاڵێوراوێك چونکە بەرژەوەندی شەخسیم نەخستۆتە پێشەوەو لەکەسیش سڵ ناکەمەوە، خزمەتی نیشتمانەکەم دەکەم ئەگەر بەسەرکەوتنم بێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یا بەدەرنەچوونم.

### لەیلا نەجواتی چالاکوانی سوریا بۆ گوڵان:

# گوشاری بەهێز بۆ سەر ڕژێمی ئەسەد ئەوەیە وڵاتانی جیهان باڵیۆزانی ئەو وڵاتە ڕەوانەی سوریا بکەنەوە

لەیلا نەجواتی یەکێکە لە چالاکوانەکانی سوریاو ئێستا لە ئیسپانیا دادەنیشێت، پرۆفیسۆرە لە هۆیەکانی گەیاندنی دیجیتاڵ و هەروەها یەکێکە لەو چالاکوانانەی کە ڕۆڵێکی دیاری لە گەیاندنی نەهامەتیەکانی بارودۆخی ئێستای سوریا هەیە بەدەرەوە، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای سوریا و ئەو نەهامەتیانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی گەلی سوریا دەبنەوە، خاتوو لەیلا پێی وایە کە کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی توندتر بەرامبەر سوریا بگیرێتە بەر، بە تایبەتی داوای ئەوە دەکات کە کاتی ئەوە هاتووە، وڵاتانی ڕۆژئاوا باڵیۆزەکانی سوریا لەوڵاتەکانیان دەربکەن، لەبەر ئەوەی ئەو باڵیۆزانە نوێنەرایەتی رژێمێك دەکەن کە گەلەکەی خۆی دەکوژێت، بۆ زیاتر هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم پرسەو هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی دیکەی کێشەی ئەمڕۆی سوریا ئەم وتووێژەمان لەگەڵ لەیلا نەجواتی سازکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:



*** دوای ئـــەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانـــی بڕیارێك لـــە دژی ڕژێمەکەی ئەسەد دەربکات، هەموو چاودێران پێشبینی دەکـــەن کە ئەمەریـــکا و یەکێتی ئەورووپاو جامیعەی عەرەبـــی و تورکیا لە دەرەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار بدەن، بەڵام تاوەکو ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگا نادات کردەوەی ســـەربازی لە دژی سوریا ئەنجام بدرێت، کەواتە چۆن دەتوانرێت سنوورێك بۆ کارەکانی ڕژێمی سوریا دابنرێت، ئایا ئێوە وەك چالاکوان چیتان کردووە؟**

- بـــۆ چەندیـــن مانگە ئەو ســـورییانەی لـــە دەرەوەی وڵات دەژیـــن، بـــۆ نموونە من لە ئیســـپانیا دەژیم، فشـــار لەســـەر حکومەتەکانمان دروســـت دەکەین بۆ ئەوەی هەڵبســـتن بە دەرکردنی باڵیۆزەکانی سوریا لەم وڵاتانە، ئێستا ئێمە ئەوە بەدی دەکەین

> **پێویستە وڵاتانی ئەوروپاو وڵاتانی دیکەی جیهان هەڵبستن بە دەرکردنی باڵیۆزەکانی سوریا لە وڵاتەکانیان. لەبەر ئەوەی ئەم باڵیۆزانەی سوریا لەوڵاتان. باسك و ئامرازی حکومەتێکن کە خەڵکەکەی خۆی لە وڵاتەکەدا دەکوژێت**

کە وڵاتانـــی ئەوروپا باڵێۆزەکانی خۆیان لە سوریا دەکشێننەوە، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی بەهێز نییە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی بـــە خێرایی بەرەو ئاڵۆزبـــوون دەچێت و بە لەبەرچاوگرتنـــی نیگەرانیـــە ئەمنیەکان کـــە ڕووبەڕوی خەڵکـــی وڵاتەکە بۆتەوە. ئـــەوەی ئێمە بـــە هەنگاوێکـــی بەهێزی دادەنێین و ئـــەوەی ئێمە داوای دەکەین کە دەبێتەهۆی گۆشەگیرکردنی ڕژێمی سوریا و ئـــەوەی چالاکوانـــەکان داوای دەکەن.. ئەوەیە وڵاتانـــی ئەورووپاو وڵاتانی دیکەی جیهان هەڵبســـتن بە دەرکردنی باڵیۆزەکانی ســـوریا لە وڵاتەکانیان، لەبـــەر ئەوەی ئەم باڵیۆزانـــەی ســـوریا لەوڵاتان، باســـك و ئامرازی حکومەتێکن کە خەڵکەکەی خۆی لە وڵاتەکەدا دەکوژێت، ئەم باڵیۆزانە فشار دەخەنەسەر هاووڵاتیانی سوریا لەم وڵاتانە، هەڕەشـــەیان لێدەکـــەن و خێزانەکانیان ئازار دەدەن تەنیا لەبەر ئەوەی خۆپیشاندان دەکەن لـــە وڵاتەکەی خۆیانـــدا. کەواتە چۆن ئەم وڵاتە دیموکراتیانە ڕێگە بەم باڵیۆزانە دەدەن کە نوێنەرایەتـــی وڵاتەکانیان ناکەن، بەڵکو تەنیـــا نوێنەرایەتی ئەم ڕژێمە ناشـــەرعیە دەکەن، چۆن ڕێگەیان پێدەدەن لێرە بمێننەوەو ئەم باڵیۆزانە دەپارێزن. ئەمە ئەو هەنگاوەیە کە ئێمە داوای دەکەین و هێشتا نەمانتوانیوە ئیجماعێك دروســـت بکەین لە ناو وڵاتانی ئەورووپادا بۆ ئەوەی ســـەرجەم باڵیۆزەکانی سوریا لە وڵاتەکانیان دەربکەن.

*** بۆچوونێـــك هەیە کە چیتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی ناتوانێـــت مامەڵـــە لەگەڵ حکومەتی ســـوریا بکات، لەبـــەر ئەوەی حکومەتی ســـووری هیچ شـــەرعیەتێکی نەمـــاوە، کەواتـــە ئەگەر ئـــەم حکومەتە شـــەرعیەتی نەمابێت، بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە خێرایی ئەم هەنگاوە هەڵناگرن ئایا ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد ئاسانتر نییە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد هەموو وڵاتێك نیگەرانە لەوەی بەدیلی دوای ئەسەد چی دەبێت، ئەمە بە تەنیا بەسەر سوریادا جێبەجێ نابێت، بەڵکو بۆ تەواوی ناوچەکە ڕاســـتە. ئاسان نییە لە دوای ڕژێمێکی سەرکوتکار دۆخێك دروســـت بکەیت کـــە کۆمەڵگەی مەدەنی بوونـــی هەبێت و دامـــەزراوەکان کاری خۆیـــان بکەن و هاووڵاتیان بپارێزرێن بێ ئەوەی کودەتایەکی دیکە ڕوودات یان دووبارە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگیرێتەوە، ئەمە کارێکی زەحمەتە و کاتی دەوێت. پێم وایـــە وڵاتان لەسەرتاســـەری جیهاندا لەوە دەترســـن بەدیلی دوای ئەم حکومەتە چییە و چۆن مامەڵـــەی لەگەڵدا بکەن. ئەگەر بەدیلێکـــی ڕوون هەبوایە ئـــەوا وڵاتانێکی زیاتر بە پەرۆشـــێکی زیاترەوە پشـــتیوانیان دەکردو گفتوگۆیان لەگەڵ دەکرد. پێم وایە ئاسان نییە داوای بەدیلێکی ڕوون بکرێت لەم دۆخی ناکۆکییەدا. بەڵام باوەڕم وایە چیتر حکومەتی سووری توانای بەردەوامبوونی مابێت بە چاوپۆشـــین لەوەی بەدیلی ڕوون لە ئارادا دەبێت یان نا.

*** ئێستا باس لە هاوکاریکردنی موعارەزەی سووری دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕژێمی سوریا بڕوخێنێت، بەڵام بە پێی لێکدانەوەی شـــارەزایان ڕژێمی سوریا زۆر لەوە بەهێزترە کە بتوانرێت بەهۆی موعارەزەوە بڕوخێنرێت، بە چەشـــنی ڕژێمەکەی ســـەددام حوسێن کـــە موعـــارەزە نەیدەتوانـــی بیڕوخێنێت، پرســـیارەکە ئەوەیە لە کاتێکـــدا موعارەزە توانـــای ئەنجامدانـــی ئـــەم کارەی نییە، بۆچی ڕۆژئاوا ڕێگە بـــە بەردەوامبوونی ئەم خوێنڕێژیە دەدات؟**

- پێم وایـــە بەرژەوەندیی جیۆســـتراتیژی هەیـــە لـــەم مەســـەلەیەدا، چونکـــە هەموولایەك دەیانەوێت بزانن دەســـتکەوت و بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە رووخانی رژیمی ئەســـەد چی دەبێت، ئەمە بە چاوپۆشـــین لەوەی بەدیلەکە کێ دەبێت. لەبەر ئەوە نابێت ساویلکە بین، چونکە هەمیشە بەرژەوەندی هەیە لەم مەســـەلەیەدا، واتـــە بەرژەوەندی هەیە لە پێوەندیدا بە پشـــتیوانیکردنی یان پشـــتیوانی نەکردنی ئـــەم لایەن یاخود ئەو لایەنـــەوە. لە ڕاســـتیدا دژواری هەیە لەم مەسەلەیەداو ئێمەش لەو دژواریە تێدەگەین،

> **ئەلتەرناتیف هەرچییەك بێت ئەم ڕژێمەی سووریا بەردەوام نابێت. تەنانەت ئەگەر بەدیلیش نەبێت ئەوا ئەم رژێمە هەر بەردەوام نابێت. لەبەر ئەوەی تاکە کاردانەوەی لە بەرانبەر هاووڵاتیانی بریتیە لە توندوتیژی**

لەبەر ئەوەی هێشتا دڵنیانین لەوەی بەدیلی دوای ڕژێمەکـــە چییـــە و هـــەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا هەوڵەکانی ڕوخاندنـــی ڕژێمەکـــەی ئەســـەد هەوڵی شـــەرمنانە بوونە، واتە هێشـــتا بەدیلەکە دیار نییە و زۆر زەحمەتە دوای دەیان ساڵ بتوانین بە ڕوونی گوزارشـــت لە بەدیلەکە بکەیت. ئێمە دەزانین ئەمە حاڵی ئەمەریکا بوو لە کێشـــەی عێراقدا، دوای دەیان ساڵ لە ســـەپاندنی توندوتیژی و سەرکوتکاری کـــە هاووڵاتیان هەســـتیان نەدەکرد لەلایەن حکومەتـــەوە پارێـــزراون، زۆر زەحمەتـــە کە بتوانیـــن لە ماوەی چەنـــد مانگێکدا بەدیلێکی ڕاســـتەقینە بۆ رژێمی ئێستای ئەســـەد بخەینەڕوو. من پێم وایە بەدیلەکە هەرچییەك بێت ئەم ڕژێمە بەردەوام نابێت، واتە تەنانەت ئەگەر بەدیلیش نەبێت ئەوا

ئەم رژێمە بەردەوام نابێت لەبەر ئەوەی تاکە کاردانەوەی بریتیە لە توندوتیژی. واتە دوای ساڵێك تەنها وەڵامدانەوەیان بۆ هاولاتیان بەکارهێنانی توندوتیژی بووە، ئەمەش مەرگی ڕژێمەکەیە و ئەمەش خۆکوشتنی ڕژێمەکەیە، لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە جگە لە توندوتیژی هیچ وەڵامێکی دیکەی هەبێت وپێم وایە رژیم نائومێدانە ڕەفتار دەکات و سەرەنجام فشارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان سەرکەوتوو دەبن، ئیتر باجی ئەو سەرکەوتنە چەندیش گران بێت.

*** بە پێی لێکدانەوەی شارەزایان هەڵوێست و تێڕوانینی ڕوسیا دوای هەڵبژاردنەکان گۆڕاوە و و ڕەنگە ڤلادمیر پۆتین پشتیوانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات، بەڵام ڕژێمەکەی سوریا بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەرکەوتنی پۆتین دەستکەوتە بۆ سوریا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەڵوێستی**

**باس لەوە دەکردا کە سوریا دژایەتی ئیسرائیل دەکات. بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع هیچ شەڕ و ناکۆکیەك لە ئارادانەبوو لەنێوان سوریا و ئیسرائیلداو تەنیا لە ڕووی خیتابەوە دژایەتی یەکتریان دەکردو ئەمەش خزمەتی بە ئەجێنداکانیان دەکرد**

**ڕوسیا چی دەبێت؟**

- من نائومێدبووم و هاوولاتیانی سوریاش لە هەڵویستی روسیا نائومێدبوون، خەڵکی سوریا درکیان بەوەکردوە ڕوسیا پشتیوانی خەڵکەکە ناکات، بەڵکو پشتیوانی رژێمە ناشەرعیەکە دەکات. خەڵکی سەر شەقامەکان ئەوە دەخەنەڕوو و هۆشیارن بە کاریگەری ڤیتۆکەی ڕوسیا و کاتێك لەو گرتە ڤیدیۆیە دەڕوانین کە دایکێك منالە کوژراوەکەی لە باوەشگرتووەو هاوار دەکات ڕوسیا تۆ ئەم کارە دەکەیت و ئەمە ڤیتۆکەی تۆیە و ڤیتۆکەی تۆ ئەمەی خولقاندووە، کەواتە ئەوان هۆشیارن بە کاریگەریە ڕاستەوخۆکانی کاردانەوە نێودەوڵەتیەکان، هۆشیارن بەوەی بەهۆی پشتیوانی ڕوسیاوە بۆ حکومەتی سوریا ئەم کوشتارە بەردەوامە. پێم سەیرە، بۆیە دەپرسم دەبێت دەستکەوتەکانی ڕوسیا چی بن لە پشتیوانیکردنی رژێمی سوریا؟

من دەزانم ڕوسیا چەکی پێ دەفرۆشێت و بەرژەوەندی ئابووری هەیە، بەڵام پێم وانییە ئەوانە بەس بن بۆ ئەوەی ببنە پاساوی ئەوەی ڕوسیا ئەوەندە سوور بێت لەسەر پشتیوانیکردنی حکومەتی سوریا، پێم وانییە مەسەلەکە تەنیا بەرژەوەندی ئابووری بێت، بەڵکو بەرژەوەندیەکە بریتیە لە هێزی جیۆستراتیجی وپێم وایە ئەمە ئەوە پیشان دەدات کە چۆن ڕوسیا دەیەوێت پەرە بە بەدیلێك بدات بۆ هێزە ئیمپریالیەکە، کەواتە مەسەلەکە پتر نمایشکردنی هێزە و دەسەڵاتی خۆیانە لە جیهاندا وەك دەسەڵاتێکی بەدیل، زیاتر لەوەی دەستکەوت و بەرژەوەندی ئابووری بێت. من نازانم تا چەند ڕوسیا ئەتوانێت بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی حکومەتی سوریا کاتێك هەموو شتەکانی دیکە لە دەست دەدات.

*** ڕاگەیاندنەکان ڕەوشی خراپی خەڵکی سوریاو بەردەوامبوونی کۆمەڵکوژی سوریا پەخش دەکەن، ئایا لە ڕوانگەی مرۆییەوە، نەك سیاسی چۆن بتوانرێت ئەم خەڵکانە بپارێزرێن و ناوچەیەکی ئارامیان بۆ دروست بکرێت؟**

- ئەوە کارێکی بوێرانەیە کە ئەوە پەخش دەکەن کە ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ ئەوەی ئەوە پیشان بدەن کە ڕوبدات، لەم ڕێیەشەوە پەیامێکی بەهێز دەنێرن و ئەوە ڕادەگەیەنن کە ئێمە لێرەین و ئەوان پەیامێك دەنێرن کە دەنگدانەوەی گەورەی هەیەو بە چەشنی ئەو نامەیەی لە ڕابردوودا دەخرایە بوتڵێکەوە و دەیاندایە دەم ئاوەکە بە ئومێدی ئەوەی کەسێك بیدۆزێتەوە و بیخوێنێتەوە، کەواتە ئەوان ئەو ڤیدیۆیانە دەنێرن بۆ ئەوەی ئێمە ئەوان لەبیر نەکەین، لە دۆخی ئێمەدا ئامانجەکە ئەوەیە فشار لەسەر حکومەتەکانمان بکەین تاوەکو باڵیۆزەکانی سوریا دەربکەن، هەروەها بۆ ئەوەی هاوکاری مرۆییان بۆ ڕەوانە بکەین، بە تایبەتی بۆ شاری حومس. ئێمە گوێیان لێدەگرین و پەیامەکەیان بڵاودەکەینەوەو کار دەکەین بۆ ئەوەی دەنگیان بیستراو بێت و ئەوەندەی پێمان دەکرێت لە ڕووی ئابوورییەوە یارمەتیان بدەین و بە دواداچوون بۆ داواکاری و ئەجێندەکانیان بکەین لەسەر ئەرزی واقیع.


*** لەپێوەندیدا بە سیاسەتی ئیقلیمیەوە ئەوا مانەوەی ڕژێمەکەی ئەسەد بە سەرکەوتن بۆ ئێران و بە شکست بۆ سعودیە دادەنرێت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك مانەوەی ئەسەد هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری ناوچەکە؟**

- من وای دەبینم رژێمی سوریا زۆر ژیرانە ڕەفتاری کردووە کە خۆی وەك پارێزەری هاوسەنگی ناساندووە، کە هاوسەنگی ناوچەکە دەپارێزێت. وای پیشانی داوە کە دژایەتی ئیسرائیل دەکات و ئێستاش دەرکەوتووە کە ئەوە ڕاست نییە، کە دەبینین ئیسرائیل نیگەرانە لە ڕووخانی ڕژێمەکەی سوریا، لەبەر ئەوەی دڵنیان هەر حکومەتێك لە ئەنجامی هەڵبژاردنی خەڵکەوە بێتەسەر دەسەڵات خۆشحاڵ نابێت بەو بارودۆخەی لە ئارادایە لەگەڵ ئیسرائیلدا، ڕاستە باس لەوە دەکردا کە سوریا دژایەتی و بەرهەڵستی ئیسرائیل دەکات، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع هیچ شەڕ و ناکۆکیەك لە ئارادانەبوو لە نێوان سوریا و ئیسرائیلدا و تەنیا لە ڕووی خیتابەوە دژایەتی یەکتریان دەکردو ئەمەش

**خەڵکی سووریا بە چەشنی ئەو نامەیەی لە ڕابردوودا دەخرایە بوتڵێکەوەو دەیاندایە دەم ئاوەکە بە ئومێدی ئەوەی کەسێك بیدۆزێتەو و بیخوێنێتەوە. بە گرتە ڤیدیۆیەکانیان پەیام بۆ مرۆڤایەتی دەنێرن تا ڕزگاریان بکەن**

خزمەتی بە ئەجێنداکانیان دەکرد. ئەمە بەسەر بوارەکانی دیکەشدا جێبەجێ دەبێت حکومەتی سوریا وەك ڕاگری هاوسەنگی خۆی نمایش دەکرد، بەڵام حکومەتێکی ناشەرعی کە پارێزگاری لە خەڵکەکەی خۆی ناکات و دەیانکوژێت، واتە حکومەتێك بایەخ بە خەڵکەکەی نەدات و ئەو کارانە بەسەر منالاندا بهێنێت و بەسەر مەدەنی و بێتاوانەکاندا بهێنێت، ئیتر بۆچی ئەو کارە لە دژی کەسانێك ناکەن کە بایەخیان پێنادەن، کەواتە ئەوان تەنیا گرنگی بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەدەن. لەبەر ئەوە باوەڕم بەوە نییە کە هیچ هاوسەنگیەك بپارێزن لە ناوچەکەداو ئەوان تەنیا خزمەت بەبەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەن و من باوەڕم وایە حکومەتێکی شەرعی کە لەلایەن خەڵکی سوریاوە هەڵبژێردرابێت باشترە بۆ سوریەکان و بۆ ناوچەکەش.

# عیراق و پڕۆژەی فریاکەوتنی ڕژێمی ئەسەد



فەرید ئەسەسەرد

حکومەتی سـەرەك وەزیرانی عیـراق نوری مالیکی پڕۆژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەی سوریا پێشکەش بـە وەزیرانـی دەرەوەی دەوڵەتە عەرەبییـەکان کردووەو بەنیازە هەمان پڕۆژە بخاتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش. لێپرساوانی عیراق نایشارنەوە کە ڕەوشی سوریا نیگەرانی کردوون. سیاسـەتی عیراق بەرامبەر بەسـوریا تائێستا بەپێچەوانەی مەرامەکانی ڕۆژئـاواو تورکیاو کەنداوە. ئەمەش شـتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەئامانجی سەرەکیی عیراق هێشتنەوەی ڕژێمی ئەسەدە.

لەعیراقدا مەسـەلەی سوریا تێکەڵ بەململانێی نێوان شیعەو سـوننە بووە. لەکاتێکدا کەشیعەکان وا دەڕواننە ڕوخانی ڕژێمی ئەسـەد کە لەگەڵ بەرژەوەندییاندا وێك نایەتەوە، سـوننەکان بەپێچەوانـەوە، پێیان وایە ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد دەرفەتێکە بۆ تەنگ هەڵچنین بەرکابەرە مەزهەبییەکانیان.

ڕۆژئاوا خەریکە بەرەو دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی کۆتایی هێنان بەرژێمی ئەسەد هەنگاوی هەڕاوتر هەڵدەنێ، دیارتریـن ئاماژە بۆ ئەم دیاردەیە، لێدوانە توندەکەی ئەم دواییەی سـەناتۆری ئەمریکی جۆن ماکینە کەداوای گورزی ئاسـمانی و چەکدارکردنی ئۆپۆزیسیۆنی تێدا کردووە. ساڵی ٢٠١١ ماکین یەکێ لەدیارترین لایەنگرانی گورزی ئاسمانی و دەستێوەردانی عەسکەری بوو لەدژی ڕژێمی موعەممەر قەزافی. ئەگەرچی قەیرانی سوریا لەوەی لیبیـا ناچێ بەڵام ئەمە بایەخـی لێدوانەکەی ماکین کەم ناکاتەوە. بەهەمان پێودانگ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا دێڤد کامیرۆن ڕایگەیاند کەمانەوەی ئەسـەد لەدەسـەڵات ((ئەگەری هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ زیاد دەکا)). لەم سەروبەندەشـدا باڵیۆزی بەریتانیا سایمۆن کۆلیس کەنزیکەی هەفتەیەکە دیمەشقی بەجێ هێشتووە، بە ڕۆژنامەی تایمزی ڕاگەیاند کە ئەسـەد ((ناتوانێ تا کۆتایی ئەمسـاڵ بمێنێ)). ئەمە بـەم واتایە دێ کەڕۆژئاوا لەئێستاوە وا خۆی ڕاهێناوە کەرژێمی ئەسەد وەك بەشێك لەرابردوو دابنێ.

لەهەلومەرجێکـی وادا عیـراق سـەرقاڵی دانانی پڕۆژەیەکـە بـۆ فریاکەوتنـی ڕژێمی ئەسـەد. دیارە پڕۆژەکەی عیراق دەرفەتێکـی گونجاو بۆ دۆزینەوەی چارەسـەرێکی ئاشتییانە دەڕەخسـێنێ بەڵام میتۆدی دەستپێشخەرییەکەو سروشـتی ڕژێمی حوکمڕانی سوریا دەرفەتەکـە زۆرتر وەك دەرفەتێکـی خەیاڵی دەهێڵنەوە. عیراق داوای پێکهێنانی حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی دەکا بەمەبەسـتی وتووێژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن. ئەمەش بەم مانایە دێ کەحکومەتە داواکراوەکە بەبێ ئۆپۆزیسیۆن پێکدێ و بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئەسـەد وەك سەرکۆمار لەدەسـەڵاتدا دەبێ. ئینجا داوا لەئەنجومەنی ئاسـایش دەکا بڕیارێك سـەبارەت بەقەدەغەکردنی دەستێوەردانی دەرەکـی دەر بکاو لەلایەکی تـرەوە داوا لەهەموو لایەنە نێودەوڵەتییەکان دەکا دەست لەچەکدارکردنی حکومەت و ئۆپۆزیسیون هەڵگرن. قازانجی پڕۆژەکە بۆ دیمەشق لەوە دایە کەئەو دەستکەوتەی بۆ دابین دەکا کە لەمێژە هەوڵی بۆ دەدا، ئەویش قەدەغەکردنی دەسـتێوەردانی دەرەکییە کەئەگەر ئەنجام بدرێ، بەدڵنیاییەوە، کۆتایی بەرژێمی ئەسەد دێنێ. هاوکات، داوای ڕاگرتنی ناردنی چەك بۆ حکومەت و ئۆپۆزیسـیون تەنها لەقازانجی حکومەتدایە چونکە سوپای سوریا بەو جبەخانەیەی هەیەتی، دەتوانێ تا پێنج ساڵ شەڕی ئۆپۆزیسیۆن بکا.

ڕەنگە یەکێ لەخاڵە گەشـەکانی پڕۆژەکەی عیراق، بانگەشەکردنە بۆ هەڵبژاردنێکی گشتی بەسەرپەرشتیی نەتـەوە یەککگرتووەکان، بەڵام کێشـە گەورەکە لەوە دایە کەتەنانەت ئەگەر ئۆپۆزیسـیۆنیش لەسوریا هەڵبژاردن بباتەوە، حکومەتێکی لەرزۆکی پێ پێك دەهێنرێ چونکە دامەزراوە سـەرەکییەکانی وەك سوپاو ئاسایش و پۆلیس و هەواڵگـری کەحزبی بەعس هەموی کۆنترۆڵ کردون، دەتوانن پابەندی هیچ بڕیارێکی ئەو حکومەتە نەبن.

عیـراق وا پاکانـە بـۆ پڕۆژەکـەی دەکا کەئەمە سوریا لەشـەڕی ناوخۆ ڕزگار دەکا. عەلی موسەوی، ڕاوێژکاری سـەرەك وەزیران، دەڵێ عیراق((پشـتیوانی لەوە دەکا کەگۆڕان بەشێوەیەکی ئاشتییانە لەسوریا بێتە دی)). بەڵام مەرج نییـەو پڕۆژەکەی عیراق گۆڕانی لێ بکەوێتـەوە، بەتایبەتی کەپڕۆژەکەی عیراق بەهیچ شـێوەیەك خۆی لەمەسەلەی دەسـت لەکارکێشانەوەی ئەسەد نەداوە، هەروەك هەنگاوە بەراییەکانی پڕۆژەکەش دەبنە هۆی نەهێشـتنی هەموو گوشـارەکانی سـەر ڕژێم، لەهەمان کاتدا هیچ شـتێك گەرەنتیی بەئەنجام گەیشتنی وتووێژی نێوان حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن ناکاو لەهەر وتووێژێکیشدا ئەو حکومەتەی کەپڕۆژەکە ناوی ناوە حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی، لەبەر ئەوەی کەتازە پێـك دەهێنرێ و لایەنە پێکهێنەرەکانی هیچ ئامرازێکی هێزیان بەدەستەوە نابێ، ناتوانێ خۆی لەفشاری توندی دامەزراوەی حزبی بەعس و سوپاو ئاسایش ڕاپسکێنێ.

بەشـێکی زۆری دوودڵیی بەسـتنی کۆنفرەنسـی ڕێکخراوی دەوڵەتانی عەرەب لەعیراق پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەژمارەیەك لەدەوڵەتە عەرەبییەکان دەترسن عیراق بەقازانجی سـوریا سـەرۆکایەتی کردنی کۆنفرەنسەکە بقۆزێتـەوە. یەکێ لەگرنگتریـن هۆکانی نزیکبونەوەی مالیکی لەسعودییە، هەوڵدانە بۆ دڵنیاکردنەوەی کەنداو لەوەی کەعیراق پابەند دەبێ بەتێڕوانینی کەنداو لەبارەی سوریاوە. عەدنان سەرراج، یەکێ لەسەرکردەکانی لیستی دەوڵەتی یاسـا، وتوویەتی ((چارەنووسـی ئەسەدمان بـەلاوە گرنگ نییە.. ناشـتوانین پشـتگیریی حزبی بەعسی سوریا بکەین)). لەبەرەنجامی کۆتاییدا، ئەوەی کەئەم مەسـەلەیە یەکلا دەکاتەوە، ڕادەی متمانە کردنە بەلێدوانەکانی عیراق لەم بارەیەوە.

لەعیراقدا مەسەلەی سوریا تێکەڵ بەململانێی نێوان شیعەو سوننە بووە. لەکاتێکدا کەشیعەکان وا دەڕواننە ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد کە لەگەڵ بەرژەوەندییاندا وێك نایەتەوە. سوننەکان بەپێچەوانەوە

# ماڵئاوا زاهیر ڕۆژبەیانی ئەی کادرو ئەدیب و ڕۆژنامەنووس

خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی یەکێکە لەو ناوە درەوشاوەو ئاشنایانەی نێوەندی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیری کوردی، کە وێڕای سەرقاڵبوونی زۆربەی کاتەکانی ژیانی بە کارکردنەوە لە ناو گۆڤارو هەفتەنامە کوردییەکانی وەك گۆڤارەکانی باوەگوڕگوڕ و نێرگزو کادیرو هاواری کەرکوك و گوڵان و ڕۆژنامەکانی برایەتی و خەبات کە تێیاندا بۆ ماوەی دیارو قۆناغی جیا جیا سەرنووسەریشیان بووە، هەمیشە موتابیعێکی بەردەوامی چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان بووەو سەبارەت بە زۆر مەسەلەی هەمەجۆری فکری وئەدەبییەوە بە تایبەتیش بەچیرۆکی کوردییەوە؛ بیرو بۆچوونی تایبەتیانەی خۆی هەبووە..
ئەم زاتە لەساڵی ١٩٥٠ لە شاری کەرکوك چاوی بە دنیا هەڵهێناوەو هەر لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە پێوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستانەوە کردووەو تا بەو شێوەیە هەر بە بوێری و لەبەر ئازایەتی خۆیەوە کە گۆشکراوی بیرو باوەڕی کوردایەتی بووە لە ساڵی ١٩٦٨ کە وەك گەنجێك هاندەری قوتابیانی خەباتگێڕ بووە تا خەباتی پڕ لە فیداکاری بکەن و ببنە مەشخەڵێك تا ڕێگە بۆ میللەت ڕووناك بکەنەوە بۆیە بە هەوڵ و توانای خۆی کراوەتە سەرۆکی لقی کەرکوکی ئەو ڕێکخراوە تێکۆشەرەی قوتابیان و دواتریش وەك ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێ کردن لە کۆنگرەی شەشەمی ڕێکخراوەکەدا هەڵبژێردراوە..
زاهیر ڕۆژبەیانی لە تافی لاوێتیدا لە پێناوی هەڵوێستی جوامێرانەو بەرەنگاربوونەوەدا زۆر جار تووشی گێچەڵ و چاودێریکردن و دوورخستنەوەو زیندانی بۆتەوەو هەرلە ساڵی ١٩٩١وە پێوەندی بە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردۆتەوەو لە چەندین دەزگاو ناوەندی ڕۆشنبیری ئەو مەکتەبەدا بە ماندوو بوون و بێداری و لەخۆبوردوانەوە ڕۆڵی ئەکتیڤانەو و کارای هەبووە تا لە ساڵی ١٩٩٧ کراوەتە سەرۆکی دەزگای ڕۆشنبیری کەرکوك و پێشتریش لە ساڵی ١٩٩١وە جێگری سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە تا ساڵی ٢٠١٠، هەروەها جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی کەلەپورو فۆلکلۆری کوردی بووە ئەمەش هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، خوالێخۆشبوو لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری ١٩٩١ یەکێك بووە لەو کادرانەی کە لە ڕۆژنامەی برایەتی جێگری سەرنووسەر بووەو لە ساڵی ١٩٩٦ تا ٢٠٠١ سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات بووە، ئەم زاتە هەر لە سەرەتای حەفتایەکانەوە چەندین لێکۆڵینەوەو وتاری ئەدەبی و ڕەخنەیی بڵاوکردۆتەوەو چەندین کۆڕو سمیناری لە بارەی زمان و چیرۆکی کوردی و بابەتی ئەدەبی ترەوە ڕێکخستووەو یەکێك بووە لەو کادرو ڕۆشنبیرانەی کە بە تواناو ماندووبوونی خۆی و بە زاڵبوونی ئیرادەی خۆیەوە، خۆی پێگەیاندوەو چالاکانە ڕۆڵی لەو کارانەدا گێڕاوە کە سەرۆکاری دەکردن، لە هەر کۆڕو کۆبوونەوەو جێگایەکیشدا کاری پێسپێردرابێت بە سەربەرزو دڵ گەورەو کەسایەتییەکی ڕەوشت بەرز ناسراوەتەوەو لە بوارەکانی ڕۆژنامەنووسی و کورتە چیرۆك و ڕۆمان و لێکۆڵینەوەو سەروتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی باڵادەست بووەو لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٤بۆ ماوەیەك سەرۆکایەتی ناوەندی ڕۆشنبیری دەزگای گوڵانی پێسپێردراوە کە ئەو کات هەرسێ گۆڤارو هەفتەنامەی گوڵان و ڕامان و گوڵانی عارەبی تێدا دەردەچوێنرا، کۆمەڵە وێنەیەکی گەشی یادەوەری بەڕێزیان کە جێی شانازین بۆ ئێمە، سەربەرزانە لە یادەوەریماندا بەجێ ماون، بۆیە ئێمە وەك کارمەندان و دەستەی کارگێڕی و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گوڵان بە لە دەستدانی کادرێکی دڵسۆزی وەك کاکە زاهیر نیگەران بووین و پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادەو خزم و کەسوکاری دەکەین و لە خودای دلۆڤان دەپاڕێینەوە جێگەی خوالێخۆشبوو بەهەشتی بەرین بێت..

